# ئاین و ناتوندوتیژی

**عومەر عەلی غەفوور**

ئەم كتێبە

پێشکەشە بە:

گیانی پاکی باوکم... دڵی فریشتانەی دایکم

# پێڕست


- فەلسەفەی توندوتیژی...
- سیاسەت و توندوتیژی...
- جەنگ و توندوتیژی...
- جەنگی نێر و ئاشتیی مێ...
- جەنگ و بێ ئیرادەکردنی تاک...
- رۆژهەڵات و توندوتیژی...
- میدیا و توندوتیژی...
- ئاین و توندوتیژی...
- گوتاری ئاینی و توندوتیژی...
- جیهاد و توندوتیژی...
- گۆڕینی مرۆڤ نەک ئاین...
- فتوای خۆکوژی...
- کورد و کردەی خۆکوژی...
- لە توندوتیژیەوە بۆ ناتوندوتیژی...
- دەماری فریشتانە...
- ئاین و ناتوندوتیژی...

# فەلسەفەی توندوتیژی

ئایا مرۆڤ بە سروشت شەڕخوازە یان خێرخواز؟ ئەسڵ لای مرۆڤ توندوتیژییە یان ناتوندوتیژی؟ ئایا خێر لە شەڕدا هەیە یان شەڕ لە خێردا هەیە؟ ئایا توندوتیژی هەمیشە شەڕە و ناتوندوتیژیش هەمیشە خێر؟ شەڕ چییە و خێر چییە، پێوەرەکانیان چین و کێ یاخود چی مەرجەعە بۆ دیاریکردنیان؟ ئاین و وردتر بڵێین ئاینی ئیسلام کە ئاینی بەشی هەرەزۆری گەلانی ئەم ناوچەیەیە لەو نێوەندەدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟ ئایا بەرهەمهێنەری توندوتیژییە یان ناتوندوتیژی؟! ئایا دەکرێ ئەو ڕۆڵە گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێ، یان نەخێر جێگرە و ناگۆڕێ؟

لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە زۆر لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا وتراوە و نووسراوە و قسەی کۆتایی و بنبڕیش لەو مشتومڕەدا نەکراوە، ڕەنگە قەتیش نەکرێ و ئەوە قەدەری مرۆڤ بێ لەم ژیانەدا. درێژەدان بە قسەکردن لەسەر بابەتی توندوتیژی ئەگەر لە ڕوویەکەوە دەرخەری هۆشیاری و ئیرادەی مرۆڤەکان بێ بۆ بنبڕ یان سنووردارکردنی توندوتیژی، لە ڕوویەکیترەوە نیشانەی ئەوەیە هێشتا توندوتیژی لە ژیان و کەلتوری ئێمەی مرۆڤدا دەنگی دلێرە و ڕەنگە ئەوەی گۆڕاوە زیاتر تەکنیك و شێوازی توندوتیژی و ناسنامەی قوربانیەکانی بێ، نەك گۆڕان لە جەوهەری کێشەدا، لانیکەم لەسەر ئاستی گشتیی جیهانی. واتە دەکرێ بوترێ لەو ڕووەوە مرۆڤی هاوچەرخ هەڵگری هەمان جەوهەری مرۆڤی سەدە بەراییەکانی مێژووە.

پێم وانیە سەلماندنی بوونی ڕەگوڕیشە و سیماکانی توندوتیژی لە مێشك و هەست و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان و کۆمەڵگەکەمان –و کۆمەڵگەکانیتریش بەپلەی جیاواز– کارێکی زەحمەت و پێویستی بە توێژینەوەی قووڵ هەبێ. هەر ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو جبەخانە زەبەلاحەی چەکی کۆکوژ و ئەو بودجە زەبەلاحەی سەرجەم وڵاتان بۆ بواری چەکسازی و خۆپڕچەککردن و هێزی سەربازی تەرخانی دەکەن، بەسە بۆ ئەوە تێبگەین مرۆڤایەتی هەموو ساتێك لەبەردەم مەترسیەکی دەستەویەخەی لەناوبەر و وێرانکەردایە. مەترسیەکە تەنها ئەو شەڕ و شۆڕە خوێناوییانە نین کە بوونەتە ڕۆتین لەم ناوچەیە، بەڵکو ئەو توندوتیژیانەیشن کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە، وەك ئەگەری پەنابردنی وڵاتانی زلهێز بۆ بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکان، کە ئەگەرچی ئەو ئەگەرە ئاستەمە بەڵام مەحاڵیش نیە بەتایبەت ئەگەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییان بکەوێتە مەترسی.

ئەوە بوو لە ٢٠٠٨ هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەدا، کە لەگەڵ باراك ئۆبامای سەرۆکی ئێستەی ئەمەریکا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی حزبەکەیان (حزبی دیموکراتی) بۆ بوونە کاندیدی حزب لە ڕکابەرییەکەدا، ڕاشکاوانە گوتی "ئەگەر ئێران هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ئەوا وڵاتەکەی بە بۆمبی ئەتۆمی تارانی پایتەختی ئێران لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە".

لە ئاداری ٢٠١٥یش ڤلادیمیر پوتینی سەرۆکی رووسیا ئاشکرای کرد، کە لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەی دورگەی قرم (کریمیا) لە ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠١٤، چەکە ئەتۆمیەکانی بۆ حاڵەتی بەکارهێنانی سەربازی خستۆتە ئامادەباشی.

سەرۆکی پێش ئەویش، واتە بۆریس یەڵستین (١٩٣١-٢٠٠٧)، کە لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٩١ تا ٣١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ سەرۆکی رووسیا بوو)، هەڵە نەبم لەکاتی بۆردومانی پەیمانی ناتۆ بوو بۆ صربیای هاوپەیمانی رووسیا کە خەڵکی کۆسۆڤۆی دەچەوساندەوە، راشکاوانە گوتی "پێویستە ئەوان بیریان نەچێ کە رووسیا دەوڵەتێکی ئەتۆمییە"، ئەمەیش هەڕەشەیەکی زمنییە.

لە ٢٠١٣ سەرۆکی کۆریای باکور (**کیم جۆنگ ئون**) هەڕەشەی لێدانی واشنتۆنی کرد بە چەکی ئەتۆمی.

نەك هەر ئەو سەرکردە و بەرپرسە سیاسییە غەربییە میکیافیللیانە، هەندێ زانا و بیرمەندی ئیسلامیش -لەوانە شێخ تەقیودین ئەلنەبهانی دامەزرێنەری حزبی تەحریر، هەروەها د.محەمەد خەیر هەیکەل[١]- سڵ ناکەنەوە لەوەی فتوا بدەن نەك هەر پێویستە موسڵمانان چەکی ئەتۆمییان هەبێ، کە دەشێ ئەمە لەڕووی لۆژیکی سیاسیەوە ئاسایی بێ، بگرە لەوە ترسناکتر ئەوەیە پێیان وایە "دروستە موسڵمانان لە جەنگدا دژی دوژمنانیان بەکاری بێنن با پێش ئەوەیش بێ کە دوژمن بەکاری بێنێ"[٢]، تەنانەت شێخ یوسف قەرزاوی کە رەخنە لەم بۆچوونەی سەرەوە دەگرێ و پێی وایە "لەگەڵ بنەما و بەهاکانی ئیسلام لە جەنگدا ناکۆکە" و پێی وایە بەکارهێنانی ئەو چەکە حەرامە، ئەویش دەگەڕێتەوە و دەڵێ: دەکرێ بۆ حاڵەتی زەرورەت بەکارهێنانی ئەو چەکە لە حاڵەتی بەرگریدا ئیستیسنا بکەین لەبەرئەوەی قاعیدەیەکی شەرعییە کە (الضرورات تبیح المحظورات)، زەرورەتەکەیش ئەوەیە لە جیهادی دەفعدا بێ نەك جیهادی تەڵەب[٣].

جا بێنە بەرچاوت هێزێکی دڕ و دڵڕەقی وەك داعش ئەو چەکەی بکەوێتە دەست و فتوایەکی لەو شێوەیەشی لەبەردەست بێ، ئایا هیچ گومانت هەیە لەوەی سڵ لە بەکارهێنانی بکاتەوە، وەك چۆن دەنگۆی ئەوە هەیە لە تۆپبارانێکی ناوەڕاستی ئابی ٢٠١٥ بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری مەخمور، چەکی کیمیاوی بەکارهێنابێ[٤].

---

[١] لە کتێبی: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية، ب٢ لا٣٤٧.

[٢] کتێبی: (الشخصية الإسلامية) شێخ تقي الدين النبهاني (١٦٨/٣).

[٣] لە توێژینەوەیەکی د.یوسف قەرزاوی بەناونیشانی: "أسلحة الدمار الشامل، حكم امتلاكها ، واستخدامها " وەرگیراوە، کە لە سایتی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان بڵاو کراوەتەوە، کە ئەویش لە کتێبی: (فقه الجهاد)ی قەرزاوی وەریگرتوە.

[٤] بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن داعشەوە لە شەڕەکانی بەرانبەر پێشمەگە هەم لەلایەن بەرپرسانی پێشمەرگە و هەم لەلایەن ئەمەریکی و ئەڵمانیەکانیشەوە چەندین جار راگەیەنراوە، کە بۆ یەکەم جار لە هاوینی ساڵی ٢٠١٥ بوو، کە لە ١٣-٨-٢٠١٥ هەندێ میدیای کوردستان لەسەر زاری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیایان گواستەوە کە رایگەیاندبێ داعش لە مەخمور چەکی کیمیاوی دژی پێشمەرگە بەکارهێناوە. شەوی ١٣/١٤-٨ سیروان بارزانی بەرپرسی میحوەری گوێڕ-مەخموریش لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی ئێن ئاڕ

واتە مادام ئەو چەکە هەیە و لە گەشە و تەشەنەکردن و دەستاودەستکردندایە، بەکارهێنانیشی مەحاڵ نیە، کە ئەگەر جەنگێکی جیهانی بەو چەکانە رووبدات، کۆمەڵگەی بەشەری یان ئاسەواری لەسەر زەوی دەسڕێتەوە، یان دەگەڕێتەوە چاخی بەردین.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ لەسەری بوەستین، زیاتر رەگوڕیشە فەلسەفی و وجودیەکانی توندوتیژین لە ناخی تاك و کۆهەستی خەڵك و مێژوو و کەلتووری گشتیی کۆمەڵگەدا، کە ئەمانە ژێرخان و پاڵنەر و زەمینەی سروشتیی بەرهەمهێنانی ئەو توندوتیژییە مەیدانیەن.

توندوتیژی تێکەڵ بە زمان و فۆلکلۆر و دابونەریت و هۆشیاری و کەلتووری گشتی کۆمەڵگەکان بووە بە کۆمەڵگەی کوردیی خۆشمانەوە و هەموو رەگی توندوتیژییان تێدایە. بڕوانە ئەم پەندە کوردییانە چۆن پڕن لە باسی شەق و دارکاری و کوشتن و ئەو شتانە: "شەق ئەزانێ قۆناغ لەکوێیە". "کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە". "پیاو پارەی زۆر بوو، ژن دێنێ یان پیاو ئەکوژێ". "شەرعی مار بە دار".

هەندێ گۆرانی فۆلکلۆری کوردی هەن شیعرەکانیان کە بەحساب غەزەل و خۆشەویستیشن، کەچی باسی کوشتن و گوشەوگوش سەربڕین و دەرمانخواردکردن و لەتوپەتکردن و نزای قڕتێخستنی ناحەزەکانی کاکی دڵدارن! !. ئیدی باسی ئەو شیعر و سروودە شۆڕشگێڕییانە ناکەین کە توندوتیژی وەك ئامرازێکی پیرۆز بەگوێی نەوەکاندا دەچرپێنن و هەست و رۆحیان پڕ دەکەن لە جۆش و خرۆش بۆ شەڕ و شۆڕ و کوشتن و تەفروتوناکردنی دوژمن، ئیتر گرنگ نیە ئەو لایەنە دەسەڵاتێکی زۆردار و ملهوڕە یان هێزێکی شۆڕشگێڕ، گرنگ ئەوەیە هەردوولا تەقدیس و مومارەسەی توندوتیژی دەکەن.

زۆر جار ژن ئەگەر ببینێ پیاوەکەی توندوتیژ نیە بەچاوی سوك سەیری دەکا و رێزی ناگرێ، پیاو هەیە تا ژنەکەی چەقەچڕۆتر بێ زیاتر حسابی بۆ دەکا لەوەی هێمن و بەهەموو شت شکور بێ. تەنانەت باوك و دایك ئەو منداڵەیان کە لاسار و شەڕەنگێز و سەر بەگێچەڵە زیاتر و زووتر حسابی بۆ ئەکەن، ئەوەیشیان هەژار و ساڵحە هەمیشە لەدوای دواوە حسابی بۆ ئەکرێ و بەشخوراوە.

لە قوتابخانە قوتابییان ئەوەندەی حساب بۆ مامۆستای توندوتیژ و رەق دەکەن و رێزی دەگرن، بۆ هی هێمن و نەرمی ناکەن. ئەوەم بەچاوی خۆم لە یەك دوو قوتابخانە کە بۆ ماوەیەك موحازەرەم تێدا وتنەوە دی.

خەڵك زیاتر رێزی حکومەتێك دەگرن کە داپڵۆسێنەر و توندوتیژ بێ، بەپێچەوانەوە فشەیان بە پۆلیسی حکومەتێکی راڕا و لەرزۆك دێ و تەشقەڵە بە بڕیار و پیاوەکانی ئەکەن. پیاو هەیە چەندین مانگ پرۆژەی شەقامی سەرەکیی شارێکی دەیان هەزار کەسی راگرتوە لەسەر ئەوەی رازی نەبووە خانووە تەجاوزەکەی بڕوخێنرێ و هەڕەشەی کردوە پیاوم دەوێ بێت و بیڕوخێنێ!. تەقەیشی لە ئاسایش و پۆلیس کردوە. بەڵام لە سەردەمی رژێمدا پۆلیسێکی عەرەبی رەشتاڵەی سادە دەیتوانی

---

تی گوتی: لەو تۆپانەی دوێنێ تەقاندویانە بە برینەکانی سەر لاشەی پێشمەرگەکان دیارە چەکی کیمیاوییان بەکارهێناوە و تیمی ئەڵمانی و ئەمەریکی نموونەیان بۆ پشکنین بردوە و جارێ وەڵامیان بۆ نەهاتۆتەوە.

گوێی ئەو کەسە و باوك و عەشرەتەکەیشی بگرێ و لە زیندان دایانبڕزێنێ. بۆ خەڵك زیاتر ڕێز لەو زۆرداره دەگرن نەك خۆماڵییە هەژارەکە؟!

## سیاسەت و توندوتیژی

سیاسەت ئەو مەیدانەیە بەدرێژایی مێژوو زۆرترین زەبر و زەنگ و توندوتیژی بەرانبەر مرۆڤ بەرهەم هێناوە. مێژووی مرۆڤایەتی بەشی هەرەزۆری بریتییە لە مێژووی شەڕە خوێناویەکانی ئیمپراتۆر و پاشا و خەلیفە و سوڵتان و سەرکردە و میرەکان بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان و لەو پێناوەدا مرۆڤ وەك پوش و پەڵاش کراوەتە سوتەمەنی خۆشکردنی ئەو ئاگرە. هاوکات شۆڕشەکانی رزگاریخوازیش بەهەمان میکانیزمی زەبر و زەنگ و داپڵۆسین ڕووبەڕووی داگیرکەر و پاشا و دەسەڵاتە ستەمکارەکانیان بوونەتەوە و هەمان مێژووی خوێناوییان بەرهەم هێناوە. ئەو شەڕ و شۆڕانە ناوی سەدان پیاویان وەك قارەمانی جەنگ و شۆڕش و گەل تۆمار کردوە، کە ئەوانە پاڵنەرەکانیان رەوا بووبێ یان ناڕەوا، ستەمکار بووبن یان ستەمدیدە، بەدیوێکدا پیاوکوژ و خوێنرێژی گەورەیش بوون.

بڕوانە ئەوەی لایەنێکی شەڕەکە بە قارەمانی دادەنێ بەلای بەرانبەرەکەیەوە جەللادە و بەپێچەوانەیشەوە. خالیدی کوڕی وەلید و عەمری کوڕی عاس و قەعقاعی کوڕی عەمر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باقیی سەرکردەکانی سوپای فەتحی ئیسلامی بەلای موسڵمانانەوە سەرکردە و رابەری مەزنن و ژیاننامەیان لە فێرگەکانیاندا دەخوێنرێ، بەڵام بەلای نەیارانیانی کۆن و نوێیانەوە پیاوکوژی گەورە بوون. جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیمورلەنگ بەلای مەغۆلەکانەوە قارەمانی نەتەوە و مێژوویین و بەلای نەیارانیشیانەوە خوێنمژانی گەورەی مێژوون.

واوەتر وەرە، هیتلەر و مۆسۆلینی و ستالین بەلای هەوادارانیانەوە پیاوی مەزنی مێژوو و جێی شانازین، بەلای نەیارانیشیانەوە پەڵەی شەرمەزارین بەنێوچاوانی مرۆڤایەتیەوە. سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچی سەرۆکی پێشووی سربیا و رادۆڤان کارازێچی سەرۆکی سربەکانی بۆسنە کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا موسڵمانانی بۆسنەیان قڕ کرد بەلای نەتەوەپەرستە سربییەکانەوە قارەمانی نەتەوەیین، بەڵام لەلایەن موسڵمانان و زۆر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە تاوانباری جەنگن. سەدام حسێنی سەرۆکی پێشووی رژێمی بەعس لە عێراق و دارودەستەکەی لە نموونەی عەلی کیمیاوی و سوڵتان هاشم بەلای بەعسیەکان و رەنگە بەشێکی بەرچاوی عەرەبی سوننەوە قارەمانی نەتەوەی عەرەبن، بەڵام بەلای کورد و شیعە و بەشێکی بەرچاوی گەلی عێراق و خەڵکانی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەوە دیکتاتۆر و خوێنمژن.

بەلای هەوادارانی قاعیدە و هاومەشرەبەکانیەوە ئوسامە بن لادنی سەرۆکی پێشووی قاعیدە و باقیی سەرکردەکانی ئەو گرووپانە لە نموونەی ئەبوموسعەب زەرقاوی و ئەبوعومەری بەغدادی ئەبوئەیوبی

میسری و ئەبوبەکری بەغدادی و باقیی سەرکردە و شەڕکەرە خۆکوژەکانیان، گەورە موجاهید و ڕابەری ڕاستەقینەی ئوممەت و فریشتەی بەهەشتی خوان، بەلای نەیار و دوژمنانیشیانەوە تیرۆریستی مێشك شۆراوە و تینوو بەخوێنن. کەسێکی وەك مامەڕیشە لای کورد قارەمانە بەڵام لای بەعس یاخی و تێکدەر و تیرۆریست بوو.
واتە جەنگاوەرە ئازاکان، چ دەستدرێژکار بن یان بەرگریکار، پیاوکوژی پرۆفیشناڵن.

## جەنگ و توندوتیژی

جەنگ و توندوتیژی، کە زۆربەی جار دەرهاویشتەی ململانێ سیاسی و ئابووری و ئاینی و کەلتوریەکانە، هەردەم سەرچاوەی نەهامەتیی گەورە و نەبڕاوە بووە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و گەورەترین زەبری بە ژیان و ژینگە گەیاندووە، کەچی وێڕای ئەو سروشتە ترسناکەشی، مرۆڤ بەکردەوە مامەڵەی "ئاشق و ماشق" لەگەڵ جەنگ و توندوتیژیدا دەکا، وەك ئەوەی بەشێوەیەك ئەویندار و ئالودەی بێ بەبێ ئەو هەڵنەکا.
لە کوردەواریدا "ئاشق و ماشق" بە دوو ماری نێر و مێ دەوترێ کە هێندە ئاشقی یەکترن بەردەوام پێکەوەن و خۆیان لە یەکتر ئاڵاندووە. لەناو خەڵك وایاوە ئەگەر یەکێکیان بکوژیت، ئەویتریان هار دەبێ و تا تۆڵە لە بکوژەکە نەکاتەوە واز ناهێنێ.
کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش ئەگەرچی لە رووی تیۆری و ئەخلاقیەوە بەردەوام بێزاریی خۆی لە جەنگ و زەبر و زەنگ دەردەبڕێ و خۆی وا پیشان دەدا لە هەوڵی بنبڕکردنیدایە، بەڵام پێدەچێ لە قووڵایی خۆیدا هێندە ئاشق و ئالودەی جەنگ و زەبر و زەنگ بێ کە وا بەئاسانی نەتوانێ خۆی لەو ئەوینە ئەهریمەنیەی رزگار بکا، ئەوەتا لە سەدەی بیست و یەکەمدا و لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەسەر عەقڵ و هۆشی مرۆڤدا هاتووە، هێشتا لەگەڵ تێکگیرانی بەرژەوەندیەکاندا زوو بەزوو ئەو دۆستە دێرینەی بیر دەکەوێتەوە و پەنای بۆ دەباتەوە و مرۆڤی بۆ دەکاتە قوربانی، دیارە بە قەبارەی زۆر کارەساتبارانەتر لە رابردوو.
بڕوانە هەر لەم ماوە کورتە مێژووییەی ئەم چەند مانگ و ساڵەی رابردوو تەنها لەم ناوچەیەی ئێمەدا کە بەحسابی خۆی "بەهار"ی شۆڕشێکی ئازادیخوازیدا تێدەپەڕێ، بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە چەندە خوێن بەناهەق رژاوە و چ بەدبەختی وماڵوێرانیەك ساز کراوە.
* **لە میسر** هێزە ئەمنیەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی لایەنگرانی کۆمەڵی برایانی موسڵمان (ئیخوان موسلیمین)، لە ٢٠١٣/٨/١٤ خەمساردانە سەدان و رەنگە هەزاران خۆپیشاندەریان خەڵتانی خوێن کرد و تا ئێستایش دەرهاویشتەی ئەو رووداوانە کۆتایی نەهاتووە و قوربانی لێدەکەوێتەوە. ئەمساڵ (٢٠١٥) لە ساڵیادی شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١دا کە کۆتایی بە

دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەی حوسنی موبارەك هێنا و ئیخوانی لەڕێی هەڵبژاردنەوە گەیاندە دەسەڵات و شۆڕشەکە بە کودەتاکەی ژەنراڵ عەبدولفەتاح سیسی (سەرۆکی ئێستای میسر) —کە خۆیان ناوی دەنێن شۆڕشی دووەم— کۆتایی پێ هێنرا، پێکدادان لەنێوان لایەنگرانی ئیخوان و هێزە ئەمنیەکاندا روویدایەوە و ژمارەیەك کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.

دۆخی میسر تا دێ لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچێ بەتایبەت پاش بەیعەتدانی گرووپی (انصار بیت المقدس) لە سینا بە ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتەکەی داعش و پەرەسەندنی چالاکیەکانیان، لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و سوپا لە سینا و لە تەقاندنەوەی بۆمب و ئۆتۆمبێلی مینرێژ کراو لە قاهیرەی پایتەخت و تیرۆرکردنی گەورە بەرپرسانی دەوڵەت.

لە ٢٩-٦-٢١٥ داواکاری گشتیی میسر هیشام بەرەکات لە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکدا کە کەژاوەکەی کردە ئامانج تیرۆر کرا، رۆژی پاشتریش (واتە ٣٠-٦) دوو تەقینەوە لە قاهیرە روویاندا و بوونە هۆی کوژرانی ٣ کەس.

رۆژی دوای ئەوە (یەکی تەمموز) رۆژێکی خوێناوی بوو لە میسر داعش لە باکوری سینا بە ئۆتۆمبێلی مینرێژ و چەکی قورس هێرشی کردە سەر ١٥ خاڵی پشکنینی سوپا و پۆلیس و بەهۆیانەوە بەپێی هەواڵی میدیاکان، زیاتر لە ٦٠ سەرباز و پۆلیس کوژران. بەڵام فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی میسر لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند لەو هێرشانەدا ١٧ سەرباز کوژراو ١٣یش بریندار بوون، هەروەها لانیکەم ١٠٠ تیرۆریستیش کوژراون. سەرۆکوەزیرانی میسر رایگەیاند وڵاتەکەی لە حاڵەتی جەنگێکی راستەقینەدایە.

ئەمە جگە لە تێوەگلانی لە شەڕی داعش لە لیبیا پاش سەربڕینی ٢٢ هاوڵاتیی مەسیحیی میسری لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە١٥-٢-٢٠١٥ لە کەناری دەریای ناوەڕاست، کە میسر بە زنجیرەیەك هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی داعش وەڵامی دایەوە. هەروەها لە شەڕی نێوان حوسیەکان و حکومەتی یەمەنی بەبەشداریکردنی لەو هاوپەیمانێتییە عەرەبیەی بەسەرکردایەتیی سعودیە پێکهات و لە ٢٦-٣-٢٠١٥ هێرشە ئاسمانیەکانی دژی حوسیەکان دەست پێکرد.

* **لە لیبیای** پاش موعەمەر قەزافی میلیشیا سەروەرە و هەر گرووپێك ناوچەیەکی بۆ خۆی پاوان کردوە و حکومەتێکی دەست و پێ سپی هەیە کە تەنانەت ناتوانێ ئەندامانی کابینەکەی و دیپلۆماتکارانی میوانی وڵاتەکەی بپارێزێ. شەوی ١٢-٩-٢٠١٠ وەك کاردانەوەیەك لەدژی پەخشکردنی فیلمێك لەسەر پێغەمبەری ئیسلام لە ئەمریکا، ژمارەیەك چەکدار هەڵیانکوتایە سەر کونسوڵخانەی ئەمریکا لە شاری بەنغازیی لیبیا و کریس سیفنز باڵوێزی ئەمریکا لەو وڵاتە و سێ فەرمانبەری کونسوڵخانەکەیان کوشت. لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ کۆمەڵێ چەکدار سەرۆکوەزیرانی وڵات عەلی زێدانیان رفاند و پاشتر بە دانوستان ئازادیان کرد.

پاش چوار ساڵ لە رووخانی رژێمی قەزافی هێشتا سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە. لەم رۆژانەدا (ئابی ٢٠١٥) سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرووەکان رایانگەیاند دۆخی لیبیا لە فەوزایەکی سەختدایە.

* **لە تونس** ئەگەرچی سەقامگیریەکی رێژەیی هەیە بەبەراورد بە میسر و سوریا و لیبیا و عێراق، بەڵام ناوبەناو رێکخستنەکانی گرووپە سەلەفییە توندڕەوەکان بەتایبەت داعش پەلاماری تیرۆریستی دژ بە گەشتیارانی بیانی ئەنجام دەدەن و ئارامی و سەقامگیریی وڵاتەکە دەهەژێنن.

ئەوە بوو لە ١٨-٣-٢٠١٥ چەند چەکدارێك هێرشیان کردە سەر مۆزەخانەی باردو لە تونسی پایەتەخت و دەیان خەڵکیان بە بارمتەگرت و لە ئەنجامدا ٢١ کەس کوژران کە ١٧یان گەشتیاری بیانین و زیاتر لە ٢٠ کەسیش بریندار بوون.

لە ٢٦-٦-٢٠١٥ - چەکدارێك دزەی کردە ناوچەیەکی گەشتیاری لە کەناری دەریا لە شاری سوسوی تونس و دەستڕێژی تەقەی لە گەشتیاران کرد و لەئەنجامدا ٣٧ کەس کوژران و ٣٩یتریش بریندار بوون، کە دەوترێ زۆربەی کوژراوەکان بەریتانی ئەڵمانی و و بەلجیکین.

وەزارەتی ناوخۆی تونس رایگەیاند بکوژە کوژراوەکە قوتابیەکی تونسییە بەناوی (سەیفەدین ئەلرزقی) و تەمەنی ٢٣ ساڵە. رۆژی دواتر حکومەت ٨٠ مزگەوتی بەتۆمەتی هاندانی توندوتیژی داخست. داعش بەرپرسیارێتیی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ. هەروەها بەشێوەیەکی کاتی باری نائاسایی لە وڵات راگەیاند.

هەر هەمان رۆژ بوو خۆکوژێکی بەڕەگەز سعودی لەناو حوسەینیەی ئیمام سادق لە کوێت لەکاتی نوێژی هەینیدا خۆی تەقاندەوە کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٥ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەسیتر و داعش بەرپرسیارێتی گرتە ئەستۆو رایگەیاند خۆکوژەکە ناوی (ئەبوسولەیمان ئەلموەحید)ە، کە دوو رۆژ پاشتر دەسەڵاتدارانی ئەمنیی کوێت پاش گرتنی شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلەی خۆکوژەکەی هێناوەتە مزگەوتەکە، ناسنامە و وێنەی خۆکوژەکەیان ئاشکرا کرد کە ناوی (فەهد سلیمان البقاع)ە کە گەنجێکی سعودیە و تەمەنی ٢٣ ساڵە و چەند سەعاتێکی کەم پێش رووداوەکە گەیشتۆتە کوەیت.

* **لە سوریای** بریندار و وێران لە راپەڕینەکەی ٢٠١١ەوە تائێستا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژراوە و وڵاتەکە پرزە پرزە و وێران بووە و بووەتە چەندین کانتۆنی دەسەڵات، لەوەیش خراپتر دۆخی سوریا رێکخراوێکی توندڕەو و دڕی وەك داعشی کردە غۆل و بەڵایەك بۆ گیانی گەلانی ناوچەکە.

* **لە یەمەن** کە پاش راپەڕینێکی جەماوەری و بە میانگیریی وڵاتانی کەنداو توانرا سەرۆکی پێشوو عەلی عەبدوڵا ساڵح کە بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ حوکمی ئەو وڵاتەی کردبوو، لە ساڵی ٢٠١٢ دەسەڵات دوور بخرێتەوە و جێگرەکەی واتە عەبد رەبە مەنسور هادی ببێتە سەرۆك، بەڵام ساڵح بەسوود وەرگرتن لەو پێگە بەهێزەی لەو ماوە دوور و درێژەدا لەناو سوپای یەمەنیدا پەیدای کردبوو و وەك پاشتر

دەرکەوت دیارە چەندین یەکەی بەخۆیەوە گرێ داوە، لەگەڵ حوسییە شیعەکان کە شەڕێکی درێژخایەنیان لەگەڵ دەوڵەت هەبوو، دەستی تێکەڵ کرد و سەرەنجام حوسیەکان، کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، توانیان لە ئەیلولی ٢٠١٤ سەنعای پایتەخت بگرن و پاشتر سەرۆکی وڵات (عەبد رەبە مەنسور هادی) ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە بکەن، کە پاشتر لە ٢٣-٢-٢٠١٥ توانی هەڵبێ بۆ شاری عەدەن لە باشوور و لە دەست لەکارکێشانەوەکەی پاشگەز بوویەوە، بەڵام حوسیەکان بەرەو باشوریش پێشڕەوییان کرد و توانییان لە ئاداری ٢٠١٥ شاری عەدەنیش وەدەری بنێن و بەناچاری پەنای بردە بەر سعودیە.

وڵاتانی کەنداویش بەسەرکردایەتیی عەرەبستانی سعودی کە هەستیان کرد ئەمە پرۆژەیەکی ئێرانییە بۆ قووتدانی یەمەن و دەورەدانی کەنداو، لە ٢٦-٣-٢٠١٥ پرۆسەیەکی سەربازییان بەناوی (عاصفە الحزم) -کە بەبەشداریی دە دەوڵەتی عەرەبی بوو لەوانە میسر و سودان و بە موبارەکەی تورکیایش- لەڕێی بوردۆمانی چڕی ئاسمانییەوە بۆ تێکشکاندنی حوسیەکان و هاوپەیمانەکانیان و گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتە رەسمیەکەی هادی دەست پێکرد، کە ئەگەرچی لە ٤/٢١ کۆتاهاتنی هەڵمەتەکە و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ بەناوی گێڕانەوەی ئومێد (اعادة الامل) راگەیەنرا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکە، بەڵام تا ئەم ساتەیش (ئابی ٢٠١٥) بۆردومانی ئاسمانی بەردەوامە و بەهۆی ئەو بۆرودمانانەوە بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٢٠٠٠ هاوڵاتی یەمەنی کوژراون[٥].

* لە تورکیا کە چەند ساڵێکە لەئەنجامی ئەو پرۆسەی چارەسەرەی حکومەتی تورکیا بەسەرۆکایەتیی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار راگەیەنراوە و زنجیرەیەك دیدار و کۆبوونەوە لەنێوان دەوڵەت و جەمسەرەکانی پەکەکە (عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی گیراوی پەکەکە لە دورگەی ئیمرالی لەلایەك و سەرکردایەتیی مەیدانیی پەکەکە لە قەندیل) + پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی کورد، کەشی ئاشتی باڵ بەسەر پەیوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا کێشابوو و ئومێد هەبوو بەیەکجاری کۆتایی بەو شەڕە بێ و کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، بەتایبەت پاش ئەوەی هەدەپە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا لە حوزەیرانی رابردوو توانی بەربەستی ١٠٪ ببڕێ و ١٣٪ی دەنگەکان کە ٨٠ کورسیی پەرلەمان دەکا بەدەست بێنێ.

بەڵام پاڵنەر و دەستی پشتەوەی هەرکێ بێ، تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەنێو گردبوونەوەیەکی چالاکوانانی کورد لە شارۆچکەی پرسوسی تورکیا لە ٢٠-٧-٢٠١٥ کە تێیدا زیاتر لە ٣٠ کەس کوژران و دەیانیتریش بریندار بوون، بەدوای ئەویشدا کوشتنی دوو پۆلیسی تورك لەلایەن پەکەکەوە

---

[٥] پاش پێنج مانگ بۆردومانی چڕی ئاسمانی و دوای ئەوەی سعودیە چەکی پێشکەوتووی دایە هێزەکانی سەر بە هادی، ئەو هێزانە توانییان لە تەمموزی ٢٠١٥دا شاری عەدەن بگرنەوە و پێشڕەوی بکەن بەرەو شارەکانیتر. تا ئەم ساتەیش (ئایاری ٢٠١٦) ئەو شەڕە لە یەمەن کۆتایی نەهاتووە.

دۆخەکەی قلْپ کردەوە و تورکیا لە ٢٤-٧-٢٠١٥ هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنێك دژی داعش لە سوریا، فرۆکەکانی تورکیا بارەگاکانی پەکەکەیان لە بناری قەندیل و لە کوردستانی تورکیا بەخەستی بۆردومان کرد و بەپێی هەواڵی میدیاکان ژمارەیەك چەکداری پەکەکە لەو هێرشانەدا کوژراون. پەکەکەیش دەستی بە چالاکیی سەربازی کردەوە و لە چەند پەلامارێکدا ژمارەیەك سەرباز و پۆلیسی تورکی کوشت.

سەرهەڵدانەوەی شەڕ جارێکیتر بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بووە مەینەتی و لە هێرشێکی فرۆکەکانی تورکیادا بۆ سەر گوندی زەرگەلی لە بەرەبەیانی رۆژی ١ی ئابی ٢٠١٥دا، دە کەس کوژران کە حەوتیان هاوڵاتی و ئەندامانی یەك خێزان بوون، ١١ کەسیش بریندار بوون.

* **لە عێراق** کە لە ٢٠٠٣وە بووەتە گۆرەپانی شەڕێکی خوێناوی و فەلەتانێکی ئەمنیی سەخت و سەدان هەزار هاوڵاتی کوژران و ملیۆنانیش ئاوارە بوون، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بەڵایەکیتریشی بۆ زیاد بوو، ئەویش سەرهەڵدان و پەلهاویشتنی رێکخراوی داعش بوو، کە لە سەرەتا لە فەلوجە و ئەنبارەوە دەستی پێکرد، تا لە حوزەیرانی ٢٠١٤ توانی لە چەند رۆژێکی کەمدا هەردوو پارێزگای نەینەوا و سەڵاحەدین و بەشێکی فراوان لە کەرکوك و دیالە بگرێت و لەو رێیەشدا کاری ئەوتۆ وەحشیانەی کرد کە مەگەر لە سەردەمی هۆلاکۆ و سەدام حوسێندا شتی وا کرابێ، کە جگە لە کوشتنی هەزاران کەس چ لە شەڕ چ بە دیلکراوی، هەزاران کچی کوردی یەزیدیشی وەك سەبایا برد و ئەتکی کردن. شەڕی داعش درێژەی کێشا و جگە لەوەی زیاتر لە ساڵێکە شاری موسڵ و بەشێك لە پارێزگای کەرکوك و سەڵاحەدین و ئەنباری لەژێر دەستدایە، لە ئایاری رابردوو (٢٠١٥) شاری رومادی سەنتەری پارێزگای ئەنباریشی کۆنترۆڵ کرد و حاڵی حازر سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و چەکدارانی هۆزە سوننەکان لە شەڕێکی قورسدان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی.

* **هەرچی هەرێمی کوردستانە** پاش برانەوەی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٨، لە دۆخێکی ئارام و سەقامگیردا دەژی و پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣ و نەمانی گەمارۆ ئابوورییە نێودەوڵەتیەکانی سەر عێراق، بەهۆی داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە بووژانەوەیەکی ئابووریی بەرچاویشی بەخۆوە دیوە و بووەتە مێرگێکی ئارام لە وڵاتێکی پڕ لە کوشت و کوشتار و شەڕ و شۆڕ و پەناگەی سەدان هەزار ئاوارەی عەرەبی عێراق کە لەتاو زەبر و زەنگی تائیفی و تەقینەوە و ناسەقامگیریی ئەمنی پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، هاوکات کەشوهەوایەکی لەبار بۆ ئازادیی بیرو ڕا و دەربڕین هاتۆتە ئارا و ململانێیەکی ئارام لەنێوان هێز و رەوتە جیاوازەکاندا هەیە و کەلتووری ناتوندوتیژی تا رادەیەکی باش لە کوردستاندا ریشەی داکوتا و خەریك بوو باسی چەك و شەڕ و شۆڕ دەبووە یادەوەریەکی مێژوویی.

بەڵام هاتنی داعش بۆ عێراق و پەلاماردانی کوردستانیش لە ئابی ٢٠١٥ کوردستانی جارێکیتر گێڕایەوە دۆخی شەڕ و چەکبازی و رەوتی کاروانی ناتوندوتیژی پاشەکشە پێکرد، یان لانیکەم لە

جێی خۆیدا سڕ کرد و لەجێی ئەو دەنگ و سەدای شەڕ و سرودەکانی خەبات و بەرخۆدان و کوشت و بڕ جێی گرتەوە.

لە دۆخێکی داسەپاوی وادا کە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نزیکەی ١٥٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە حەوت هەزاریش بریندار بوون، چارەنووسی دەیان پێشمەرگەیش نادیارە، ئاسان نیە بتوانیت جێگەیەك بۆ نەفەسی ناتوندوتیژی بکەیتەوە.

بەڵام لەوە ترسناکتر ئەو نەفەسە حزبییە تەسکبین و دەسەڵاتپەرستەیە کە بەسەر حزبە گەورە و دەسەڵاتدارەکاندا زاڵە و بەهیچ کلۆجێك ئامادە نین دەستبەرداری کورسیەکانیان بن و لەپێناو ئەوەدا ئامادەن جارێکیتر شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی بەرپا بکەنەوە. ئەو قەیرانەی بەهۆی تەواوبوونی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی لە ٢٠-٨-٢٠١٥ و رازینەبوونی هەر چوار لایەنی (گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) لەسەر درێژکردنەوەی ئەو ویلایەتە بەبێ رازیبوونی پارتی بە هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك و کردنی سیستمی هەرێم بەپەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان نەك لەلایەن خەڵکەوە و رەتکردنەوەی ئەو داوایانەیش لەلایەن پارتیەوە و سووربوونی لەسەر مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا ئەگەر نەگەیشتنە سازان، سەری هەڵداوە بۆنی شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی لێ دێ، جارێکیتر هەڕەشەی گەڕانەوە بۆ ئامێزی توندوتیژیمان لێدەکا[٦].

*** ***

رەنگە بوترێ هۆی ئەم دۆخە ئەوەیە مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە هەڵگری نەریتێکی دواکەوتووی بیرکردنەوەن، بەڵام خۆ بێدەنگبوونی جیهانی پێشکەوتوویش لەو تاوانانە، یان زەمینە سازکردن بۆ درێژەکێشانیان، ئەمە ئەگەر واش دانەنێین ئەوان رۆڵی ژێربەژێریان تێیدا هەیە، بەڵگەی ئەوەیە ئەوانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدارن، ئەمە جگە لەوەی مێژووی نزیکی ئەوانیش خاڵی نیە لە جەنگ و زەبر و زەنگی دڕندانە و قەت شەرم و سڵیان لەوە نەکردۆتەوە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان پەنا بۆ قەتڵوعام ببەن،.وەك ئەوەی روسیا لە چیچان کردی و ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان کردی و دەیکا. نابێ مرۆڤایەتی ئەوەی بیر بچێ کە ئەمەریکا لە چرکە ساتێکدا لە هیرۆشیما ١٤٠ هەزار کەسی بێتاوانی کوشت.

---

[٦] ئەم دۆخە زیاتر کاتێ گرژتر بوو کە شەوی ١٥/١٦-٨-٢٠١٥ لە بازگەی دێگەڵە هێزەکانی ئاسایش -کە سەر بە پارتین- رێگەیان بە ١٥ پەرلەمانتاری گۆڕان گرتبوو و ناسنامەیان لێ وەرگرتبوون و بەسەگ پشکنیبوونیان، کە ئەوەیش کاردانەوەی توندی گۆڕان و تەنانەت فراکسیۆنی یەکێتی و دوو حزبەکەیتریشی لێکەوتەوە و گۆڕان ئەو کارەی بە هەوڵێکی بارزانی بۆ لەتکردنەوەی کوردستان و بوون بە سەرۆکی ئەبەدی وەسف کرد، دیارە لایەنی پارتیش بە حزبی و رەسمیەوە ئەو تۆمەتەیان رەت کردەوە و گۆڕانیان بە گەورەکردنی بابەتەکە تۆمەتبار کرد.

ئەم "ئاشق و ماشق"یەی (مرۆڤ و شەڕ) چیرۆکێکی سەیرە. لەوەتی مرۆڤ هەیە ئەو سەوداسەرییەی بۆ شەڕ بەرۆکی بەرنەداوە، بگرە تا رادەی ئالوودەبوون شەیدای بووە، لەخۆوە نیە چیرۆکی جەنگەکان بەشی هەرەزۆری مێژوو پێکدێنێ. پاشا و سەرکردەکان شانازییە مێژووییەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا تۆمار کردووە، بگرە گەورەترین دەستکەوت و جێدەستەکانیان لەڕێی ئەنجامدانی گەورەترین توندوتیژی و دڵڕەقی و دڕندەیی بەرامبەر هێزی بەرامبەر بەدیهێناوە، لەبارێکدا ئەگەر لە روانگەیەکی مرۆیی پەتییەوە تەماشای دیمەنەکانی ئەو جەنگانە بکەین، زۆرجار کارەساتی جەرگبڕی ئینسانی و ئەخلاقین و ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەییان تێدا بەخەرج دراوە، کە لە کتێبە مێژووییەکاندا بەدرێژی باس کراون و بەپێویستی نابینین ئەم بابەتە بکەینە کتێبی گێڕانەوەی درێژەی رووداوە مێژووییەکان.

بگرە زۆرجار تەنانەت زانست و تەکنەلۆژیا و شارستانێتیش هەر لەپێناو بەدەستهێنانی چەکێکی کاریگەرتر لە شەڕدا برەویان پێ دەدرێ، پێشبڕکێی چوونە سەر مانگ و جەنگی ئەستێرەکان لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەت و تەنانەت زۆر داهێنانی وەك تۆڕی ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان سەرەتا وەك چەکێکی ئەو شەڕە لە بواری سەربازیدا داهێنران. جەنگەکان، لەناویاندا خوێناویترینیان لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا کە هەردوو جەنگی جیهانین پەڵەی رەشن بەنێوچاوانی مرۆڤایەتیەوە و تارمایی جەنگی سێیەم و رەنگە وێرانکەرترینیشیان هەموو ساتێك سەرەتاتکێمان لەگەڵ دەکا.

ئەهرامەکانی میسر و دیواری مەزنی چین سیمایەکی شارستانیی دڵڕفێنن، بەڵام بیرمان نەچێ ئەوانیش بە زەبری پاشا زۆردارەکان و لەسەر حسابی ژیان و ئاخ و ئۆف دەیان هەزار کۆیلە و بێگار تەواو کراون تا پاشاکان بە زیندووی و بەمردوویی بپارێزن!.

ئیتر ئەوە قەدەری مرۆڤ بووە تائێستا. تەنانەت شتە باشەکانیش سەرەتا بۆ ئامانجی خراپ کراون. رژێمی سەدام لە جەنگی عێراق-ئێران بۆ مەبەستی سەربازی جادەی بۆ زۆر شاخ و داخی کوردستان راکێشا، کە لە ئاشتیدا ئەوەی نەدەکرد، بەڵام پاش نەمانی رژێم و شەڕەکانی، رەنگە بە رێکەوت ئێستا بۆ ئێمە بوونەتە خێر. رەنگە ئەو خێرە درەنگوەختانە تاکە خێری شەڕ بن.

خۆ ئەگەر هێزێك یان سەرکردەیەکیش ویستبێتی مەسحەیەکی ئەخلاقی بە رەفتارەکانی لە جەنگدا بدا، هەستی کردووە ئەوە دەبێتە خاڵی لاواز لە ململانێی لەگەڵ هێزە رەقیبەکەیدا، هەربۆیە هەمیشە هەردوولا سڵیان نەکردۆتەوە لەوەی پەنا بۆ هەر جۆرە چەك و تاکتیکێك ببەن کە کاریگەرترین زەبر بە بەرامبەرەکەیان بگەیەنێ، چونکە هەریەکەیان زانیویە ئەگەر ئەو وانەکا، دوژمنەکەی ئەو زەبرە لەو دەوەشێنێ و شەڕەکە دەباتەوە.

جەنگ داوگەی ئەخلاق و ئینسانیەتە و ناتوانین باوەڕ بەوە بێنین کە هێزێکی جەنگاوەر لە شەڕێکی خوێناوی و چارەنووسساز لەگەڵ هێزێکی رکابەریدا، لەنێوان "ئەخلاق" و "بردنەوە"دا یەکەمیان هەڵبژێرێ. لێرەشەوەیە بنەمای "مامەڵەی هاوشێوە" (المعاملة بالمثل) بووەتە رێسایەکی کارپێکراو لە جەنگەکاندا، هەربۆیە من هیچکات پاکانە بۆ هیچ هێزێکی شەڕکەر ناکەم کە لە جەنگدا هاوشێوەی رکابەرەکەی تاوانی نامرۆڤانە ئەنجام نادا، چونکە لە جەنگدا سەنگی مەحەك ئەژنۆشکاندنی دوژمن و بردنەوەیە، نەك بەها ئەخلاقیەکان.

شەڕ ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، تا شەڕ بەردەوام بێ ئەتککردنی کەرامەتی مرۆڤ، جا چ پیاو بێ یان ئافرەت بەردەوام دەبێ. بۆیە بۆ بەرگرتن لەو بێحورمەتییەی لە جەنگەکاندا بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکرێ پێویستە زەمینە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ خۆش نەکرێ، بەرەنگاریی کولتووری توندوتیژی و زەبر و زەنگ و سەرکوتکاری و تاکڕەویدا بکرێ، چونکە رەگوڕیشەی بێحورمەتیکردنەکە لەوێدایە و تا سەرچاوەکە وشك نەکرێ، چیرۆکی نەهامەتیەکان بەردەوام دەبێ.

## جەنگی نێر و ئاشتیی مێ

توندوتیژی کوڕی کەشوهەوای جەنگ و ئاشوبە، بەڵام ناتوندوتیژی کچی کەشوهەوای ئاشتی و ئارامی و سەقامگیرییە.
لە کەشوهەوای ئاشتیدا دەنگی گڕ و زاڵ و هاڵی نێر دەبێتە عەیبە، توندوتیژی و زەبر و زەنگ و کوشت و بڕ دەبنە عەیبە. رۆژ رۆژی دەنگی نەرم و ناسك و بەسۆزی مرۆڤی مێ دەبێ، کە بەئەسپایی دەست بۆ شتەکان دەبات و هەوڵ دەدا هەموو کێشمەکێش و چالاکیەکان بەهێمنی و ئاشتیانە، بەڕێوە بچن، تا مرۆڤ بە مرۆڤایەتی، بە رێزداری و سەلامەتی و سەرداری بمێنێتەوە.
بەڵام لە کەشوهەوای جەنگدا، بەپێچەوانەوە، باسی خوێن و شەڕ و تۆقاندن و هەڵمەتبردنی دلێرانە و سرودی حەماسی دەبنە مۆدە و نەرم و نیانی و ناتوندوتیژی و مرۆڤدۆستی و سۆز و بەزەیی دەبنە عەیب و عار و خووی (ژنانە)، کە رەنگە هەندێ جار ئەو خووە ببێتە مایەی سەر و خاك و ئابڕویش.
بەڵام خێری شەڕ لەوەدایە هێندە داخمان دەکا ئیدی قەدری عافیەت، واتە ئاشتی و ناتوندوتیژی، دەزانین و پاش بڕانەوەی شەڕ کار بۆ قووڵکردنەوە و پاراستنیان دەکەین. ئەوەتا جیهان هەمیشە پاش جەنگە جیهانی و نیمچە جیهانییە کاولکەرەکان، کاری بۆ دانانی سیستم و رێکخراوی پێویست بۆ پاراستنی ئاشتیی جیهانی و ناوچەیی و رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی جەنگ کردوە. پاش جەنگی جیهانیی یەکەم **کۆمەڵەی گەلان** (١٩١٩) و پاش جەنگی جیهانیی دووەمیش **نەتەوە یەکگرتووەکان** (١٩٤٥) و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی، لەوانە (ئەنجومەنی ئاسایش) دامەزراند و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و رێکەوتنامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی راگەیاندوە.

کاتێ دەرگا بەڕووی جەهەننەمی شەڕدا دەکرێتەوە، ئیتر هەموو بەها جوانەکانی سەردەمی ئاشتی رادەماڵێ. کاتێ هێزێکی دەرەکی بەردەرگات پێدەگرێ و هەڕەشەی مان و نەمانت لێدەکا، ئیتر مەگەر دڵی کەسێکی وەکو حەزرەتی مەسیح (سلاوی خوای لێبێ) بتوانێ دان بەخۆیدا بگرێ و بڵێ با لەبری گوللە بە گوڵ پێشوازی لەو زریانە شوومە بکەین.

لە خاکی ئەم ناوچەیەدا دڕك و داڵە زیانبەخشەکان و گڕە و کرێوەی بیابان و کەژ و کێوەکانی هێندە زاڵ و زۆردارن مەحاڵە دەرفەت بە نەشونما و بەرگرتنی گوڵێکی ناسك بدەن. ماوەیەك هەست دەکەین لە سایەی ئاشتیدا خەریکە کولتووری ناتوندوتیژی دەخەینە سەر پێ، کەچی لەپڕ هێزێکی شووم و شەڕخواز دێت و بە لێدانێکی یەکلاکەرەوە دەمانباتەوە خاڵی سفر، بۆ ئامێزی جەنگ و توندوتیژییە غەریزەییەکە.

بەداخەوە هەموو پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە بەئاقاری توندوتیژیماندا دەبەن و بەناچاری دەمانکەنە جەنگاوەر. هەر بۆ نموونە، زۆر لە نەیارانی ئیخوان موسلیمین بەو نسکۆیەی بەسەر دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکەی ئیخواندا هات لە میسر شاگەشکە بوون و وایانزانی ژەنراڵ عەبدولفەتاح سیسی (کە پاشتر بووە سەرکۆماری وڵاتەکەیش) بەری بە هەورێکی رەش لە ناوچەکەدا گرت. بەڵام راستیەکەی سیسی بەو کارە شکستی بە لۆژیکی کاری مەدەنیی ئیسلامی هێنا و دەنگی بزوتنەوە جیهادیەکانی وەك قاعیدە و داعشی لە ناوەندە ئیسلامیەکەدا دلێر کرد و بە زمانی حاڵ پێی گوتن: "داعشیەکان ئێوە پێکاوتانە، کە باوەڕتان وایە ئێمە ئامادە نین دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە بکەین و چارە هەر ئەوەیە بە زەبری هێز لەو کورسییە بهێنرێینە خوارەوە"!.

ئەگەر ئیخوان دەیەکێکی داعشی بکردایە میسر داری بەسەر بەردیەوە نەدەما[۷]. بەڵام داعش لەگەڵ سێبەری خۆیشی شەڕیەتی و تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنێ. ئەمیان هێزێکی مەدەنی و ناسراوە و

---

[۷] بەپێی توێژینەوەك کە هەردوو توێژەر (ناثان ج.براون و میچێل دون) لە سەنتەری کارنیگی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردویانە و بەناونیشانی (فشاری بێ پێشینە، گەڕی نەزانراوی برایانی موسڵمانی میسر Unprecented Pressures, Uncharted Course for Egypt's Muslim Brotherhood) لە سایتی سەنتەری کارنیگی بڵاو کراوەتەوە، ئەو سەرکوتکردنە بێوێنە و رێوشوێنە توندانەی حکومەتی میسر پاش کودەتاکردن بەسەر محەمەد مورسی لە ٢٠١٣ دژی ئیخوان گرتونیەتیە بەر، کە کە وەك ئەو دوو توێژەرە دەڵێن (ئەو شەپۆلە توندوتیژترین هەڵمەتی سەرکوتکردنە لانیکەم لە سەدەمی جەمال عەبدولناسرەوە لەنێوان ١٩٥٠–١٩٦٠)، بەشێوەیەك مەزەندە دەکرێ ژمارەی دەستگیرکراوانی ئیخوان تا کۆتایی ٢٠١٤ گەیشتبێتە ٤٢ هەزار کەس کە بەشی هەرەزۆری گەورە سەرکردەکانی تێدایە، ئیخوان نەك هەر پێگە یاساییەکەی، حزبە سیاسیەکەی و میدیاکانی لەدەستدا ، بگرە وەك گرووپێکی تیرۆریستیش ناسێنرا کە ئەوە دەستی رژێم دەکاتەوە سەدان دامودەزگای ناحکومیی رێکخراوەکە و گەورە ئەندامانی دابخا یان کۆنترۆڵ بکا، هەموو ئەوانە ئەو هەستەی لەنێو چینی لاوان و سەرکردە لاوەکانی ئیخواندا دروست کردوە کە ئیتر شتێکی وایان نەماوە لە دەستی بدەن و ئیتر ناتوندوتیژی و بەرزکردنەوەی دروشمی (ئاشتیبوونمان لە چەك بەهێزترە) هیچ مانایەکی نەماوە. بەپێی توێژینەوەکە ئەندامانی ئیخوان لە بەخۆداچوونەوە ناوخۆییەکانیاندا بۆ هۆی ئەوەی بەسەریان هات گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئیخوان پاش روخانی موبارەك وەك پێویست شۆڕشگێڕانە نەبوو، لەبەرئەوە سەرکردەکانی نیگەرانن لەوەی نەوەی نوێ ستراتیژێکی جیاواز لەو رێڕەوە ناتوندوتیژ و میانڕەوانەی لە دەیان ساڵدا رێکخراوەکەی لەسەر بووە، بگرنەبەر.

خەڵکی خاوەن بڕوانامەی بەرز و بەرپرس سەرکردایەتی دەکەن کە باوەڕیان بە دیالۆگ و مافی مرۆڤ و یاسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، ئەویان سەر و بنی دیار نیە و هەر پریاسکەیەکی هی وڵاتێکە و دان بە هیچ لۆژیك و یاسا و بەرانبەرێکدا نانێ. ئەمیان لەگەڵ ئاشتی و پێکەوەژیانە، بەڵام ئەویان باوەڕی بە "جەنگی هەتاهەتایی و سەرتاسەری و نەبڕاوە" هەیە، کە لە سایەیدا وڵاتانی ناوچەکە وێران و بەتاڵ و کۆسکەوتوو و لارەملێی وڵاتانی زلهێز و دەرودراوسێ دەبن، تا بەهانایانەوە بێن و لەو هێزە بیپارێزن. دەرکردن یان بێهێزکردنی هێزێکی مەدەنی و بێوەی وەك ئیخوان لە گۆڕەپانەکەدا، هێزێکی دڕی وەك داعش جێی دەگرێتەوە و باسکی پێی بەهێز دەبێ.

*** ***

## جەنگ و بێ ئیرادەکردنی تاکی ناتوندوتیژ

یەکێکیتر لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی کەشی جەنگ و توندوتیژی ئەوەیە ئیرادی تاك و تایبەتمەندیی تاك لە چوارچێوەی ئەو هێز یان سیستمەی لە ناو پرۆسەی شەڕ و توندوتیژیدایە لەبۆتە دەدا، بەشێوەیەك تاکەکان لە سروشتە ئازاد و مرۆڤانەکەیان دادەڕنێ و دەیکاتە بەشێکی بێئیرادە لە مەکینەی شەڕ و توندوتیژیەکە. چۆن؟

بەندە کاتێ ساڵانە یادی ئەنفال دێتەوە و لەسەر زمانی قوربانییە رزگاربووەکان چیرۆکی دڕندەیی پیاوانی رژێم لە زیندانەکانی نوگرەسەلمان و تۆپزاوا و شوێنانیتر دەبیستم و دەبینمەوە، هەمیشە ئەو هەستەم لا دروست دەبێ کە ئەگەر چاوپۆشیی لە دڕندەیی گەورە بەرپرسانی رژێم بکەین، ئەی دەبێ نهێنی ئەوە لە چیدا بێ ئەو سەربازە سادانە هێندە لە دڵڕەقیدا رۆدەچن کە لە مرۆڤایەتی دەشۆرێنەوە و کەمترین بوار بۆ بەزەیی لەئاست خەڵکانێکی بەستەزمان و بێتاواندا نەمێنێتەوە و بەوپەڕی دڵسۆزی سیاسەتە ستەمکارانەکە بەرجەستە دەکەن؟

ژنێکی رزگاربووی شاڵاوەکانی ئەنفال گێڕایەوە: لە زیندانی تۆپزاوا منداڵە نەخۆشەکەم تا مرد داوای خەیاری کرد، چەندە پاڕامەوە لە سەربازەکان خەیارێکم بدەنێ بۆ ئەو منداڵە با کە مرد نەبێ بە گرێ و کەسەر لەسەر دڵم، نەیاندا و بە بەرچاوی منەوە خەیارەکەیان فڕێ دەدا و بەلێدان کردمیانە دەرەوە، هەربۆیە منداڵەکەم بەو ئاهەوە مرد و ئێمەیش لەوکاتەوە خەیارمان لە خۆمان حەرام کردووە !.

ئەوە هەر سەربازێك نەبوو کە وا دڕندە بوو، هەموو وا بوون. تۆ بڵێی ئەوانە هەموو شەللاتیی دەستەبژێر بووبن، تا بەو شێوەیە کەسێکیان تێدا نەبێ هەستی بەرامبەر بەو دیمەنە دڵتەزێنانە ببزوێ.

بە بڕوای بەندە لەو حاڵەتانەدا ئەگەر کەسانی بەبەزەییش هەبن، نرخێکی ئەوتۆی نابێ، چونکە وەك چۆن لە چوارچێوەی شەپۆلی بەهێزی لافاوێکی وێرانکەردا دڵۆپە ئاوێکی چاکەخواز هیچ کێش و ڕۆڵێکی نابێ لەبەرئەوەی ئیرادەی لە بۆتەی ئیرادە گشتیەکەدا تواوەتەوە و ئیتر بەئۆتۆماتیکی دەبێتە ئامێرێکی دەستەمۆ بەدەست ئیرادە گشتیەکەوە و ڕەنگ و ڕۆحی ئەو وەردەگرێ، بە هەمان شێوە مرۆڤی چاك و پاکیش لەنێو سیستمی دڕ و نامرۆڤانەدا، بیەوێ و نەیەوێ، دەبێتە ئامرازی دەستی سیستمە دڕەکە و ئەویش دەبێتە دڕندە.

ڕەنگە کەسێك لە تەمەنیدا دڵی نەهاتبێ چۆلەکەیەك بکوژێ، بەڵام لەکاتی دروستبوونی پاڵپاڵێن و خەپسەیەك لە قەرەباڵغیەکی گەورەدا، بەناچاری پێ بنێ بە سەر یان دڵی منداڵێکی خنجیلانەدا و ڕۆحی لەبەر ببڕێ، چونکە لەو ساتەدا ئەو ئیتر ویستی لە دەستی خۆیدا نەماوە و ئیرادەیەکی گشتی و گەورەتر دەیبزوێنێ، کە ئیرادەی حەشاماتەکەیە.

سەربازێکی بەستەزمان کە بە زۆرەملێ ڕەوانەی بەرەی جەنگ دەکرێ، لەوێ ئیتر لۆژیکی گۆڕەپان دەیبزوێنێ نەك ویستی خۆی، بۆیە کاتێ لەگەڵ سەربازێکی دوژمن دەستەویەخە دەبێ، چاری ناچارە یان دەبێ بیکوژێ یان ئەو ئەم دەکوژێ.

خۆم لە هەشتاکان لە سەربازی کوردی عێراقیم بیستوە، کە دژی ڕژێمیش بوو، لەوکاتەی لە ئەرکی سەربازیدا بردوونیانەتە زۆنگاوە شیعەنشینەکانی باشور، هاوشێوەی ڕەفتاری ئەمن و سەربازە عەرەبەکانی کوردستان، دانیشتوانە شیعەکانیان چەوساندۆتەوە، چونکە ئەوان ئیتر بووبوونە برغو لە مەکینەی سیستمێکی دڕدا و دەبوو وابن[^8].

کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەت، بەتایبەت ئەندامانی هێزە سەربازی و ئەمنیەکان، بگۆڕی پێویستە ئەو سیستمە بگۆڕی کە ئەوانە لەنێویدا کار دەکەن و ئاراستەیان دەکا. بڕوانە پۆلیسی میسر تا ١٨-٢-٢٠١١ پاسەوانی ڕژێمەکەی موبارەك بوو و نەیارانی سەرکوت دەکرد، پاش ئەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتی کورتخایەنی ئیخواندا هەر ئەو پۆلیسە موبارەك و لایەنگرانی دەستگیر و سەرکوت دەکرد، پاش کوردەتاکەی سیسیش بەسەر دەسەڵاتی محەمەد مورسیی ئیخواندا لە حوزەیرانی ٢٠١٣، هەمان هێزی پۆلیس مورسی و ئیخوانە دەسەڵاتدارەکانی دووساڵی رابردووی دەستگیر و سەرکوت دەکرد. هێزەکە هەمان هێز بوو، ئەوەی هەڵیدەسوڕاند سیستم و دەسەڵاتە حوکمڕانەکە بوو. دەسەڵاتێکی میهرەبان پۆلیس و سەرباز و فەرمانبەرێکی میهرەبان بەرهەم دێنێ، دەسەڵاتێکی دڕندە و دڵڕەقیش پۆلیس و سەرباز و فەرمانبەرێکی دڕ و دڵڕەق بەرهەم دێنێ.

دیارە ئەم قسەیە بەواتای ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی چاکی و پاکیی تاکەکەس نایەت لەنێو سیستمی بەد و ستەمکاردا، بەڵام بەگشتی سیستمی دڕ مرۆڤ دڕ دەکا، ئەگەر خۆیشی بەسروشت و حەز دڕ نەبێ.

---

[^8]: گۆستاف لۆبۆن لە کتێبی (سایکولوجیة الجماهیر)دا دەڵێ جەماوەر یاخود حەشامات هەمیشە عاتیفە دەیبزوێنێ نەك ئەقڵ، لەبەرئەوە تەنانەت مرۆڤە ئاقڵ و ئەقلانیەکانیش کاتێ دەکەونە ناو ئاپۆرای خەڵك ئیتر دەبنە بەشێك لە کۆرس و ئەو ئەقلانیەتەیان نامێنێ کە لە بارێکدا بەتەنیا و دوور لە فشاری حەشاماتن هەیانە و پێی دەناسرێنەوە.

پێچەوانەکەیشی هەر راستە و دەکرێ مرۆڤی بەسروشت و حەز خراپەکار لە چوارچێوەی سیستمی چاکدا لە بۆتە بدرێ، سروشتەکەی خۆی ون بکات و ببێتە رەگەزێکی چاکەکار.

## رۆژهەلات و توندوتیژی

لە کۆنەوە ئەو تێزە لەنێو هەندێ بیرمەند و فەیلەسوف هەبووە کە پێی وایە جیاوازیەکی ئەنتۆلۆجی (وجودی) و ئەپستمۆلۆجی (مەعریفی) لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەیە، گەلانی رۆژهەڵات یاخود ئاسیا زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتی تاکرەو و ئیستیبدادیدا هەڵدەکەن تا غەربیەکان، کە ئەوە ناونراوە: تاکرەویی رۆژهەڵاتی Oriental Despotism، بۆ ئەوەیش لێکدانەوەی جۆراوجۆریان هەیە[9].

ئەو تێزە، لێکدانەوە و وردەکاریەکانی هەرچۆن بن، مەغزاکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی (ناوی میسر و شام و عێراق و فارس و هیند و چین براوە) لە رۆژئاوایی جیاوازە، ئەمیان دنیای رۆحانیەت و ئەویان دنیای مادیاتە، ئەمیان دنیای سۆز و خەیاڵ و ئەویان دنیای عەقڵ و لۆژیکە، ئەمیان دنیای شیعر و ئەویان دنیای فەلسەفەیە، ئەمیان دنیای ئاین و پێغەمبەران و ئەویان دنیای زانا و فەیلەسوفەکانە، ئەمیان سەرزەمینی ملهوڕی (ئیستیبداد) و ئەویان سەرزەمینی ئازادییە.

---

[9] لەو فەیلەسوفە یۆنانیانەی باسی ئیستیبدادی شەرقییان کردوە ئەرستۆیە (٣٨٤–٣٢٢ پ.ز)، کە لە کتێبی (سیاسەت)دا دەڵێ: (بەربەریەکان بەسروشتیان زیاتر لە یۆنانیەکان کۆیلایەتی قبوڵ دەکەن، ئاسیاییەکانیش لە ئەوروپیەکان، کە بەبێ ناڕەزایی بەرگەی دەسەڵاتی ئیستیبدادی دەگرن). لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی (**تناقضات التأسيس الأرسطي لمفهوم الاستبداد الآسيوي**)، حسين الهنداوي، ٢ يناير ٢٠٠٧.

لە سەردەمی نوێیشدا هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان هەمان بۆچوونیان هەیە. بڕوانە: الاستشراق، ادوارد سعيد.

بیرمەندی ئەڵمانی کارل ویتفۆگل لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (الاستبداد الشرقي دراسة مقارنة للسلطة المطلقة) Oriental Despotism: A Comparative Study of Total Power کە خۆی دەڵێ سی ساڵ پێوەی خەریك بووە، تەفسیرێکی ئابووریانە بۆ لێکچوونی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان دەکا ئەویش شێوازی کشتوکاڵکردنیانە کە تێیدا لەباتیی باران پشت بە ئاوی رووبار دەبەستن، کە کارێکی زۆر و قورسی هەیە و بە تاکەکەس و یەکە کۆمەڵایەتییە بچوکەکانی وەك خێزان ناکرێ، بەڵکو پێویستی بە دەسەڵاتێکی مەرکەزیی بەهێز و گوێڕایەڵیکراو هەیە کە کارەکان دابەش بکات و رێکیان بخات و بیانسەپێنێ، ئەوەیش دەسەڵاتی ملهوڕی رۆژهەڵاتی لێکەوتۆتەوە کە باوەڕی بە بوونی هێزێتری سیاسی لە تەنیشتی نیە و بوونی خۆی لەسەر ترس و تۆقاندنی خەڵك دامەزراندوە. لەبەرئەوە دەسەڵاتی سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا ملهوڕتر و توندوتیژترە لە دەسەڵاتی سیاسی لە غەرب. (وتارێك بەناونیشانی: جذور الاستبداد الشرقي في فكر المفكر الالماني فدفوجل).

گۆستاف لۆبۆن باسی جیاوازیی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ناکا بەڵام پێی وایە شتێك هەیە ناوی (نەژادی مێژوویی)، کە بریتییە لە لێکچوونی هەست و بیرکردنەوە و کاردانەوە و رەفتاری ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە چوارچێوەی گرووپێکی دیاریکراودا دەژین، وەك هۆز یان نەتەوە یان یەکەی گەورەتر لەوە. واتە ئەو باوەڕی بەوە نیە کە ئەو پێکهاتانە لەڕووی وجودیەوە جیاواز بن، بەڵکو پێی وایە ئەوانە مێژووی هاوبەش وای لێکردوون هەموویان لە هەندێ هێڵی گشتیدا لێك بچن. (بڕوانە کتێبی: سايكولوجية الجماهير، ت: هاشم صالح)

ئەگەرچی ئەم بۆچوونە زیاتر وەك تێزێکی رەگەزپەرستانە و نازانستی تەماشا دەکرێ و بەگشتی جەخت لەوە دەکرێ مرۆڤەکان بەسروشت و جەوهەر هەمان شتن، ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە پەروەردە و هەلومەرجی مێژووییە، بەڵام دراوەکانی واقیع زۆرجار گەر بۆ چەند ساتێکیش بێ ئەو خەیاڵەمان لەلا دەوروژێنن کە "بەڵێ راستە ئەو دوو جیهانە بەسروشت لێك جودان و مەرج نیە ئەوەی بۆ ئەمیان گونجاو بێ بۆ ئەویشیان گونجاو بێ". ئەو جیاوازییە —جا رەگوڕیشەکەی هەرچی بێ— نەك لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بگرە هەندێ جار لەنێو کۆمەڵگە جیاوازەکانی ئەو دوو جیهانەیشدا هەیە[10].

نکولیکردن یان خۆنەبانکردن لە بینینی راستییە تاڵەکان، ئەو راستیانە ناگۆڕێ و لەناویان نابات. بۆ نموونە دەبێ بپرسین بۆچی ئێمە سەرکەوتوو نابین لەوەی هاوشێوەی رۆژئاوا ببینە خاوەن سیستمێکی راستەقینەی دیموکراسی؟! میسر و ژاپۆن لە یەك کاتدا پرۆسەی رێنیسانسیان دەست پێکرد، بزانە ژاپۆن لە کوێیە و میسریش لەکوێ، ئەمە لەکاتێکدا میسر خاوەنی کۆنترین شارستانێتییە لە جیهاندا و ژاپۆنیش زۆر دوای ئەو لەڕێی چینەوە تروسکاییەکی شارستانێتی چنگ کەوتووە، ژاپۆن لە جەنگی جیهانیی دووەمیشدا گەورەترین زەبری بەرکەوت و چۆکی دادا، بەڵام هەر زوو هەستایە سەر پێ و وا بووەتە غوڵێکی ئابوری و تەکنەلۆژیی جیهانی[11]، میسریش تائێستا وەك جیهانی چڕە دارستانەکان لەسەر بەدەستهێنانی کورسیی دەسەڵاتێکی لەرزۆك و فاشیل و تەقێ ناکەن لەوەی وەك هار بەرببنە گیانی یەکتر و گۆمی خوێن لە شارەکانی میسر ساز بکەن و خۆیان بکەنە سینەمای دنیا، وەك لەکاتی بڵاوەپێکردنی پەناگیرانی هەردوو گۆڕەپانی نەهزە و رابیعەی عەدەویە لە قاهیرە لە ١٤ی ئابی ٢٠١٣ دیمان.

ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو ئەزموونی حوکمی تاکڕەویی نازیزم و فاشیزمیان بینی، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا تووشی شکست و وێرانەیەکی زۆر بوون و ژێرخانی ئابووری و زانستی و عیمرانییان خاپوور بوو، بەڵام توانییان لە ماوەیەکی کەمدا هەستنەوە سەر پێ، هەم سیستمێکی دیموکراسیی پێشکەوتوو و هەم ئابووری و ئاوەدانیەکی بەهێز و ناوازە بنیات بێنەوە، بەڵام بڕوانە دۆخی وڵاتانی عەرەبی، کە سەرباری ئەوەی دووچاری ئەو وێرانکارییە گەورەیەی جەنگیش نەبوون، زۆریان خاوەن سامانێکی گەورەی نەوتین، بزانە دۆخی ئازادی و

---

[10] بڕوانە پۆلبەندیەکەی نیچە بۆ گەلانی ئەوروپی، لە کتێبی: قصة الفلسفة، ول دیورانت لا٥٣٨–٥٣٩)

[11] عەمری کوڕی عاص

دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیی ئاساییان لە چ ئاستێك و هی بەرپرسانیشیان لە چ ئاستێکدایە، کە هەر ئەو دیکتاتۆریەت و ناعەدالەتی و دواکەوتنە ئاگری بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ خۆش کرد، کە ئەمیش لەبری چاککردن ئەو وڵاتانەی وێرانتر کرد.

بەهاری عەرەبی مەعدەنی گەلانی ئەم ناوچەیە و هەست و عەقڵیەتی تاك و کۆی خەڵکەکەی ئاشکرا کرد، کە هێندەی چێژ لە زەبر و زەنگ و سەرکوتینەوەی نەیار و رکابەرەکانی و زرمە و هاڕەی تۆپ و بۆمب و تەق و تۆقی تفەنگ دەبینیّ، هێندە چێژ لە ئارامی و پێکەوەژیان و سازش بۆ یەکتر کردن و کەشی ئاشتی و دیموکراسی نابینیّ، هەربۆیە هیچکام لەو راپەڕینانە نەیانتوانی ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی، باشتر لە سیستمی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەی لەدژیان راپەڕین بەرهەم بێنن، بەپێچەوانەوە فەلەتانە ئەمنیەکە و ئەو شەڕ و وێرانەیەی پاش روخانی ئەو رژێمانە لەسەر دەستی شۆڕشگێڕان هاتە کایە، رووی ئەو رژێمانەی بە گەچ سپی کرد و رەنگە زۆربەی خەڵکی ئاسایی سەردەمی حوکمڕانیی ئەو رژێمانە وەك سەردەمی زێڕینی ژیانی خۆیانی ببینن.

سەیری وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات بکە، کە دەیان ساڵ لەژێر باڵی رژێمی دیکتاتۆریی کۆمۆنیزمدا بوون، پاش روخانی ئەو رژێمانە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، بە ماوەیەکی کەم پاش کەفوکوڵی راپەڕینەکان سەقامگیر بوون و گۆڕان بۆ سیستمی دیموکراسیی سەقامگیر و پێشکەوتوو. لە بەرانبەردا بڕوانە حاڵی گەلانی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی گرتنیەوە (سوریا، میسر، یەمەن، بەحرێن، پێش لەوانیش عێراق)، کە بەحساب بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و هێنانەکایەی دیموکراسی بەرپا کران، بەڵام نەك دیموکراسییان بەرهەم نەهێنا، بگرە خراپتر لە جاران کەلتوری توندوتیژی و تاکڕەوی و وێرانکارییان بەرهەم هێنایەوە.

ئێمە بەڕواڵەت دەمانەویّ جێپێی رۆژئاوا هەڵبگرین، بۆ ئەوەیش چەمك و زاراوەکانی دەڵێینەوە و بانگەشەی پەیڕەوکردنیان دەکەین، لەوانە چەمکەکانی عەقڵانیەت و عەلمانیەت و ئینسانیەت و دیموکراسیەت و هتد، بەڵام راستیەکەی تەنها رواڵەت و قاڵب و رووکەشی ئەو چەمکانەمان وەرگرتوون، بەبیّ ئەوەی ناخمان بەهەمان ئەو فەلسەفە و رەهەندە ئینسانییە قوڵانە جۆش دابیّ کە ناواخن و پایەی راگرتن و تین و هێزی ئەو چەمکانەن و بەبیّ ئەوانە دەبنە ناوی بیّ ناوەڕۆك، بگرە لەبری ئەوەی هاوشێوەی ئەزموونە رۆژئاواییەکە ببنە سەرچاوەی تەبایی و سەقامگیری، زۆرجار دەبنە "دێوجامە" بۆ راوکردنی نەیار و رکابەرەکانمان.

دیموکراسی تەنها سندوقی هەڵبژاردن نیە، بەڵکو پێش هەموو شت بوونی هەستێکی قووڵی بەرپرسیارێتیی ئینسانی و نیشتمانییە، باوەڕبوونە بە پیرۆزیی مرۆڤ و بوون و کەرامەتی، بە ئازادی و جیاوازیی بیرکردنەوە و ئینتیما، بە مەشاعیەتی دەسەڵات و هێز، بە رکابەریکردنی راستەقینە. دیموکراسی لەبری تاکی خۆپەرست پێویستی بە تاکی مرۆڤپەرست و نیشتمانپەرست هەیە (پەرستن نە بەمانا تەعەبودیەکەی)، کە ئەمانە لای ئێمە نین، هەربۆیە نەك تەنها ئەوانەی راشکاوانە نەیاری دیموکراسین، بگرە هەندێ جار تەنانەت ئەوانەیش بەیداخهەلگری دیموکراسین و شانامەی بە باڵادا دەهۆننەوە و نەیارانیان بە نادیموکراسی تۆمەتبار دەکەن و بەو ناوەوە کودەتایان بەسەردا دەکەن، دیموکراسی پێشێل دەکەن کاتێ دەبینن لەگەڵ حەزە خۆپەرستانە و ملهوڕانە و دەسەڵاتگەراکانیان ناگونجێ.

## میدیا و توندوتیژی

مەگەر تاك و تەرایەکی شاز ئەگینا سەرجەم ئەو کەسانەی بوونەتە دڕندە و جەللاد، سەرەتا وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەبەزەیی و لە دیمەنی زەبر و زەنگ و کوشتن ترساون، بەڵام پاش ئەوەی جارێك و دووان و سیان ئەو دیمەنانەیان دیوە، یان ناچاری ئەنجامدانیان کراون، ئیتر ترسیان شکاوە و ویژدانیان مردووە، هەربۆیە نەك تەنها بینیی دیمەنی دڵتەزێن، بگرە کوشتن و لەتوپەتکردنی مرۆڤیش لەلایان وەك لەتکردنی تەماتە و خەیاری لێهاتووە.
ئەم حاڵەتە شێوانێکە لە باری دەروونیی مرۆڤی توندوتیژدا روو دەدات کە پێویستی بە چارەسەری رۆحی و دەروونی هەیە تا بگەڕێتەوە سەر سکەی ئاسایی و تەندروستی خۆی. هەربۆیە ئەو سەربازانەی بەشداریی جەنگێکی درێژخایەن دەکەن و بەناچاری رووبەڕووی ئەو دیمەن و کردارانە دەبنەوە، پاش شەڕ ئەگەر چارەسەر نەکرێن دەبنە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە. واتە دۆخی شەڕ هەر دیمەنە ماتریالّییە جوانەکانی وڵات وێران ناکات، بەڵکو پێش ئەو جوانیی دەروونیشمان وێران و بیمار و دەردەدار دەکات و ساڵانێك پاش شەڕەکەیش تاوانی کۆمەڵایەتیمان بۆ بەرهەم دێنێ.
چەندە ژمارەی ئەو کەسانەی بەو دیمەنانە راهاتوون و پێیان راناچڵەکێن زیاتر بێ، ئەو کۆمەڵگە لە روونی رەوانییەوە نەخۆشترە و رێژەی تاوان تێیدا بەرزتر دەبێ. هەربۆیە تا بکرێ نابێ گوێ و چاو و دڵی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ بیستن و بینینی دیمەنی کوشتن و برین رابهێنرێ، چونکە ئەوە ویژدانی مرۆڤانەی خەڵك سست دەکات، تاوان لەلایان ئاسایی دەکاتەوە، هاوکات کاردانەوەی ویژدانیشیان لەدژی تاوان ئیفلیج دەکات کە لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم پەرەسەندنی تاواندا. ئەوەیش کارەساتە.

بەم پێیە ئەو فیلم و ئەنیمەیشنی ترس و توندوتیژیانەی هۆلیود و بۆلیۆد و کۆمپانیاکانیتری فیلمسازی بەرهەمیان دێنن، تەنانەت ئەو هەواڵ و زاراوانەی کوشتن و برینداربوون و سەربڕین و تەقینەوانەی ڕۆژانە لە میدیا خۆماڵی و بیانیەکانەوە بەرگوێ و دیدەی گشتی، بە گەورە و گچکەوە دەکەون، هەر هەموویان دڵمان بەرەو ڕەقبوون و ویژدانمان بەرەو سستبوون و بیماری دەبەن.

ئەوەی لەم بوارەدا تاوانی گەورە و کارەساتی ئەخلاقی و سایکۆلۆژیی گەورەیە و تەلاری ناخ و دڵ و ویژدانی کۆمەڵگە خاپور دەکات، ئەوەیە هەندێ دەوڵەت و هێز –کە بەداخەوە بەیداخی ئیسلامەتییان بەرز کردۆتەوە و بەحسابی خۆیان دەیانەوێ بەو شێوەیە ڕەحمەتی خوا بگەیەنن– دەیکەن کاتێ سزاکانی لەسێدارەدان و کوشتنی حوکمدراوان لە شوێنە گشتیەکان و بەبەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکەن، وەك ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوویەتی بە نەریت و حوکمدراوانی ئیعدام، لەناو ئاپۆرای خەڵکدا، کە ژن و منداڵ و گەنج و پیری تێدایە، لەسێدارە دەدا. یان ئەوەی عەرەبستانی سعودی سزای سەرپەڕاندن بە شیر بەبەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکا، یان ئەوەی داعش و قاعیدە و بۆکۆحەرام و شەبابی سۆماڵی، کە هەموو ئیسلامین، بەبەرچاوی خەڵکەوە کەسانێك بەردباران یان شەلاقکاری دەکەن یان لە گەردنیان دەدەن، یان تەرمەکان لە شوێنە گشتیەکاندا هەڵدەواسرێن یان لەسەر شەقام فڕێ دەدەن و هەندێ جار منداڵ گەمەیان پێدەکەن (داوای لێبوردن دەکەم کە ناچارم ئەو وشانە بەکار بێنم).

ئەو دەوڵەت و هێزە دینییانە هەر بە قەتلۆعامکردنی قوربانیەکان تێر نابن، بەو ڕەفتارەیان ویژدانی باقیی خەڵکەکەیتریش دەکوژن و مەسخیان دەکەن. ئاخر زۆر سەیرە لە ئێران، دەبینی کۆمەڵە گەنجێك ملیان بەپەتەوە کراوە و بەچرکەساتێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕن تا گیان دەسپێرن و کەسوکاریان قیژ و هوڕ و شین و شەپۆڕیانە، کە ئەو دیمەنە بەرد دەکاتە ئاو، کەچی دەیان کەس بێخەم بە مۆبایلەکانیان وێنەی دەگرن تا چێژی لێ وەربگرن. ئاخر ئەگەر دەروونی مرۆڤ مەسخ نەبووبێ و قورئان گوتەنی "لەبەرد ڕەقتر" (..کالحجارة او اشد قسوة) نەبووبێ، چۆن دڵیان بڕوا دەدا شتی وا بکەن؟!.

لە هەموو دنیا کەسانێك لەلایەن دادگەکانەوە بەهۆی تاوانەکانیانەوە سزای جۆراوجۆر دەدرێن، بە سزای لەسێدارەدانیشەوە. بەڵام لە وڵاتانی مرۆڤدا ئەو کارە لە شوێنی تایبەت و پەنهان و دوور لە چاوی خەڵك ئەنجام دەدرێ، چونکە ئامانج لەوەدا سوکایەتیکردن بە کەسی سزادراو یان چاوترسێنکردنی خەڵك نیە، بەڵکو ڕزگارکردنی کۆمەڵگەیە لە خراپەکانی تا کۆمەڵگە لە تاوان پاك ببێتەوە. بەڵام ئەم هێز و ڕژێمە بێویژدانانە ئامانجیان پاککردنەوەی کۆمەڵگە نیە لە تاوان، بەڵکو چاوترسێنکردنی کۆمەڵگەیە تا کەس دەنگی ناڕەزایی بەرز نەکاتەوە، چونکە زۆر جار سزادراوەکان (تاوانبار) نین بەڵکو خەباتکارن و جەللادەکان دەیانەوێ بەو کارە هەم سوکایەتی بەو خەباتکارانە بکەن و هەم کۆمەڵگەیشی پێ زەبوون بکەن. خۆیشیان باش دەزانن ئەو نمایشە تراژیدییە نەك تاوان

له کۆمەڵگەدا کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتری دەکات، چونکە ئیتر خەڵکە بینەرەکەیش دەبنە پرۆژەی ئامادە بۆ تاوان. ئەوەیش ئەوپەڕی نابەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و ئینسانییە.

# ئاین وەك وزەی خێر یان شەڕ؟!

ئاین یەکێکە لەو هێزە رۆحیانەی گەورەترین کاریگەریی لەسەر هەست و سلوکی شوێنکەوتوانی و جۆشدانیان بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و تەختکردنی لەمپەر و بەربەستەکانی بەردەمی هەیە، هەر لەبەرئەوەیە ئاین، هەر ئاینێك، چ بەچاك چ بە خراپ رۆڵی گەورەی لە کۆمەڵگە و مێژوودا هەیە.

کاتێ هێزی ئاین بۆ چاکە و خێر و خۆشەویستی و بەخشندەیی و لێبوردەیی بخرێتە گەڕ، ئیتر پێویستت بە یاسا و پۆلیس و رەنگە دەوڵەتیش نەبێ، چونکە هەموو ئەو کارانەی ئەم دەزگا و ئامرازانە دەیانکەن هەستە ئاینیەکە خۆبەخۆ و بەبێ زۆرلێکردن و چاودێریی دەرەکی بۆ کۆمەڵگەیان فەراهەم دێنێ، هەربۆیە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و مێژوویی لەنێوان ئاین و ئەخلاق و بەها ئەخلاقیەکاندا هەیە. مرۆڤی دیندار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە دەستپاك و دڵسۆز و خێرخواز و خزمەتگوزار و خەمخۆر ناسراوە، یانی بەکورتی رەحمەتە بۆ خۆی و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی.

بەڵام رێك هاوشێوەی وزەی ئەتۆمی کە وەك چۆن لە بارێکدا هەستێکی ئینسانی لەپشتەوە بێ دەکرێ بکرێتە سەرچاوەیەکی بێوێنەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و وڵاتێکی گەورە روناك و ئاوەدان بکاتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر هەستێکی شەڕخوازانەی لەپشتەوە بێ بکرێتە هێزێکی بێئەندازە وێرانکەر و بۆمبێکی لێ دروست بکرێ کە لە چرکە ساتێکدا دەیان هەزار مرۆڤ بکوژێ، ئاینیش بەهەمان شێوەیە.

ئەگەر هاتوو هێزی ئاین بۆ خراپە و رق و کینە و زەبر و زەنگ و شەڕی پیرۆز دژی ئەوانیتر بەکارهات، دەبێتە هێزێکی وێرانکەری گەورە کە رەنگە هیچی لە مەترسیی بۆمبی ئەتۆمی کەمتر نەبێ. لێرەوەیە مێژوو پڕیەتی لەو شەڕانەی ئەو هەستە ئاینییە دزێوە و ئەو بەکارهێنانە خراپەی ئاین لەنێوان شوێنکەوتوانی ئاینە جیاوازەکان و بگرە زۆر جار لەنێوان لایەنگرانی مەزەبە جیاوازەکانی سەر بە هەمان ئایندا بەرپایان کردوون و سەدان هەزار و هەندێ جار ملیۆنان کەسیان تێدا بوونەتە قوربانی، بەشێوەیەك کۆمەڵگە جیاوازەکان بیر لەوە بکەنەوە ئاین و دەسەڵاتی ئاینی و کاریگەریی ئاین لەسەر ژیانی گشتی دوور بخەنەوە تا ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانیان مسۆگەر بکەن.

دیارە هەر ئاینێك لەو رووەوە چیرۆکی خۆی هەیە، لەوانە ئاینی ئیسلام کە ئاینی بەشی هەرەزۆری کوردستان و عێراق و وڵاتانی موسڵمانە.

ئاینی ئیسلام وەك هەر ئاینێکیتر چیرۆکی دڵخۆشکەر و چیرۆکی تۆقێنەری تێدایە. دەقی نەرم و مژدەبەخش و دەقی رەق و ترسێنەریشی تێدایە، چ بۆ ئەم دنیا و چ بۆ ئەو دنیا:

**- مژدەبەخش:**

* قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ {الزمر/٥٣}
*.. وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ {الأعراف/١٥٦}

**– ترسێنەر:**

* ..وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ {هود/١١٩}
*.. وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ {النور/٢}

باسی ئاشتی و ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی تێدایە، هاوکات باسی شەڕ و توندوتیژی و لەناوبردنی دوژمنیشی تێدایە، باسی لێبوردن هەروەها باسی تۆڵەکردنەوەیشی تێدایە:

**– ئاشتی و ناتوندوتیژی و پێکەوەژیان:**

* وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ {الأنفال/٦١}
* قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ {آل عمران/٦٤}
* لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ {المائدة/٢٨}

**– توندوتیژی و شەڕ:**

* قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ {التوبة/٢٩}
* فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ..{التوبة/٥}
* مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ .. {الفتح/٢٩}
* هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ {الصف/٩}

باسی وەڵامدانەوەی تۆڵەکردنەوە و مامەڵەی هاوشێوەی رەق بە رەق و هەق بە هەقی کردوە، هاوکات باسی لێبوردەیی و بەخشینیشی کردوە:

**– تۆڵەی هەق بە هەق:**

* .. فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ.. {البقرة/١٩٤}
* .. وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً... {التوبة/٣٦}
* وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ.. {البقرة/١٩١}
– بەخشین و لێبوردەیی:
* ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ {المؤمنون/٩٦}
* وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ {البقرة/٢٣٧}

ئیدی ئەوە کە ئەم دەقانە چۆن چۆنی تەفسیر کراون، بە چ ریزبەندی و رێکخستنی ئەولەیاتێك دابەزێنراون، پاشخان و ئاستی هۆشیاری و کەلتووری جیاوازی کۆمەڵگەکان چ کاریگەریەکی لە تێگەیشتن و دابەزاندنی ئەو دەقانەدا هەبووە و سەرەنجام چ مێژوویەك بەرهەم هاتووە و ئەو مێژووە چەندە گوزارشت لە رۆح و پەیام و ئامانجی ئەو دەقانە و سەدان و هەزاران دەقیتر لە سەرچاوە تەئسیسیەکانی ئاینەکەدا دەکا، ئەوەیان بابەتێکە مشتومڕ هەڵدەگرێ. پێداگریکردنی رەوتێکی دیاریکراویش لەسەر ئەوەی ئەو واقیعە مێژووییە گوزارشت لە دەقەکان و ئاینە راستەقینەکە ناکا، تەنیا پاکانەیەکی ئەخلاقییە بۆ ئاینەکە و یەکلاکردنەوەیشی مەحاڵە، بەڵام ئەوە روونە کە ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێ خودی دەقەکان نین، چونکە دەقەکان لە هەردوو جۆرەکەیان تێدایە، بەڵکو ئەو وێنە جیاوازانەیە کە موسڵمانانی شوێنکەوتووی ئاینەکە لە مێژوودا لە خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو دەقانە گەڵاڵەیان کردوە، هەربۆیە دەبینین خوێندنەوەی جیاواز و لەوێیشەوە مەزەب و قوتابخانەی فیکری و فیقهی و سیاسیی جیاواز بەرهەم هاتووە، کە هەندێ جار جیاوازیەکەیان تا رادەی نامۆکردنیان بەیەکتر لێك دوور بووە و کار گەیشتۆتە ئەوەی لەسەر جیاوازیی تێگەیشتنی ئاینییان دژ بەیەکتر بوەستنەوە و یەکتر بچەوسێننەوە.
سیستمی بیرکردنەوەی ئاینیی باو لە سەدان ساڵەوە تا ئەمڕۆ هێندەی بەشی دووەم، واتە دیوە تۆقێنەر و ترسێنەر و توندوتیژ و رەقەکە زەق دەکاتەوە و گەورە و بچوکی ئێمەی پێ گۆش دەکا و بەوەیش توندوتیژی دەکاتە بنچینە لە هەست و هۆشی مرۆڤی ئیمانداردا، نیو هێندە دیوە نەرم و ئومێدبەخش و ناتوندوتیژییەکە پیشان نادات و کاری بۆ ناکا. ئەم پەروەردە ئاینییە ریشەداکوتاوە وای کردوە ئیمانی تاکی موسڵمان هێندەی ئیمانێك بێ زادەی ترس لە رق و خەشم و تۆڵەی خوا، گۆڕەوشار و عەزابی قەبر و ئەشکەنجە و جەزرەبەی جەهەننەم بێ، هێندە زادەی خۆشەویستیی خوا و پەیوەندیەکی دۆستانەی نێوان خالق و مەخلوق و حەزی نەمری دنیایەکی ئەبەدی و بگرە تەنانەت خۆشی و ناز و نیعمەتەکانی بەهەشتیش نەبێ، بەشێوەیەك رەنگە زیادەڕەوی نەبێ ئەگەر بڵێین خەڵك ئەوەندەی ترسی چوونە دۆزەخیانە ئەوەندە خەمی چوونە بەهەشتیان نیە.

ئەم ترسە گەورە و لاسەنگە لەسەر حسابی لەدەستدانی هەستی خۆشەویستی و متمانە بە خۆشەویست، وای کردوە مرۆڤی موسڵمان تەنانەت کاتێکیش بەئەوپەڕی دڵسۆزی و لێبڕان و وردی عیبادەت و ئەرکەکانی جێبەجێ دەکا، هەر بترسێ و بەگومان بێ خوا لێی وەرنەگرێ و سزای بدا، لەکاتێکدا باوەڕیشی وایە خوا ئەرحەمو راحیمینە و دادپەوەریی رەهای هەیە و رەنجی بەندەکانی بەزایە نادا، وەك ئەوەی خوای گەورە بەبیانوو بێ لەوەی شوبهەیەك لە تاعەت عیبادەتی بەندەکانیدا بدۆزێتەوە تا سزایان بدا، وەك ئەوەی لای خوا سزادان لەپێش لێخۆشبوون بێ، لەکاتێکدا خوا فەرمویەتی (رەحمەتی من هەموو شتی گرتۆتەوە)[12] بەڵام نەیفەرموە (سزا یاخود خەشمی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە).

ئەم زهنیەتە ئاینییە باڵادەستە کە بەرهەمی سیستمێکی سەقەتی تێگەیشتن و پەروەردەی ئاینییە و دەکرێ ناوی بنێین (زهنیەتی بێمتمانەیی بە خوا)، وای کردوە زانا و موفتی و فەقیهی موسڵمان لە فتوا و رێنمایەکانیاندا زیاتر بەلای توندگیریدا بچن نەك نەرمگیری یاخود ئاسانگیری، زیاتر بەلای حوکمدان بە حەرامی و کەراهەدا بچن تا حەڵاڵی یاخود موستەحەب یان موباح، گوایە بۆ زیادە ئیحتیاتە، بەشێوەیەك وەك –هەڵە نەبم– شێخ یوسف قەرزاوی دەڵێ، ئاین بووەتە کۆمەڵێ ئەحوەتیات!

ئەمە لەکاتێکدایە ریوایەتمان هەیە کە پێغەمبەر (د.خ) هەرکات لەنێوان دوو ئەرکدا سەرپشك کرابێ، ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد بەو مەرجەی گوناهی تێدا نەبووبێ[13].

ئەم پەروەدەیە وای کردوە موسڵمانی ئاسایی هەمیشە دوودڵ و راڕا بێ و ورکەی ئەوەی هەبێ ئەو کارەی دەیکا شەرعی نەبێ و سزا بدرێ، هەربۆیە زۆرجار خۆ دەبوێرن لە سوود بینین لەو روخسەتانەی وەك ئاسانکاری لە هەندێ دۆخی تایبەتدا بۆ مرۆڤی موسڵمان دانراون، وەك کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەر، یان رۆژوونەگرتن لە سەفەر و کاتی نەخۆشیدا، زۆر کەسم دیوە لە سەفەری دوور و درێژیشدا نوێژ کورت–کۆ (قەسر و جەمع) ناکا، چونکە بەو شێوەیە دڵی ئاو ناخواتەوە و هەست دەکا تاوانبارە! ئەمە لەکاتێکدا حەدیس هەیە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: إِ(نَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ)[14] واتە: خوا وەك چۆن پێی خۆشە سوود لە عەزایمەکانی (واتە ئەرکە قورسەکان) وەربگیرێ بەهەمان شێوە پێیشی خۆشە سوود لە روخسەتەکانی (واتە ئاسانکاریەکانی) وەربگیرێ.

---

[12] ئایەتی: وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ {الأعراف/١٥٦}

[13] حدثنا عبد الله بن مسلمة عن مالك عن ابن شهاب عن عروة بن الزبير عن عائشة رضي الله عنها أنها قالت: ما خير رسول الله صلى الله عليه وسلم في أمرين إلا اختار أيسرهما ما لم يكن إثما فإن كان إثما كان أبعد الناس منه وما انتقم رسول الله صلى الله عليه وسلم لنفسه إلا أن تنتهك حرمة الله تعالى فينتقم لله بها .

قال المنذري :وأخرجه البخاري ومسلم والترمذي .

[14] رواه الإمام أحمد وابن حبان، والبيهقي

لە هەمووی ترسناکتر لەم دیاردەیەدا ئەوەیە لە سایەی ئەو پەروەردە و کەلتوورەدا گرووپە توندڕەو و دڕەکان بەئاسانی سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن. هەر کە زار دەکەنەوە دەبینی گەروویان پڕپڕە لە دەقەکانی ئاین کە پاڵپشتی لە نەهجەکەیان دەکەن، بەشێك لە نهێنیی سیحر و جازبیەتی ئەو رەوتانەیش بەلای توێژی گەنجانی تازەپێگەیشتوو و خوێنگەرمی دینداردا ئەو زمانپڕی و متمانەبەخۆبوونە دەقییەی ئەو جۆرە گرووپانەیە، کە زۆرترین دەق و کەمترین وەگەڕخستنی عەقلانیەت و ئینسانیەت و واقیعیەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەقانە بەخەرج دەدەن.

## گوتاری ئاینی و توندوتیژی

گوتاری ئاینی بەتایبەت گوتاری وتاربێژانی هەینی و بانگخوازەکان، کە داڕێژەری هەست و بیرکردنەوەی ئاینیی بەشی هەرەزۆری خەڵکن، بەمەبەست بێ یان بەبێ مەبەست رۆڵی خراپ لە بەرودان بە کەلتوری توندوتیژیی ئاینی لە کۆمەڵگەدا دەدەن.

بەندە لە کتێبی "گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا، ٢٠١٠" ژمارەیەك لە خەسڵەتە مەترسیدار و سەلبیەکانی گوتاری ئاینیم باس کردووە،. یەکێك لە سیماکانی ئەو گوتارە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی تووڕە و کینە لەدڵ و توندوتیژخوازە و لە مێژوو و هزری ئاینی توندوتیژترینیان بەگوێی خەڵکدا دەچرپێنن و هەست و هۆشیان بە کەلتووری توندوتیژی زاخاو دەدەن. کۆمەڵێ نموونەم باس کردوە کە خۆم شایەتیان بووم.

لە خوارەوەوەیش کۆمەڵێ نموونەیتری ئەو گوتارە ئاینییە توندوتیژە دەخەینەروو لەگەڵ تۆمارکردنی لینکی ڤیدیۆیی هەندێکیان:

* مەلایەك[١٥] دەڵێ: هەرکەس بە حوکمی قورئان رازی نەبێ کافرە و ئەگەر حوکمێکی شەرعی هەبێ دەبێ لە ملی بدرێ.
* مەلایەك دەڵێ: بەگوێرەی حەدیسی (امرت ان اقاتل الناس..) ئەوەی نوێژ نەکا کافرە و خوێنی حەڵاڵە.

---

[١٥] بەلامەوە سەیرە هەندێ مامۆستای ئاینی بەسوکایەتی دەزانن پێیان بوترێ (مەلا) و زیاتر وشەی (مامۆستا)یان پێ خۆشە، لەکاتێکدا بە مەلا ناسراون و وشەی مەلا نازناوێکی زانستییە، بەندەیش هەر بەو مانایە بەکارم هێناوە و بەهیچ شێوەیەك مەبەستم بێڕێزیکردن نیە لە ناوهێنانی ئەو بەڕێزانەدا.

* مەلایەکیتر دەڵێ: ئەوەی مونافەسەی دەسەڵات بکا لەسەر ریئاسەت ئەوە بەپێی شەرعی خوا دەبێ لە ملی بدرێ!

* مەلایەکیتر دەڵێ: دەبێ بسورمان قومبەلەی نەوەوی هەبی هەموو عالەمیش لەناو ببا ڤی سەبیل ئەوەی شەرعی خوا جێبەجێ ببی!

* مەلایەکیتر بەچێژەوە چیرۆکی غافڵکوژکردنی جولەکەیەکی مەدینە لە دیمەنێکی دڵتەزێندا دەگێرێتەوە.

* خەتیبێك وتارەکەی تایبەت دەکا بە هێرشکردنە سەر ستاف بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەسەر بەکارهێنانی ئاڵاکەی داعش لە سرودێکدا دژی داعش و دەڵێ ئەوانە کافر بوونەتەوە و دەبێ ژنەکانیان مارە ببڕنەوە.

* مەلایەك لەسەر زاری زانایەکی کۆن دەڵێ هەر کەس نوێژی نەکرد شمشێر لەسەر ملی رادەگریت و پێی دەڵێیت نوێژ بکە ئەگەر نەیکرد دەدرێ لە ملی[١٦].

* لەکاتی گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پرۆژە یاساکانی فرەژنی و یاسای باری کەسێتی لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٨دا، لە هەندێ خوتبەدا بە ئاشکرا بانگەشە بۆ توندوتیژی دەکرا. خەتیبێك پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد "پێویستە حکوومەتی هەرێم ئەو زمانانە ببڕێ کە لە پەرلەمان فلانە قسەیان کردووە"، هەروەها لە نزاکاندا دەپاڕایەوە "خوایە ئەو دەستانە فەلەج بکەیت کە دەستیان بۆ فلانە بڕیار هەڵبڕی!".

* خەتیبی گەڕەکەکەمان لە وتاری هەینی نەك باسی جەنگی بەدر و ئوحود و حونەین و یەرموك کە خۆیان باسی شەڕ و شۆڕ و زەبر و زەنگن، بەڵکو باسی ئیسرا و میعراجی بۆ هەزاران گوێگری تەمەن جیاواز دەکرد، کە باسی ئیسرا و میعراج هەر خۆی بیرۆکەکەی جۆرە نەشئە و فەنتازیایەکی هەستبزوێنی تێدایە، بەڵام ئەو لەبری باسی فەنتازیا و جوانی، کردی بە دەرفەتی باسکردنی دیمەنی بەبەرد سەرپانکردنەوە و لچ و لێو بڕین بە مقەستی ئاگرین و داخکردن و سیخ بەورگدا کردن و زیخەبەرد دەرخوارددانی تاوانبارانی نێو دۆزەخ، کە جگە لەوەی زۆر لەو دەقانەی پشتیان پێ دەبەسترێ جێگومانن، هاوکات دڵ و دەروونی مرۆڤ تێکدەدەن و دەماری توندوتیژی و سزا لای مەردم قایمتر دەکەن. تا وای لێهاتووە مرۆڤ نەشئەی ئیمان و پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ پەروەردگار لەبیر بکات و لە ترسی چاوکوێرکردن و لچ و لێو بڕین خوا بپەرستێ.

---

[١٦] بۆ بینینی هەندێ لەو وتارانەی بەئاشکرا زەین و هەست لەسەر کوشت و بڕ پەروەردە دەکەن تەماشای ئەم لینکانە بکە (بەو مەرجەی لینکەکان لە سایتەکان بمێنن):

https://www.facebook.com/azad.kami/videos/vb.1130864267/10206183944614172/?type=2&theater

* http://shrova.org/Detail.aspx?id=13091&LinkID=1

* http://wishe.net/drejav.aspx?=hewal&jmare=21451&Jor=9

ئەمە جگە لەوەی لە خوتبەکاندا، کە ژمارەیەکی زۆر منداڵ و مێردمنداڵیان تێدایە، بە دەنگی دلێر و بەبێ پەردە باسی ملپەڕاندنی نێو غەزاکان و بەردبارانکردن و سەرپانکردنەوەی زیناکەری بەهاوسەر دەکەن. بەداخەوە ئەمە بووەتە کەلتوور تەنانەت لای منداڵانیش، بەشێوەیەك ئیتر وا هەست بکەن لەبری خۆشەویستیی خوا، ترس لە خوا و جێبەجێکردنی هەر دڵڕەقیەك (لە ترسی خوا) لەلایان ئاسایی ببێتەوە. کچە شەش حەوت ساڵانەکەم رۆژێ هاتە ژوورەوە وتی باوکە (....)ی رەفیقم لە کۆڵان ئەڵێ "ئەگەر درۆ بکەی خوا چاوت کوێرە دەکا" راست ئەکا؟!.

* خۆم گوێم لێ بوو بەناو مامۆستایەك لە هۆڵێکدا وانەی دینی بە ژمارەیەك منالی ٦-١٠ ساڵان دەوتەوە، ئەیوت "منالە خۆشەویستەکان خوای گەورە هەڕەشەمان لێئەکا...!!".

ئاخر خوا بۆچی دەبێ هەڕەشە لە منداڵان بکا؟ یان ئەوە تێگەیشتنی هەڵەیە لە ئاین کە دەکرێتە دایەنی ترس و توندوتیژی.

* لە مزگەوتێکی شاری هەولێر، مامۆستای خەتیب باسی ئەوەی دەکرد هەر کەس دژایەتیی خوا بکا، خوا ریسوای دەکات و (لەناوی دەبات)، با تائێرە کێشە نەبێ، بەڵام کێشە لەوەدایە سێ چوار چیرۆکی بەحساب واقیعی لەو بارەوە هێنایەوە کە سەرتاپایان هەڵە و بێبناغە و ناماقوڵ بوون:

**١- کەشتیی تایتانیك، دوژمنی خوا:**

مامۆستا وتی کەشتیەکی دوونهۆمی وا گەورە و بەهێزیان دروست کرد کە مەترسیی تێکشکانی نەبێ، بە رادار هەموو شتێکی کەشف دەکرد، تەنانەت ئەوەندە متمانەیان پێی هەبوو بەلەمی فریاکەوتنیشیان بۆ دانەنا، بەڵام دژایەتیی خوایان کرد و لەسەر کەشتیەکەیان نووسی **"ئەم کەشتییە تەنانەت خوایش ناتوانێ تێکی بشکێنێ"**، هەربۆیە خوای گەورە کێشای بە شاخێکی بەفردا و کردی بە دوو پارچەوە و ژمارەیەکی کەمیان نەبێ هەموو تیاچوون. هەتا کاپتنەکە بەکەشتیەکەی وت "خۆ خۆتت بە دژایەتیکەری خوا دائەنا، بۆچی وا تێکشکای؟!".

مامۆستا پێی نەوتین لە چ سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە کراوە دروشمی وا لەسەر تایتانیك نووسراوە[١٧]، کوا خوا کردویەتی بەعادەت هەرکەس کوفر بکا یەکسەر لەناوی ببات؟ ئەگەر وابوایە کەس کوفر و بێدینی نەدەکرد. خۆ ئەگەر فەرزی مەحاڵ وایش بێ دەبوو کۆمپانیای کفرکەر سزا بدرێ نەك زیاتر لە ١٥٠٠ سەرنشینی بێتاوان باجەکەی بدەن.

**٢- کەشتیی (بەگوتەی مامۆستا) ئەشلنجەر (کە خۆی چەلنجەر)ـە:**

---

[١٧] دەتوانیت لەم لینکەدا سەیری وێنەکانی کەشتیی تایتانیك بکەیت: http://vb.n4hr.com/164206.html

مامۆستا گێڕایەوە: "لە وڵاتێك، ئەڵڵاهو ئەعلەم ئەمریكا بووە، كەشتیەكی ئاسمانی بە حەوت كەشتیەوانەوە چوو بۆ بۆشایی ئاسمان، لەناویاندا پزیشكێك و ژن و مێردێكیان دانابوو، تا هەر لە فەزا جووت ببن و منداڵیان ببێ و بوترێ ئەها ئەو مرۆڤە لە زەوی لەدایك نەبووە، كەشتیەكەیشیان ناونا "ئەشلنجەر" واتە تەحەددا، تەحەددای خوایان پێ كرد، هەربۆیە دوای حەفتا چركە لە هەستانی بوو بە خۆڵەمێش".

جارێ من –بەچاوپۆشین لەو سیناریۆیە– نازانم ئەگەر كەسێك لە فەزا لەدایك ببێ بۆچی گژبەری (تەحەدا)ی خوایە؟ ئەمە جگە لەوەی ناونانی كەشتیی ئاسمانیی چەڵنجەری ئەمریكی (نەك ئەشلنجەر وەك ئەو وتی) بەو ناوەوە كە بەواتای "گژبەریكار" دێ، بۆچی دەبێ وابزانرێ مەبەست گژبەریكردنی خوا بووە؟! ئاخر چەڵنجەر پێشتر نۆ گەشتی سەركەوتووی كردبوو، خێرە لە دەیەمدا خوا قاری لێدەگرێ و تێكیدەشكێنێ؟ دەبوو لە یەكەمدا تێك بشكێ.

باشە وا وتمان چەڵنجەر لە ٢٨-١-١٩٨٦بەهۆی غەزەبی خواوە تێكشكا، ئەی كەشتیی كۆڵۆمبیا بۆچی لە شوباتی ٢٠٠٣ تێكشكا؟ بۆچی وادەزانرێ ئەمریكیەكان هەموو مولحید و زندیقن لەكاتێكدا ئەمریكا تائێستایش لەسەر دۆلارەكەی نووسیوە IN GOD WE TRUST واتە ئێمە بڕوامان بەخوا هەیە.

**٣– نێبیسی سەرۆكی بەرازیل:**

مامۆستا وتی: سەرۆكێكی بەرازیل بەناوی نێبیس لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا وتی "ئەگەر پێنج هەزار دەنگ بێنم، دەبمە سەرۆكی وڵات تەنانەت ئەگەر خوایش رازی نەبێ". هەڵبژاردن كرا و راگەیەنرا كە نێبیس زیاتر لە پێنج هەزار دەنگی هێناوە و هەموولا چاوەڕوان بوون ببێتە سەرۆك، هەر لەوكاتەدا خوا تووشی جەڵتەی مێشكی كرد و بردیەوە بۆ لای خۆی.

راستیەكەی هیچ زانیاریەكم لەسەر ئەم كاندیدە بێچارە روتەڵەیە دەست نەكەوت، بەڵام دڵنیام ئەویش بێڕەگ و ریشە و خەیاڵچنە، چونكە هیچ كاندیدێكی سەرۆكایەتیی بەرازیل بە بەدەستهێنانی پێنج هەزار دەنگ نایباتەوە.

* هەروەها وتی ئەو پیاوەی قورئانی سوتاند هەردوو دەستی سوتان و بوون بە رەژوو. ئەم قسەیەیش ئەسڵ و ئەساسی نیە.

ئەڵبەت مامۆستا بۆ هیچکام لەم چیرۆکانە سەرچاوەیەکی باس نەکرد. سەیر لەوەدایە زۆر لەم جۆرە چیرۆکانەی خوتبەکان بێباوك و دایکن.

عەقڵی ئاینی باو دەقی بەوەوە گرتووە کە مرۆڤ و خوا وەك دوو رکابەر ببینێ، بۆیە هەر پێشکەوتن و بەهێزبوونێکی مرۆڤ، بەتایبەت ئەگەر ئەو مرۆڤە موسڵمان نەبێ و بەدڵی ئەو عەقڵە نەبێ، بە مەترسی بۆ سەر دەسەلات و پێگە و شکۆی خوا دادەنێ، کە بێگومان –بەعەقڵی ئەو– خوا لەسەر ئەوە لوتی دەشکێنێ تا دەسەڵاتی خۆی پیشان بدات!

ئاخر ئەمە ئەگەر نەخۆشیی دەروونی و گرێی توندوتیژی و کەلتووری دواکەوتن و بچوککردنەوەی شکۆ و دەسەڵاتی خوای گەورە نەبێ چییە؟! مرۆڤ چییە تا تەحەدای خوا بکا؟ چ مرۆڤێکی عاقڵ کە باوەڕی بەوە بێ ئەم گەردوونە مەزن و سەرسوڕهێنە خوا دروستی کردوە، سنگ بەرانبەر خوا دەردەپەڕێنێ؟ ئەگەر باوەڕی بە بوونی خوا نەبێ باسی ناکات و تەحەدایشی ناکا، ئەگەر باوەڕی بە بوونیشی هەبێ زات ناکا ئەوە بکا، مەگەر عەقڵی لەدەست دابێ. قەت نابینی کەسێکی ئاتیست (مولحید)ی جیدی قسە بەخوا بڵێ یان سوکایەتی بە دەسەڵاتەکانی بکا، یان گژبەری بکا، چونکە ئەو باوەڕی بە بوونی نیە و سەرچاوەی سروشت و گەردوون بۆ شتێکیتر دەگێڕێتەوە.

ئەو کەسەی کوفر دەکا، بەرانبەر خودا بێئەدەبی دەکا، کەسێکی باوەڕدارە با ئینکاریشی بکا، بەڵام ئیتر وەك هەر خراپەکارێك تایمی تێکچووە و چاك و خراپ لێك جیا ناکاتەوە، یان جیای دەکاتەوە بەڵام سوورە لەسەر سەرکێشی، کە دەشێ هەندێ جار سەریشی لەوەدا بچێ.

ئەم عەقڵە ئاینییە بەو سروشتەی سوکایەتی هەر بە مرۆڤ ناکا، سوکایەتی بە زاتی ئیلاهیش دەکا. سوکایەتی بە مرۆڤ دەکا چونکە نرخی نازانێ، سوکایەتی بە زاتی ئیلاهیش دەکا چونکە لە پێگە و مەقامی تێنەگەیشتوە کە ئەو خالقە و جگە لەو هەموو مەخلوقن. گژبەری (تەحەدی) لەنێوان دوو رەگەزی هاوشێوەدا دەکرێ کە سروشت و هێز و توانایان لەیەك بچێ یان لێك نزیك بێ، لەنێوان خالق و خالق (وەك گریمانە) یان مەخلوق و مەخلوقدا دەکرێ، نەك لەنێوان مەخلوق و خالقدا، ئەوەتا قورئان کاتێ نەفی فرەخودایی دەکا ئەوە بەبەڵگە دێنێتەوە کە ئەگەر دوو خودا لە گەردووندا هەبوونایە رکابەری و گژبەریی یەکتریان دەکرد:

* قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لاَّبْتَغَوْاْ إِلَى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلاً {الإسراء/٤٢}

* مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ {المؤمنون/٩١}

لێرەوەیە ئەو جۆرە عەقڵە، کە بەبێ ڕاسپاردن خۆی کردۆتە نوێنەر و گوتەبێژی خودا، هەمیشە بەدوای مرۆڤەوەیە و بەناو بەرگریکردن لە خوا و پاراستنی سنوورەکانی خوا، بەبۆنە و بێ بۆنە سوکایەتی پێدەکا، بۆیە دەبینی لەکاتێکدا زانا و بانگخوازەکان لە هەموو لایەك زیاتر باس لە لێبوردەیی ئیسلام و ڕێزگرتنی هەستی خاوەن ئاینەکانیتر دەکەن و هەندێ جار لەوەدا موزایەدە بەسەر خۆرئاوایشدا دەکەن، کەچی زۆرجار پێچەوانەی ئەوەت بەرچاو دەکەوێ.

هەربۆیە هەموو ساڵێ لەگەڵ هاتنی ڕۆژانی کۆتایی سەری ساڵ و جەژن و ئاهەنگەکانی مەسیحیەکان لەو ماوەیەدا، بەناوی ڕەخنەگرتن لە بەشداریکردنی موسڵمان لەو بۆنانانەدا شالاوێکی بەرفراوانی بریندارکردنی هەستی مەسیحیەکان و وروژاندنی موسڵمانی ئاسایی لەو خەڵکە لە وتارەکانی هەینی و رادیۆ و تیڤیەکاندا دەست پێدەکا، کە ئەگەر غەریبەیەك بێتە ئەم وڵاتە وا هەست دەکا شەڕێکی راستەقینە لەنێوان موسڵمان و مەسیحیەکان بەرپایە و خەڵك بۆ ئەو شەڕە ساز دەکرێن.

دیارە تێڕوانینی موسڵمان و مەسیحیەکان بۆ چیرۆکەکانی حەزرەتی مەسیح جیاوازە، ئەوە ئاینە، هەریەك بیروباوەڕی خۆی لەلا ڕاست و پیرۆزە و ئەوەیشی بەمیرات بۆ ماوەتەوە. هیچ پێویست نیە ئێمە بێین بەشێوەیەك کە هەستی رق و داماگیری موسڵمانی سادە دەوروژێنێ، بیروباوەڕەکانی بابای مەسیحی یان غەیرە مەسیحی لە چاویلکەی خۆمانەوە نەك خۆیان زەق بکەینەوە، وەك ئەوەی هەندێ وتاربێژ دەیانوت: "ئەوان دەرێن خودا سیانە"، "تۆی موسڵمان چۆن رازی دەبی بوترێ بابانوئێل بەبۆنەی ئەوەی خوا کوڕی بووە خەڵات بەسەر منداڵاندا دەبەخشێتەوە؟!"، "خاچ بەدرۆخستنەوەی ئایەتی خوایە"، "تەنیا موسرمانان برانە، جائیز نیە برێین برایانی مەسیحی"، کە هیچ دوور نیە ئەو قسانە کەس یا کەسانێکی بیرتەسك هان بدا بەهۆی بوونی بابانوئێلێکەوە لە دوکان، سوپەرمارکێت یان ماڵێك ئاشوبێك بنێنەوە یان کارەساتێك بقەومێنن.

شتێکی ئاساییە کە ئەم جۆرە بیکردنەوەیە و ئەم تێڕوانینە بۆ کەسانی ناموسڵمان و بیروباوەڕیان، داعش بەرهەم بێنێ، کە دەست بەسەر هەر شوێنێکدا دەگرێ شەلم کوێرم دەکەوێتە تەقاندنەوە و وێرانکردنی پەرستگاکانی مەسیحی و یەزیدیەکان و تەنانەت ئاسەوارە کۆنە دەگمەنەکانیش، وەك تێکوپێکدان و وردوخاشکردنی ئاسەوارە دێرینەکانی مۆزەخانەی موسڵ و شاری ئاسەواریی نەمرد

لەو پارێزگایە، کە لە مانگی شوبات و ئاداری رابردوو داعش خۆی ڤیدیۆکانی بڵاو کردەوە. ئیتر تەقاندنەوەی مەزار و مزگەوتە دێرینەکان با بوەستێ.

سەرنج بدە، موسڵمانێك لە کوردستان یان ئەفریقیاوە دەچێتە وڵاتێکی زۆرینە مەسیحیی خۆرئاوا، پێنج شەش ساڵ دەمێنێتەوە رەگەزنامەی ئەو وڵاتە وەردەگرێ و دەبێتە هاوڵاتی و خاوەنی وڵاتەکە، بەڵام هەندێ خەڵکی بەناو زانای موسڵمان هێشتا مەسیحی و غەیرە مەسیحیی کوردستان بە غەریبە و بێگانە لەم وڵاتە دادەنێن بەناوی ئەوەی خاکی ئیسلامە، لەکاتێکدا هەمان مەنتیق بۆ خۆرئاوا بەرامبەر موسڵمانێك بە رەوا نازانن، هەربۆیە رێگە بەخۆیان دەدەن بێگوێدانە هەستی ئەو هاوڵاتیانە، لە میمبەر و کەناڵەکانەوە ئەوەی خراپ بێ بە ئاین و موعتەقەداتیان بیڵێن و تەنانەت خەڵك لە وتنی دوو وشەی "جەژنت پیرۆز" بە هاورِێ یان هاوسێکانیان تۆقێنن. ئەوە چەند سەیر و نامۆیە تۆ سڵ بکەیتەوە لەوەی بە هاورِێ یان دراوسێ مەسیحی یان کاکەیی یان ئێزدیەکەت بڵێیت : جەژنت پیرۆز! لەکاتێکدا ئەوان سڵ ناکەنەوە لەوەی جەژنە پیرۆزە لە ئێمە بکەن. لە ژوورەکەی خۆم لە دەوامی رەسمی پزیشکێکی مەسیحیم لەگەڵە و بەفرگرێك لە ژوورەکەدایە کە ئاوی ساردی تیایە، یەکەم رۆژی ئەم رەمەزانەی دوایی (٢٠١٥) ئەو پزیشکە مەسیحییە وتی کاك فلان بەرِۆژوویت؟ منیش بیرم لە مەبەستی پرسیارەکەی نەکردەوە و بەعەفەوی وتم: بەڵێ. جا بوتڵە ئاوەکەی لە سەلاجەکە دەرهێنا و هەستایە سەرپێ بۆ رۆیشتن، ئەوجا زانیم بۆچی ئەو پرسیارەی کرد. چەندی کردم و کۆشام وتم دکتۆر زۆر ئاساییە لە ژوورەوە ئاوەکەت بخۆرەوە! رازی نەبوو لەبەرچاوی من بیخواتەوە و چوو لە دەرەوە خواردیەوە. هەر جارێکیتریش بیخواردایەتەوە دەچووە دەرەوە.

ئەوە چ رەوشتێکی دینییە و لەکوێی ئیسلامەتیدا جێی دەبێتەوە بەرانبەرەکەت بەو شێوەیە رێز لە شعوری دینیی تۆ بگرێ تۆ لەبری چاکە بە قوزەڵقورت وەڵامی بدەیتەوە، لەکاتێکدا ئەوە رێبازی قورئانە کە:

– چاکە بە چاکە: (هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ {الرحمن/٦٠}.

– خراپە بە خراپە: (وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا.. {الشورى/٤٠}

– یان باشتر لەوە خراپەیش بەچاکە وەڵام بدرێتەوە، وەك ئایەتەکەی دوایی پاش ئەوە دەڵێ: ..فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ {الشورى/٤٠}

* ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ {فصلت/٣٤}

* ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ {المؤمنون/٩٦}

سەیر ئەوەیە خاوەنانی ئەو زهنیەتە سووریشن لەسەر ئەوەی ئەوە لوتکەی دادپەروەری و مرۆڤایەتییە.

## جیهاد و توندوتیژی

جیهاد یاخود (قتال) بەمانای جەنگان لەپێناو خوادا، بەواتای لەپێناو بڵاوکردنەوە و پیادەکردنی پەیامەکە و بەگژاچوونەوەی ئەو هێزانەی دژایەتی دەکەن یان دەبنە لەمپەر لە بەردەمیدا، بابەتێکی مەرکەزییە لە ئیسلامدا کە سەدان ئایەت و حەدیس جیهاد وەك فەریزەیەکی گرنگ لە هەست و هۆشی موسڵماناندا دەیچەسپێنن و سیما و ئامانج و رێوشوێنەکانی شی دەکەنەوە.

جیهاد هەندێ جار –وەك ئایەتی ٧٥ی سورەتی (النساء) باسی دەکا[١٨]– دەشێ شەڕ بێ بۆ رزگارکردنی خەڵکانی ستەمدیدەی ژێر دەسەڵاتێکی ستەمکاریش بکرێ، هەروەك دەشێ ئەو شەڕە هەموو جار شەڕی بڕواداران و بێبڕوایان نەبێ، بەڵکو شەڕ بێ لەنێو بازنە ئیسلامیەکەیشدا دژی ئەوانە بەرپا بکرێ کە دەستدرێژی دەکەن، وەك ئایەتی ٩ی سورەتی (الحجرات) ئاماژەی پێدەدا[١٩].

بوون و پێگەی گەورە و مەرکەزیی جیهادی چەکداری لە ئیسلامدا، بەتایبەت لە سەرچاوەی یەکەمی ئاینەکەدا کە قورئانی پیرۆزە و راشکاوانە وەك چۆن دەڵێ (رۆژووتان لەسەر فەرز کراوە) (کتب علیکم الصیام)، ئەوایش دەڵێ (شەڕکردنتان لەسەر فەرز کراوە) (کتب علیکم القتال)، وای کردوە ئاینەکە بەلای نەیارانیەوە وەك ئاینێکی توندوتیژ و شەڕخواز بناسرێ، بەتایبەت کە ئاینەکە لەڕێی پرۆسەیەکی سەربازیی سەدان ساڵە و سەرەمڕەوە کە بە (فتوحاتی ئیسلامی) ناسراوە بە زۆربەی ئەو شوێنانەدا بڵاو بۆتەوە کە ئێستا بە جیهانی ئیسلامی ناسراون، هەروەها زۆربەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازیەکانی قۆناغی کۆلۆنیالی بەپاشخانی ئاینی و پشتئەستوور بە فەلسەفەی جیهاد (غەزا)ی کافران کراون.

---

[١٨] وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا {النساء/٧٥}

[١٩] وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ {الحجرات/٩}

پاش قۆناغی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەیی و سیکیولارەکانیش چەندین گرووپی جیهادی پشتئەستوور بە تێزی جیهاد، کە پێیان وایە وەسیلەیەکی شەرعییە بۆ لەناوبردنی هێزی کوفر، بۆ روخاندنی ئەو رژێمانە لەرێی توندوتیژیەوە پەنایان بۆ یاخیبوونی چەکداری بردوە، کە هەندێکیان لە بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبر و زەنگدا هەموو سنوورەکانیان تێپەڕاندوە، لەوانە رێکخراوی قاعیدە و پاش ئەویش داعش.

ئەم بابەتە تایبەت نیە بە قسەکردن لەسەر چەمکی جیهاد، بەڵام هێندەی بۆ ئەم بابەتە گرنگ و پێویست بێ، دەڵێم جیهادیش وەك باقیی چەمکەکانیتر لە ئیسلامدا تێگەیشتنی جیاواز هەڵدەگرێ، کە هەریەك لەو تێگەیشتنانە وێنە و رۆڵێکی جیاواز بە جیهاد دەبەخشێ کە جیایە لەویتر[٢٠].

لەنێو زانا بیرمەندانی موسڵماندا سەبارەت بە پێناسە و رۆڵ و پاڵنەری جیهاد دوو ئاراستە هەیە: ئاراستەیەکیان پێی وایە ئەسڵ لە پەیوەندیی موسڵمانان و ناموسڵماناندا ئاشتی و پێکەوەژیانە، لەبەرئەوە جیهاد دژی کوفر نیە بەڵکو دژی ستەمە، واتە کافر لەبەر کوفرەکەی شەڕی لەدژ ناکرێ بەڵکو لەبەر ستەمەکەی و شەڕی لەگەڵ دەکرێ کاتێ دەستدرێژی بکاتە سەر موسڵمانان، یان پلان بۆ ئەوە دابنێ. بەم پێناسەیە سروشتی جیهاد سروشتێکی بەرگریکارانەیە و بۆ پاراستنی سنوورەکان و دوورخستنەوەی مەترسیەکانە. جیهاد بەم مانا گشتییە هەمان ئەو مافی رەوای بەرگری لەخۆکردنەیە کە یاسای نێودەوڵەتیش دانی پێداناوە، چونکە وەك دەبینین شەڕ و شۆڕ و تەماعکاری و دەستدرێژی وا بەئاسانی نابڕێتەوە، لەبەرئەوە چەمکی جیهاد بەمانای بەرگری لەخۆکردن و فەلەسەفەی خەباتی رزگاریخوازی جێی دەبێتەوە.

ئەم رەوتە کۆمەڵێ ئایەت و حەدیس بۆ پاڵپشتیکردنی تێزەکەی دەخاتە روو. هاوکات هەوڵ دەدا جەنگەکانی فتوحاتیش لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا لێك بداتەوە. ئەمە بەگشتی بۆچوونی رەوتە مەدەنییە ئیسلامییەکانی هاوشێوەی ئیخوان و ئیخوان مەشرەبەکانن کە کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکانی وڵاتانیان تەکفیر ناکەن، باوەڕیان بە کاری سیاسیی مەدەنی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و چەمکی هاوڵاتیبوون و پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتە ئاینیەکان و رێزگرتنی سنوور و سەروەریی دەوڵەتان و پاراستنی ئاشتیی جیهانی هەیە.

---

[٢٠] بەندە لە کتێبێکیی تایبەتدا لەبارەی توندوتیژیی ئاینی و فیکری داعش درێژتر لەسەر ئەم بابەتە وەستاوم و بۆچوونی رەوتە جیاوازەکانم خستۆتە روو و دید و شیکردنەوەی خۆیشم لەسەری خستۆتە روو. بەهیوای ئەوەی لە نزیکترین دەرفەتدا چاپ و بڵاو ببێتەوە.

هەروەها کۆمەڵێ زانای ئاینی و بیرمەندی ئیسلامیش هەوڵەکانیان لە بواری دەرخستن و قووڵکردنەوەی سروشتی بەرگریکارانە و ئاشتیخوازانەی جیهاد و ئیسلام، پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاشتیی جیهانی رەتکردنەوەی جیهادی تەڵەب، واتە پەلاماردانی خەڵکانی ناموسڵمان بەناوی جیهاد و بۆ موسڵمانکردن یان داگیرکردنیان، خستۆتە کار و چەندین کتێبیان لەوبارەوە داناوە، لەوانە شێخ محەمەد عەبدە، رەشید رەزا، شێخ مەحمود شەلتوت (کتێبی: القرآن و القتال)، شێخ محەمەد ئەبوزەهرە (کتێبی: العلاقات الدولية)، شێخ محەمەد عەبدوڵا ئەلدەراز (کتێبی: مبادئ العلاقات الدولية في الإسلام)، شێخ عەبدولوەهاب خەلاف (کتێبی: السياسة الشرعية أو الدولة الإسلامية)، دکتۆر عەبدولکەریم زێدان (کتێبی: أحكام الذميين والمستأمنين في شريعة الإسلام)، د. وەهبە ئەلزوخێری (کتێبی: من أثار الحرب في الفقه الإسلامي)، شێخ یوسف قەرزاوی (فقه الجهاد)، د. عیسام ئەلبەشیر و فەهمی هوەیدی و چەندینیتر، لە کوردستانیش د.مستەفا زەڵمی، تەنانەت م.عەلی باپیر (ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی)ش لە زنجیرە وتارێکیدا کە پاش شاڵاوەکەی داعش بۆ سەر کوردستان نووسیونی، جەخت لە هەمان بۆچوون دەکات.

رەوتێکیتر کە بە رەوتە رادیکاڵی و جیهادیەکان ناسراوە بەپێچەوانەوە باوەڕیان وایە شتێك نیە بەناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان کوفر و ئیماندا، پەیوەندیی موسڵمانان و بێباوەڕان پەیوەندیی شەڕە تا ئەوکاتەی ملکەچی دەسەڵاتی ئیسلامی دەبن و جزیە دەدەن، بەلای ئەمانەوە جیهاد دژی خودی کوفرە نەك ستەم، لەبەرئەوەی هەر خودی کوفرەکە خۆی گەورەترین مەترسی و ستەمە، بۆیە دەبێ دەستپێشخەری راگەیاندنی شەڕ لەدژی کافران بکرێ با ئەوانیش دەستدرێژی نەکەن تا یان لەناو دەبرێن یان موسڵمان دەبن یان ملکەچ دەبن و جیزیە دەدەن. بەم پێیەیش بەلای ئەم رەوتەوە جیهاد بەرگریکردن نیە بەڵکو هێرشبەرانەیە. هەربۆیە ئەم رەوتە جیهاد دژی دەسەڵاتە سیکیولارەکانیش بەواجب دەزانن لەو رووەوە بە کافریان دادەنێن لەبەرئەوەی حوکم بە شەریعەت ناکەن، بگرە هەندێکیان سڵ ناکەنەوە لەوەی کۆمەڵگەیش بەتەواوی کافر بکەن و داوا بکەن کۆمەڵگە موسڵمانەکان سەرلەنوێ باوەڕ بێننەوە. ئەمانە باوەڕیان بە چەمکی هاوڵاتیی یەکسان و دانانان بە سنوورەکان و شەریعەتی نێودەوڵەتی نیە. رێکخراوی قاعیدە و داعش دیارترین نموونە و نوێترین دەرکەوتەی ئەم رەوتەن، کە ئەو رەوتەیش کۆمەڵێ مونەزیری ناسراویان هەیە، لەوانە ئەبوئەعلای مەودودی و سەید قوتب و عەبدوڵا عەززام و محەمەد عەبدولسەلام فەرەج و ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و ئەبوقەتادە و ئەبومحەمەدی مەقدیسی و چەندینیتر.

حاڵی حازر دەنگی ڕەوتی دووەم لە دنیادا زاڵە و بەهۆی ئەو کردە توندوتیژییانەی ئەنجامیان دەدا، چەمکی جیهادی لە زەینی گشتیدا کردۆتە چەمکێکی تۆقێنەر.

ڕاستیەکەی ئاسان نیە لە مەودایەکی لانیکەم نزیکدا کاریگەریی ڕەوتی دووەم، کە سەدان دەق لە قورئان و سوننە کاریان لەسەر دامەزراندنی کردوە و ڕەگ و ریشەی لە مێژوویەکی درێژخایەندا هەیە و کەلەپوورێکی فیکری و فیهقیی زەبەلاحی بەرهەم هێناوە کە بووەتە سەرچاوە و ئیلهامبەخشی فیکری جیهادی لەم سەردەمەدا، بنبڕ بکرێ، بەتایبەت لە دۆخێکی ئاڵۆزی وەک ئەمڕۆدا کە تا دێ دەنگ و ڕەنگی توندوتیژی بەسەر دیمەنی واقیعەکەدا زاڵ دەبێ، بەڵام مەحاڵیش نیە.

خۆرئاوا خاوەنی کەلتوورێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی و لێبوردەیە بەڵام هاوکات لەسەر جبەخانەیەکی زەبەلاحی چەکی کۆکوژ دانیشتووە کە دەشێ لە هەر ساتێکدا دەماریان گرژ ببێ و چاوپۆشی لەو کەلتوورە ئینسانیەیان بکەن و بەو چەکانە سەرزەوی بکەنە توونی ئاگر بۆ مرۆڤەکان. بەڵام دەبێ بزانین هەر کاریگەریی ئەو کەلتوورە ئینسانییەیە کە وای کردوە ژیرانە و بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەو چەکە کۆکوژانەیش بکەن و بەرنامە دابنێن کە تا دەکرێ کەمتر و کەمتریان بکەنەوە و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەیان بگرن. واتە لە سایەی عەقڵیەت و کەلتوورێکی ئینسانی و بەرپرسدایە کە دەیان ساڵە ئەو هەموو بۆمبە زەبەلاحە وێرانکەرە ئەتۆمی و هایدرۆجینییە هەن، بەبێ ئەوەی بەکار بێن و کارەساتێك بۆ مرۆڤایەتی بخولقێنن.

ڕاستیەکەی جیهادە ئیسلامیەکەیش بەو دەقانەی هەن و بەو کەلەپوورە فیکری و فیقهیەی تەئسیلی کردوە و بەرهەمی دێنێتەوە، واتە بەو تێگەیشتنەی ڕەوتە ڕادیکاڵە مێژووپەرستەکە لە جیهاد هەیەتی، وەك ئەو ئەمبارەی چەکە کۆکوژەکانی غەربە، کە ئەگەرچی مەترسیەکی ئانوساتی و دەستەویەخەیە لەسەر کۆی مرۆڤایەتی بەڵام ئەقڵیەتێکی بەرپرس ئەو مەترسیەی سڕ کردوە، ئاوایش دەکرێ ئەو جیهادە هێرشبەر و شەڕفرۆش و دژەئاشتی و دژەپێکەوەژیانە، بە تێگەیشتنێکیتر لە چەمکی جیهاد، کە لە چوارچێوەی بەرگریی شەرعیدا سنووورداری بکات و لەگەڵ بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاشتیی نێودەوڵەتی و ڕێز و کەرامەتی مرۆڤدا لێك نەدا، بەرەنگاری و سنووردار بکرێ، بەشێوەیەك نەك نەبێتە توخمێك بۆ شەڕ و توندوتیژیی بێئامان و نابەرپرس، بەڵکو ببێتە وەسیلەیەك بۆ بەرگریکردن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و بەرقەراکردنی ئاشتی و دادپەروەریی ناوچەیی و جیهانی.

شێخ قەرزاوی لە وەڵامی پرسیاری بینەرێکدا کە ئاخۆ بنەمای تیۆرەکەی ئەو چییە کە دەڵێ جیهاد لە ئیسلامدا بۆ بەرگریکردنە، دەڵێ: "ئەوانەی گوتویانە شەڕ بۆ هێرشە بۆچی وایان گوتوە؟ گوتویانە تا ئەو دەسەڵاتە ملهوڕانە لاببەین کە لەبەردەم بانگەوازدا دەوەستن، بەڵام ئێستا کەس لەبەردەم بانگەوازدا ناوەستێ، ئیتر بۆچی شەڕ لەگەڵ خەڵك بکەین؟ پەیامەکەت بە زمانەکانی جیهان بڵاو بکەرەوە، بانگەوازی ئیسلامی لە ئێزگە و کەناڵە ئاسمانیەکان و ئینتەرنێتدا بڵاو بکەرەوە، پێویستت بەچەندین سوپایە تا قسە لەگەڵ جیهان بکەیت بە زمانی خۆیان، تەنیا هیند ١٧ زمانی جیاوازی تێدایە، ئێمە پێویستمان بە کۆششێکی زەبەلاح هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکە، جا ئایا ئەوەمان کردوە؟ مانای چییە شەڕی دنیا بکەین لەکاتێکدا ئێمە پەیامی ئیسلاممان نەگەیاندوە"، بۆیە جەخت لەوە دەکا کە جیهادی تەڵەب و هێرش بەهیچ شێوەیەك پێویست نیە و دەتوانین بە ئیسلامەوە لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەژێر سایەی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاشتیی جیهانیدا بژین[٢١].

بەدڵنیاییەوە ئەم تێگەیشتنە دەیان دەق لە قورئانی پیرۆزدا هەن کە پشتگیری دەکەن[٢٢] و لەلایەن رەوتە رادیکاڵەکەوە بەناوی ئەوەی ئەو ئایەتانە بە ئایەتی شمشێر (السیف) نەسخ کراونەتەوە، سڕ کراون، کە ئەو کارە جگە لەوەی جەسارەت و رووقایمیەکی نابەرپرسانەیە بەرانبەر پەیامی قورئان کە دەیان و سەدان ئایەت دابەزێنێ و لە دووتوێیدا بیانپارێزێ کەچی هیچ رۆڵێکیشیان لە ژیاندا نەمابێ، مایەی تێکدانی مێشك و بەفەتارەتدانی سەدان و هەزاران گەنج و لاوی بەریئی دیندارە، کە بەناوی جیهادکردن لەپێناو خوادا قوڕ بەسەر خۆیان و خەڵك و وڵاتیشدا دەکەن.

سەید قوتب لە میانی رەخنەگرتنی لەوانەی دەڵێن لە ئیسلامدا جیهاد بۆ بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیی هێزە دراوسێکان بووە بۆ سەر "نیشتمانی ئیسلامی" —کە بەلای هەندێکیانەوە دورگەی عەرەبی بووە، جگە لەوەی دەڵێ ئەمە "نیشانەی نەناسینی سروشتی ئەم دینە و سروشتی ئەو رۆڵەیە هاتووە لە زەویدا بیبینێ"، دەپرسێ: "ئاخۆ ئەگەر ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان لە دەستدرێژیی رۆم و فارس بۆ سەر دورگەی عەرەبی ئەمین بوونایە، دەستیان هەڵدەگرت لە پاڵنانی پەلهاویشتنی ئیسلامی بۆ سنوورەکانی سەرزەوی؟.. ئەوە ساویلکەییە کەسێك وا بیر بکاتەوە بانگەوازێك جاڕی رزگارکردنی مرۆڤی دابێ لە هەموو زەویدا، کەچی لەبەردەم ئەم

---

[٢١] دیمانەیەکی لە سایتی: انا المسلم.

[٢٢] بۆ نموونە بڕوانە ئایەتەکانی: البقرة ١٩٠، ٢٥٦/ ال عمران ٦٤/ النساء ٩٠/ الانفال ٦١/ الممتحنة ٨-٩.

کۆسپانەدا بوەستێ و تەنها بە زمان و بەیان جیهادی لەگەڵ بکا... کاتێ ئەو بەربەست و کارتێکەرە ماددیانە دەبن، پێویستە یەکەم شت بەزەبری هێز لابرێن".

ئەگەر واش دابنێین لەو قۆناغەدا کە (نیشتمانی ئیسلامی) لەو سەردەمەدا هێندە بچوك بێ و تەنیا دورگەی عەرەبی بێ و نەکرێ سنووری ئەو نیشتمانە لەو مەودا تەسکەدا قەتیس بکرێ، کە ئەو بچوکییە نێچیرێکی ئاسانیش دەبێ بۆ ناحەزان و دوژمنانی نیشتمانەکە، کار بە جیهادی هێرشبەرانە کرابێ هەم بەمەبەستی زیاتر بڵاوکردنەوەی پەیامەکە و هەمیش بەمەبەستی فراوانکردنی سنووری نیشتمانەکە و بەهێزکردنی پێگەی لە ناوچەکەدا کە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی نەبووە سەروەریی سنوورەکانی دەوڵەتان بپارێزێ، ئەوا لەم سەردەمەدا کە نیشتمانی ئیسلامی رووبەرێکی بەرفراوانی سەرزەوی گرتۆتەوە کە ٥٠ دەوڵەت لەخۆ دەگرێ و ژمارەی موسڵمانان لە دەوروبەری ملیار و نیوێك کەسدایە، هاوکات جیهان وەك شارێکی لێ هاتووە و بەئاسانی دەتوانرێ لەرێی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێوە بانگەوازی بۆ بکرێ و کاریگەریشی بەرِوونی دیارە و بەپێی راپۆرتەکان ساڵانە هەزاران کەس لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەو هۆیەوە موسڵمان دەبن، ئیتر باسکردن لە جیهادی هێرشبەرانە و بوونی پەیوەندیی دوژمنایەتی لەنێوان جیهانی ئیسلام و غەیرە ئیسلام هیچ مانایەکی نیە، چونکە لە بارێکدا ئێستا چەندین دەوڵەت خاوەن جبەخانەی گەورەی چەکی ئەتۆمی و هایدرۆجینی و کۆکوژیترن، پەیرەویکردن لەو تێزە ترسناکە، هەرِەشەیە لە وجودی سەرپاکی مرۆڤایەتی.

کورت و کرمانجی ئێمە ناتوانین دەقە تەئسیسیەکانی ئیسلام بگۆرِین، بەپلەی یەکەم قورئان، کە وەك باسمان کرد کۆمەڵێ دەقی زۆری تێدایە هانی جیهادی چەکداری و شەرِکردن لەپێناو خوادا دەکەن، ئەمە جگە لە مێژووی ئاینەکە کە پرۆسەی جیهاد پرۆسەیەکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرە تێیدا و ئەوەیش کەلەپوورێکی فیکری و فیهقیی زەبەلاحی لە مێژوودا لێ کەوتۆتەوە کە تائەمرۆیش سەرچاوەی باوەرِپێکراوی خوێنراون و سیاغەی هەست و هۆش و دنیابینیی ئاینی تاکی موسڵمان دەکەن و هەژموونیان بەرِوونی دیارە.

لە بەرانبەردا کۆمەڵێکیتر دەقمان هەن کە جەخت لە ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری و لێبوردەیی و بەخشین و پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستیی ئینسانی دەکەن، ئەم رۆحیەتە ئینسانییە بەئەندازەیەکی باشیش لەو کەلەپوورەدا جێی خۆی کردۆتەوە.

**له بارێكی وادا ئێمە:**

**یەكەم:** نە دەتوانین بلێین ئیسلام ئاینێكی بەڕەها توندوتیژ و خۆسەپێنە لەبەرئەوەی كۆمەڵێ دەقمان هەن پێچەوانەی ئەوە دەگەیەنن، رەنگە دیارترینیان ئایەتەكانی وەك (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ)[٢٣] (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ)[٢٤] (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)[٢٥]/ (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ)[٢٦] بن، نە دەشتوانین بلێین ئاینێكی ناتوندوتیژە لەبەرئەوەی كۆمەڵێ دەقیترمان هەن كە پێچەوانەی ئەوە دەگەیەنن، بەتایبەت ئایەتەكانی تایبەت بە جیهاد كە سەدان ئایەت دەبن.

**دووەم:** ناتوانین بلێین توندوتیژی بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ كات و هەلومەرجێكدا پێویست نیە و دەبێ ناتوندوتیژی تاكە بژارە بێ وەك هەندێ لە فەیلەسوف و بیرمەندانی ناتوندوتیژی وەك جین شارپ و جان ماری مۆلەر و پێشتریش خەباتكارێكی ناتوندوتیژی وەك گاندی و زۆر پێش لەویش حەزرەتی مەسیح پێیان وابووە، لەبەرئەوەی تائێستا مرۆڤایەتی سەربارى ئەو پێشكەوتنە بەرچاوەی لەو بوارەدا بەخۆیەوە دیوە نەیتوانیوە قۆناغی توندوتیژی تێبپەڕێنێ تەنانەت لە بەشە دیموكرات و پێشكەوتووەكەیشدا، بەبەڵگەی ئەو جبەخانە زەبەلاحەی چەكی كۆكوژ و پێشبڕكێی بەردەوامی خۆپڕچەككردنیان و رێك نەكەوتنیان لەسەر داماڵینی ئەو چەكانە و بەردەوامبوونیان لەسەر فرۆشتنی چەك بەلایەنە بەشەڕهاتووەكانی دنیا. واتە ئەوانیش بەهێز (بالقوة) لە ناو شەڕێكی هەڵنەگیرساودان كە ئەگەر هەڵبگیرسێ كارەساتێكی گەورە دەقەومێ.

هەروەها تا ئەوكاتەی فەلسەفەی ناتوندوتیژی ریشە دانەكوتێ و نەبێتە فەلسەفەی سیاسیی سەرجەم سیستم و دەوڵەتانی دنیا كە كەس نەتوانێ لێی لابدا، پەلاماردان و داگیركاری هەر دەمێنێ و لە بارێكی وادا گەلانی بندەست پەنا بۆ خەبات و بەرگریی چەكدارانە دەبەن، جا بەناوی جیهاد بێ یان خەبات.

هەر لێرەوەیە لەكاتێكدا حەزرەتی مەسیح دەڵێ: (هەركەس زللەیەكی لەلای راستت دا لای چەپیشتی بۆ حازر بكە) و داوای خۆشویستی دوژمن دەكا، بەڵام شوێنكەوتوانی لەسەر ئەرزی واقیع

---

[٢٣] {البقرة/٢٥٦}
[٢٤] {التغابن/٢}
[٢٥] {الكافرون/٦}
[٢٦] {البقرة/٢٠٨}

بوونە یەکێك لە ئایندارە توندوتیژەکانی مێژوو، بەشێوەیەك مێژووی مەسیحیەت یەکێك لە خوێناویترین مێژووەکانی دنیایە، نە تەنیا لە شەڕ و توندوتیژیی نێوان مەسیحی و غەیرە مەسیحیەکان، بەڵکو لە توندوتیژیی نێوان مەزەبە مەسیحیەکان کە تائێستایش بەتەواوی بنبڕ نەبووە، دەوترێ لە شەڕی سی ساڵەی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکاندا سی ملیۆن کەس کوژراوە. ئەمە جگە لە دانانی دادگە تۆقێنەرەکانی پشکنین لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دادگەییکردن و لەسێدارەدان و سوتاندنی زانا و بیرمەندان کە جیاواز لە کەنیسە و فیکری دینیی باو بیریان دەکردەوە.

هەروەها گاندی کە دروشمی یاخیبوونی مەدەنی و خەباتی ناتوندوتیژی دژی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بەرز کردەوە، لە کتێبی (فی سبیل الحق)دا سکاڵا لەوە دەکا کە نەیدەتوانی لایەنگرانی لەسەر ڕێبازەکەی جڵەو بکا و زۆرجار سنوورشکێنییان دەکرد و توندوتیژییان بەکار دەهێنا.

جەودەت سەعید دەڵێ کاتێ خوا بە فریشتەکانی گوت من جێنشینێك (واتە مرۆڤ) لەسەر زەوی دروست دەکەم، فریشتەکان بەسەرسوڕمانەوە گوتیان (اتجعل فیها من یفسد فیها و یسفك الدماء؟) ئایا کەسێك دەکەیتە خەلیفە کە خراپە دەکات و خوێن دەڕێژێ. بەڵام خوا وەڵامی دانەوە (اني اعلم ما لاتعلمون) واتە من شتێك دەزانم کە ئێوە نایزانن. جا دەڵێ تائێستا هێشتا هەر پێشبینیی فریشتەکان زاڵ و زەقە کە مرۆڤ خراپە دەکات و خوێن دەڕێژێ و نەگەیشتوینەتە ئەو قۆناغەی کە خوا باسی کردوە، کە فریشتەکان پەییان پێ نەدەبرد و دەبێ شتێك بێ بایەخدارتر و چاکتر لەوەی ئەوان لێی دەترسان.

**سێیەم**: ناتوانین سیستمێکمان بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە دژبەیەکانە (توندوتیژ و ناتوندوتیژ/ ئاشتی و شەڕ/ ئازادی و سەپاندن/ خۆشەویستی و رق/ بەزەیی و زبری) هەبێ کە دڵنیا بین ئەمە ئەو شێوە خوێندنەوە و تێگەیشتنەیە کە کرۆك و جەوهەری ئیسلام پیشان دەدا و خوا مەبەستیەتی، چونکە دەقەکان بە پەرش و بڵاوی و لەکاتی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز و لە سیاقی جیاوازدا هاتوون و هەر کەس بەویستی خۆی لێیان هەڵدەبژێرێ و ئەمیان پێش و ئەویان پاش دەخا، ئەمیان بە ناسخ و ئەویان بە مەنسوخ دادەنێ، ئەمیان بە فەرز و ئەویان بە موباح دادەنێ و ئەو فرە ڕێبازیەی لێکەوتۆتەوە کە دەیبینین، کە هەر کەس ئەوەی خۆی پێ ڕێگە و تێگەیشتنە ڕاستەکەیە.

**چوارەم**: لە روانگەی خاڵی سێیەمیشەوە، ئێمە ناتوانین رێگر بین لەوەی خەڵك خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ دەقەکان هەبێ، لەنێویاندا تێگەیشتنی رادیکاڵانەی توندوتیژانە وەك ئەوەی گرووپەکانی وەك قاعیدە و داعش کردویانە و دەیکەن، کە سڵ لە هەر جۆرە توندوتیژیەك چەندە دڵتەزێن و وەحشیگەرانە بێ ناکەنەوە، کە لەوەدا ئەگەر دەقێکیشیان لە قورئان و حەدیس دەست نەکەوت بۆ شەرعیەتپێدانی، بێدەنگبوونی دەق، واتە نەبوونی دەق خۆی بەبەڵگەی رێپێدان بەبەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژی و هەر جۆرە چەکێك دادەنێن کە بەخەیاڵیاندا و بەکاریگەری بزانن بۆ زەبردان لە دوژمن و چاوترساندنی خەڵك.

بڕوانە یەکێك لە توێژەرانی ئیسلامی چۆن بێدەنگیی دەق (نەبوونی دەق) بەخراپی دەقۆزێتەوە بۆ شەرعیەتدان بە هەموو جۆرە توندوتیژیەك کە بەخەیاڵدا بێ. ئەو توێژەرە دەڵێ: ئەسڵ دروستیی شەڕکردنە لەگەڵ دوژمن و کوشتنی بەهەموو چەکێك... ئەویش چونکە دەقە شەرعیەکان میکانیزمێك یان وەسیلەیەکی جەنگیی دیاریکراویان دیاری نەکردوە تا لە جەنگدا دژی دوژمن بەکار بێ، بەڵکو خوا تەنها دەفەرموێ: {وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ...}البقرة:١٩٠، {وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ}البقرة:١٩١. مانای ئەم کراوەییە لە کوشتار و کوشتندا ئەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو چەك و وەسیلە جەنگیەکان رێپێدراون مەگەر بەڵگەیەك هەبێ لەسەر حەرامکردنی وەسیلەیەکی دیاریکراو لەوانە، مانای ئەم کراوەییە لە دەقە شەرعیەکاندا ئەوەیە دروستە هەموو چەك و وەسیلە جەنگیەکان بەبێ قەید بەکار بێن. مەبەستم ئەوەیە: ئەگەر دوژمنیش ئەو جۆرە چەکانەی بەکار نەهێنابێ و تەنانەت ئەگەر دەشکرا بەبێ ئەو چەکانە و بە وەسایلی کەم مەترسیدارتریش لەوەی دژی بەکار دێ، بەسەریدا زاڵ بین"[٢٧].

دیارە ئەم بۆچوونەیش وەك زۆر لە بۆچوونە توندوتیژەکان پشتئەستوورە بە بۆچوونی زانایانی پێشین، لەوانە شەوکانی دەڵێ: "خوا فەرمانی کردوە بە کوشتنی موشریکان و باسی بۆ نەکردوین چۆن بێ و رێیشی لێ نەگرتووین کە وا بکەین و وا نەکەین، لەبەرئەوە هیچ رێگر نیە لەوەی بەهەموو هۆیەکی کوشتن بکوژرێن.."، کە شێخ یوسف قەرزاوی لە کتێبەکەی (فقه الجهاد) دوای خستنەڕووی ئەم بۆچوونەی شەوکانی، رەخنەی لێدەگرێ.

---

[٢٧] د. محمد خير هيكل في كتابه (الجهاد والقتال في السياسة الشرعية) جـ٢ صـ٣٤٧ و پاشتر.

ئەقڵی مرۆڤەکان سەیرە، بەویستی خۆی و بۆ ئەو ئامانجەی خۆی دەیەوێ زیرەکانە تەئویل بۆ وشە و دەقەکان دەکا بەشێوەیەك کە تەسەور ناکرێ. ئەگەر بەهیچ شێوەیەکیش دەقەکە لەڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە ئەو مانایەی هەڵنەدەگرت کە ئەو دەیەوێ لێی بار بکا و بەسەریدا بسەپێنێ، پەنا بۆ تەئویلی باتنی دەبا و وانیشان دەدا دەقەکان زاهیر و باتنیان هەیە، کە باتینەکە جەوهەری دەقە و تەنیا ئەهلی کەشف و حەقیقەت و فیراسەت و کەرامەت پەی پێ دەبەن! واتە قەرزاریشت دەکەن. خۆ ئەگەر هەر هیچ بوار نەبوو دەق بە تەفسیر و تەئویل بەکار بێ و بکرێتە بەڵگە و سەرچاوەی شەرعیەت، هەر ئەو بێدەنگییە خۆی دەکاتە بەڵگە لەسەر رەوایی ئەو شتەی خۆی دەیەوێ بیڵێ و بیکا. ئیتر ئەمە مرۆڤە و جڵەو ناکرێ.

واتە ئیتر دەقەکان هەن و هەر کەس دەتوانێ بەو شێوەیەی ئەقڵ و سەلیقە و مەعریفەی بڕ دەکات و بەرژەوەندی دەیخوازێ خوێندنەوەیان بۆ بکا و خوێندنەوەکەی خۆیشی بەڕاست بزانێ و کەس ناتوانێ بەدرۆی بخاتەوە. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە ئەوە دەیان ساڵە لەناو ئیسلامی سیاسیدا ململانێ لەنێوان ئیخوانی و جیهادیەکاندا هەیە لەسەر تێگەیشتنیان لە چەمکی جیهاد و کارکردن بۆ گێڕانەوەی مەرجەعیەت و سەروەری بۆ ئیسلام کە ئاخۆ لەڕێی پەروەردەی لەسەرخۆ و کاری سیاسیی مەدەنی بێ یان لەڕێی یاخیبوونی چەکداری و بەکارهێنانی توندوتیژیەوە، هەریەکەیان دەیان و رەنگە سەدان هەزار لاپەڕەیان لەسەر ئەو بابەتە نووسیوە و بڵاو کردۆتەوە بەبێ ئەوەی کەسیان لە قەناعەتی خۆیان پاشگەز ببێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا دەقەکانیان هەمان دەق و سەرچاوەیان هەمان سەرچاوەیە.

کەواتە ئەوە قەدەرێکی حەتمییە کە تا دنیا دنیا بێ و تا ئەو دەقانە مابن و مرۆڤ لەسەر زەوی بژی، رەوت و گرووپ هەر دەبن کە بەو شێوە توندوتیژەی ئەمڕۆ دەیبینین لە دەقەکانی ئیسلام تێبگەن و کاریان پێبکەن، بەتایبەت کە ئەو رەوتە پشتئەستوورە بە راستیەکانی مێژوو و بە کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی فیکری و فیقهی.

## گۆڕینی مرۆڤ نەك ئاین

ئێمە ناتوانین ئاینەکە بگۆڕین، بەڵام دەتوانین مرۆڤ و تێگەیشتنی مرۆڤ لە ئاین بگۆڕین، کە ئەوە رۆڵی ئاینەکەیش دەگۆڕێ. واتە واز لەوە بێنین ئیسلام ناو بنێین ئاینی ئاشتی یان شەڕ، یان هەوڵ بدەین لە یەکێك لەو سروشتانەی دابماڵین، بەڵکو کار لەسەر ئەوە بکەین لە بەرانبەر ئایندارى

جەنگاوەر و توندوتیژ کە کوڕی مێژوو و کەلەپوورە و ئێستا دەنگی دلێرە، ئایینداری ئاشتیخواز و لێبوردە و ناتوندوتیژ بەرهەم بێنین کە کوڕی ئەم سەردەمەی خۆی بێ کە مرۆڤایەتی پاش مێژوویەکی دوور و درێژ لە ئەزموونی جەنگ و توندوتیژی، هەنگاو بەرەو ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەنێ.

بۆ ئەوەیش دەرگا والآیە وەك چۆن لایەنی بەرانبەر دەقەکانی توندوتیژی لە ئاینەکە زەق دەکاتەوە و وەك بەڵگەنەویست دەیانخاتە روو، دەقەکانی ئاشتی و ناتوندوتیژی و خۆشەویستی زەق بکرێنەوە و وەك بەڵگەنەویست و نەگۆڕی ئاینەکە بخرێنە روو. ئەگەر خالّی هێز و پشتقایمیی رەوتە توندوتیژ و رادیکاڵەکە بوونی مێژوو و کەلەپوورێکی مەعریفی دەوڵەمەندە لەپشتیەوە، ئەوا ئەم رەوتە ئینسانیەیش دەتوانێ بناغە بۆ مێژوویەکی نوێ جیاواز لەو مێژووە و بەرهەمهێنانی کەلەپوورێکی مەعریفی جیاواز لەو کەلەپوورە مێژووییە دابنێ، ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێ بۆ نەوەکانی سبەی و دووسبەی دەبێتە ئەو کەلەپوور و مێژووە پاڵپشتە لەبەرانبەر ئەوەی رەوتەکەیتر.

ئەم کارە کارێکی درێژخایەنە و رەنگە بەدیهاتن و بینینی بەرهەمەکەی لە مەودایەکی کورتدا ئاسان نەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە کار لەسەرکردنی بە هیممەتێکی ریسالیانەوە بەرهەمی خۆی دەبێ و دەچەسپێ.

پێم وایە ئەزموونی ئیخوان موسلیمین، سەرباری ئەو مەترسیانەی بەبڕوای بەندە لە فیکری ئەویشدا هەن بەهۆی دەستنەبردنی بۆ خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئەو مێژووە و ئەو کەلەپوورە کە وادەکا بەشێ لەوانەی ئیخوان فێری ئەلفوبێی دینداری و کاری ئیسلامییان دەکا پاشتر ئیخوان بەجێبێڵن و ببنە توندڕەو، بەکردەوە ئەزموونێکی گرنگە لە ناتوندوتیژیی ئاینیی ئیسلامیدا، کە سەرباری ئەو هەموو فشار و زەبر و زەنگەی لەلایەن رژێمەکانەوە لەسەریەتی، بەتایبەت لە میسر، بۆ ماوەی دەیان ساڵ بە مەدەنی و ناتوندوتیژ بمێنێتەوە و فشار و هەڕەشە و تانە و تەشەر و تۆمەتی گرووپە جیهادییە رادیکاڵەکان کاری تێنەکات و بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆی جۆش بخوات.

ئیخوان و ئیخوان مەشرەبەکان (واتە ئەوانەی رێچکەی مەدەنیبوون و بەشداریکردن لە گەمەی دیموکراسییان هەڵبژاردوە با سەر بە قوتابخانەی ئیخوانیش نەبن)، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شەپۆلە دیموکراسییە گەردوونییەکەی سەردەم و ئێستا هێندەی باسی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسیەت و ئازادیی سیاسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و پێکەوەژیانی

جیاوازەکان و گەشەی ئابووری بنبڕکردنی بێکاری و گەندەڵی و ئاشتیی ئیقلیمی و جیهانی دەکەن، بەو ئەندازەیە باس لە چەمکە کلاسیکییەکانی ئەدەبیاتی فیکری سیاسیی ئیسلامیی ئسوڵی ناکەن. محەمەد مورسی کە سەرۆکی حزبی ئازاد و دادی ئیخوان موسلیمینی میسر بوو و پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی ٢٠١٢ بۆ ماوەی ساڵێك (حوزەیرانی ٢٠١٢–حوزەیرانی ٢٠١٣) بوو بە سەرکۆمار و پاشتر لەلایەن ژەنراڵ عەبدولفەتاح ئەلسیسی وەزیری بەرگریەوە کودەتای بەسەردا کرا، لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٢ پاش بەڕێوەچووی خولی یەکەمی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئەو ئامانجی "دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی دیموکراسی دەستووریی نوێیە لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەتەکان" و "بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەری و سەقامگیری و ئاسایش و کەرامەتی مرۆڤە". هەروەها جەختی لەوە کرد "سەردەمی جەنابی سەرۆك و سەرۆکی تاکەکەس کە هەموو شتێك بکات و بڕیار بدات بۆ هەتاهەتایە کۆتایی هات و ناگەڕێتەوە".

لەبارەی قیبتیەکانیشەوە، کە بەپێی کەلەپوری سیاسی و فیقهیی کلاسیکی ئیسلامی (ئەهلی زیممە)ن، مورسی گوتی "قیبتیەکان لەم وڵاتەدا شەریکن و تەواوی ئەو ئەرك و مافانەیان هەیە کە موسڵمانان هەیانە و رۆڵیشیان لە دەزگای سەرۆکایەتیدا دەبێ".[28] مورسی بە هیچ شێوەیەك بەلای ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی" و لق و پۆپەکانیدا نەچوو[29].

ئەوەی نەیارانی دەیلێن کە ئیخوانیش وەك داعش وایە و جیاوازییان تەنیا لە کاتی جیهادکردندایە، موبالەغە و دەتوانم بڵێم نابابەتیبوونێکی زەقە، چونکە هێزێك دەیان ساڵ لایەنگرانی لەسەر ئارامی و ناتوندوتیژی و مەدەنیبوون و یاساپارێزی و پێکەوەژیان پەروەردە بکا، وا بەئاسانی ناتوانێ بەلای توندوتیژیدا بابداتەوە، چونکە مرۆڤ وەك چۆن ئەگەر دەقی بەتوندوتیژیەوە گرت بەئاسانی ناتوانێ بگۆڕێ بۆ کەسێکی ناتوندوتیژ، بەهەمان شێوە ئەگەر ناتوندوتیژیش بوو وا بەئاسانی ناتوانێ ببێتە کەسێکی توندوتیژ. لەبەرئەوە لێدانی ئەزموونی ئیخوان گەورەترین دیاری بوو پێشکەش بە داعش و رەوتە جیهادیەکان کرا، چونکە بەزمانی حاڵ بەهەموولای راگەیاند کە ئەوە رێبازی جیهادیەکانە بەکەڵك و دەرهەقی ئەو رژێمانە دێ کە جگە لە زەبر و زەنگ و سەرکوتکردن هیچ زمانێکیتر نازانن و ئامادەن لەپێناو کورسیەکانیاندا لە رۆژێکدا هەزاران هاوڵاتی لە خوێنی خۆیاندا بگەوزێنن، وەك هێزە

---

[28] ئاژانسی دی پی ئەی–ی ئەڵمانی.

[29] بڕوانە کتێبی: زستان و بەهاری ئیسلامی سیاسی، عومەر عەلی غەفوور، چ ١، ٢٠١٢.

ئەمنیەکانی میسر لە تەمموزی ٢٠١٣ بەرانبەر پەناگیرانی سەر بە ئیخوان و هاوپەیمانەکانی لە هەردوو گۆرەپانی رابیعەی عەدەویە و نەهزە لە قاهیرە کردیان.

بەڵام وەك لەپێشەوە گوتم کێشەی ئەزموونەکەی ئیخوان لە ناتوندوتیژی ئەوەیە ئەوان تەنیا دەقە توندوتیژەکانیان سڕ کردوون و کتێبەکانی تایبەت بە جیهاد و زەبر و زەنگیان لەسەر رەفە داناون، بەبێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی رەخنەیی و جیاوازیان هەبێ، کە تەجاوزی ئەو تێگەیشتنە بکا کە لەو کتێبە مێژووییانەدا سەبارەت بە جیهاد و توندوتیژی و شەڕی کوفر و ئیمان هەیە.

## فتوای خۆکوژی

یەکێکیتر لە دەرکەوتەکانی توندوتیژیی ئاینی فتوای خۆکوژییە، کە زیاتر لە دوو دەیەیە سەری هەڵداوە، سەرەتا لە فەلەستین و پاشان تەنیەوە و بوو بە یەکێك لە شێوازەکانی شەڕکردنی گرووپە جیهادیەکانی وەك قاعیدە و پەلوپۆکانی.

وەك زانراوە دیاردەی ۆکوشتن، بە هۆکاری جۆراوجۆر، دیاردەیەکی بەشەرییە و لەنێو کۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیادا بووە و هەیە، تەنانەت لای ژاپۆنیەکان جۆرە پیرۆزیەك بەو کارە دراوە، لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا فڕۆکەوانە ژاپۆنیەکان بە فڕۆکەکانیانەوە خۆیان بە کەشتییە ئەمریکیەکاندا دەکێشا. زۆرجار لەکاتی مردنی ئیمپراتۆدا چەندین کەس خۆیان کوشتوە.

بەڵام خۆکوشتن دیاردەیەکی ئاینی و بەتایبەت ئیسلامی نەبووە، تا ئەم دە پازدەساڵەی رابردوو. کاتێکیش –وەك بەداخەوە دەبینین– کردەی خۆکوژی دەبێتە مۆدێلێك لە چالاکییەکانی هەندێ گروپی شەڕکەری ئیسلامی، ئەو کارە زیاتر ئامرازێکی سیاسییە و ئاین بۆ وەگەڕخستنی تەوزیف کراوە، نەك خۆی دیاردەیەکی ئاینی بێ.

زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر هاتنی ئاینی ئیسلامدا تێپەڕیوە، هەزاران جەنگی گەورە و بچوك لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی ئاینەکە، هەزاران دۆخی سەرکەوتن و ژێرکەوتن روویان داوە، هەزاران زانا و موجتەهید قسەیان لەسەر سیاسەتی شەرعی و فیقهی جیهاد لە هەلومەجە جۆراوجۆرەکاندا کردوە، راستە هەموو جەختیان لەسەر زەرورەتی قارەمانی و نەبەزین و قوربانیدان لە مەیدانی جەنگدا کردۆتەوە، کە ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام هێندەی بەندە لە موتاڵای دەیان و رەنگە سەدان سەرچاوەی فیکر و مێژووی ئیسلامدا بەرچاوم کەوتبێ، نەمزانیوە موجاهید لە جەنگدا پەنای بۆ خۆکوشتن بەدەستی خۆی بردبێ، یان زانایان فتوایان بۆ ئەو کارە دابێ، بەڵکو لە هزر و فیقهی ئیسلامیدا وەك کۆدەنگی و شتێکی بەلگەنەویست خۆکوشتن بەهەموو شێوەیەك بە حەرام دانراوە، ئەویش لەبەرئەوەی خۆکوشتن بە دەقی راست و راشکاو (صحیح و صریح)ی قورئان و سوننە حەرام کراوە، ئەوەتا خوای گەورە راشکاوانە فەرمان دەکا "وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ.." {البقرة/١٩٥} "بەدەستی خۆتان خۆتان بەفەتارەت مەدەن"، "وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُم.." النساء/٢٩} "خۆتان مەکوژن"، هەروەها بوخاری و موسلیم لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە فەرمویەتی "من قتل نفسه بشيء عذب به يوم القيامة"، واتە هەرکەس بەشتێك خۆی بکوژێ رۆژی قیامەت بەو شتە جەزرەبە

دەدرێ. هەروەها موسلیم دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ئامادە نەبووە نوێژ لەسەر پیاوێك بكا كە خۆی كوشتبوو.

ئەم دەقانە و هیتریش بەڕوونی و راشكاوی خۆكوشتنیان حەرام كردوە. ئەم حەرامییەی خۆكوشتن تا دەیەی كۆتایی سەدەی بیستەمیش وەك بەڵگەنەویست مایەوە. بیرم دێ لە هەشتاكان كە گەنجێكی دینداری دڵگەرم بووین، كاتێ راپۆرتی خۆكوشتنەكانمان لە وڵاتانی ئەوروپا دەخوێندەوە، شاگەشەكە دەبووین و بەشانازیەوە دەمانوت "ئەها لەوێ خەڵك لەبەر دوورییان لە پەروەردەی ئیسلامی خۆیان دەكوژن، بەڵام لە جیهانی ئیسلامی لەبەرئەوەی خۆكوشتن حەرامە مەگەر تاك و تەرایەكی دوور لە دین خۆیان بكوژن".

تەنانەت لە شەڕی دە ساڵەی موجاهیدینی ئەفغان و سوپای داگیركەری سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە دەیەی هەشتاكان، تەنانەت لە شەڕی موسڵمانانی بۆسنە و صربەكانیشدا –كە دەیان عەرەب ئەفغانیش لە ریزی بۆسنیەكاندا جیهادیان دەكرد– و زۆر پێویستیان بە وەسیلەیەك هەبوو پارسەنگی هێز –كە صربەكان تێیدا باڵادەست بوون– لە بەرژەوەندیی بۆسنیەكان كەمێ راست بكاتەوە، نەماندی كردەیەكی خۆكوژی و خۆتەقاندنەوە ئەنجام بدەن. بگرە تەنانەت لە شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانیشدا لە ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو، كە بزوتنەوە بەڕاشكاوی بە (شەڕی كوفر و ئیمان)ی دادەنا و زۆریش پێویستی بە چەكێكی بەهێز بوو تا زەبر لە بەرامبەرەكەی بوەشێنێ كە لە رووی ژمارە و چەك و داراییەوە لەو بەهێزتر بوو، رەنگە چەكدارەكانی جەسوریی ئەنجامدانی ئەو كارەشیان تێدا بووبێ، بەڵام نەماندی كردەیەكی خۆكوژی بە پشتێن یان ئۆتۆمبێلی مینرێژ ئەنجام بدەن، بگرە تەنانەت تا قۆناغی لەتبوونەكەی بزوتنەوە و شەڕی جوندولئیسلام و یەكێتیشلە ٢٠٠١ كە شەڕی قورس و خوێناوییان كرد، دیاردەی خۆتەقاندنەوە و هێرشی خۆكوژی پەیدا نەبوو. هەڵە نەبم یەكەم كردەوەی لەو جۆرە لە كوردستان پاش دەستپێكردنی هێرشی ئەمریكا بۆ سەر عێراق لە بەهاری ٢٠٠٣ و لێدانی بارەگاكانی جوندولئیسلامیش لە دەڤەری هەورامان و هێرشی زەمینیی هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانی بۆ پاككردنەوەی ناوچەكە لێیان، روویدا، كە لە بازگەیەكی نزیك زەڵم بە ئۆتۆمبێلێكی مینرێژكراو روویدا.

هۆی نەبوونی ئەو دیاردەیەیش تا ئەوکاتە روون و ئاشکرایە، ئەویش ئەوە بوو بڕوا وابوو مرۆڤی ئیماندار لە هیچ هەلومەرجێکدا، چەندە سەخت و دژوار بێ، بۆی نییە خۆی بکوژێ.

بەڵام لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکان لەکاتی شەڕی حەماس و ئیسرائیلدا هەندێ زانای ئاینیی سیاسی، لەوانە شێخ یوسف قەرزاوی و سەید محەمەد تەنتاوی شێخی ئەزهەر و چەندینی دی لەباتیی ئەوەی ئیجتیهادێکی داهێنەرانە بکەن عەقڵی ئوممەت بێدار بکاتەوە و بیانباتە ریزی گەلانی پێشکەوتووی دنیا، داهێنانێکی وێرانکارانەیان کرد، بەوەی فتوای دروستیی خۆتەقاندنەوەیان دژ بە ئیسرائیل دا و بۆ شاردنەوەی وێنە حەرامەکەی وشەی خۆکوشتن "انتحار" ناویان نا کردەی شەهادەتخوازی "عملیة استشهادیة". ئەو زیانە گیانییە گەورەیەی ئەو کردە خۆکوژیانە بە عەسکەری و مەدەنییە ئیسرائیلیەکانی دەگەیاند وایکرد راگەیاندنی ناوەندە ئیسلامییەکە زۆر رەواج بەو چەمکە بدات و وردە وردە شەرعیەتی دینی وەربگرێ و وەك چەکێکی کاریگەر لەدژی دوژمنان بەکار بێ.

ترسناکیی ئەم داهێنانە درێوە هەر لەوەدا نەبوو کە کۆدەنگییە مێژووییەکەی شکاند و دەرگای بەڕووی شەپۆلێکی بەربلاو و بێئامانی خۆکوژیی لاوانی دیندار لە شەڕەکانیان دژ بە هێزەکانی بەرانبەریان کردەوە، بەڵکو لەوەشدا بوو ئەو دیاردەیە تەنیا لە بەئامانجکردنی ئامانجە سەربازیەکان و توخمە تاوانبارەکان لەڕووی لۆژیکی سەربازیەوە نەوەستا، کە ئەوە دەشێ لە ساتەوەختی جەنگدا پاساوێکی هەبێ، بەڵکو بە رۆحیەتێکی تەواو مرۆڤکوژانە و بەبێ هیچ حسابکردنێك بۆ خەڵکانی مەدەنی و بێتاوان و لاشەڕ، بە ژن و منداڵ و خەڵکی رەشوڕووتیشەوە، کارە خۆکوژەکان ئەنجام دەدرێن، بەشێوەیەك بۆ کوشتنی کەسێك یان چەند کەسێك کە بەدوژمن و ئامانجی خۆیانی دەزانن، کردەی خۆکوژی لە شوێنە گشتیەکانی وەك ناوبازاڕ، فەرمانگەی حکومی، قوتابخانە، چێشتخانە و ئەو جۆرە شوێنانە ئەنجام دەدەن، کە زۆربەی قوربانیەکانن کەسانی بێتاوانن.

ئەوە خراپترین داهێنان بوو عەقڵی سیاسیی ئیسلامی کردی، کە ناخۆشبەختانە ئەو فتوایە وەك ئاگرێك لە پوش بەربێ، سەرەتا لەلایەن هەردوو بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستینیەوە پەیڕەو کرا و ئەو زەبرانەی ئەو کردانە لە ئیسرائیلی دان، وای کرد بەخێرایی بتەنێتەوە و رێکخراوی قاعیدە و هاوشێوەکانی لە هەواوە بیقۆزنەوە و لە سەرەتای دەیەی رابردووەوە وەك تەکنیکێکی سەرەکیی شەڕ بەکاری بێنن، کە دیارترینیان لە هێرشەکانی ١١ی

سێپتەمبەی ٢٠٠١دا بوو کاتێ ژمارەیەك لە  ئەندامانی سەر بە قاعیدە بەفرۆکە خۆیان بە تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانیی جیهانی و پنتاگۆندا کێشا. پاشتریش گواستیانەوە بۆ عێراق و ئەفغانستان و دژی هێزەکانی ئەمریکا و هێزە ئەمنی و دامودەزگا حکومی و هەروەها بۆ پاکتاوکردنی تائیفیش دژی شیعە بەکاریان هێنا.

## کورد و کردەی خۆکوژی

وەك بینیمان تەنانەت توندڕەوترین گروپی جیهادیی کوردیش کە جوندولئیسلام بوو (کە ماوەیەك بەر لە هێرشی ئەمریکا بەپێی رێکەوتنێك ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەنسارولئیسلام) پەنای بۆ خۆتەقاندنەوە و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی مینرێژ دژی دوژمنەکانی نەبرد.

بەڵام پاش لێدانەکەی ئەمریکا لە بەهاری ٢٠٠٣ و هەڵکەندنیان لە دەڤەری هەورامان، پاشماوەی ئەو هێزانە توانیان لەرێی ئێرانەوە خۆیان بگەیەننە ناوچە سوننیەکانی باکور و ناوەڕاستی عێراق و بە رقێکی ئەستورترەوە تێهەڵبچنەوە و ئەمجارەیان (لەژێر ناوی ئەنسار ئەلسوننە)دا دەست بدەنە پەیڕەوکردنی تەکنیکی خۆتەقاندنەوە و کردەی خۆکوژی.

بەپێی ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا بۆ رای گشتی دەرکەوتوە، ئەو گروپە هەواداری لەنێو گەنجانی کودستاندا هەبووە و ناوبەناو پاش ئەنجامدانی چەند هێرشێکی تیرۆریستی لە شارەکانی کوردستان تۆڕەکانیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئاشکرا کراون و ئەوانەیان بەردەست کەوتبن گیراون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و لە چەند ساڵی رابردوودا وەك رای گشتی لێ هاتبوو لەنێو خەڵك ئەوەیە کە ئەو کوردانەی سەر بە ئەنسار یان قاعیدە، لەو هێرشە تیرۆریستیانەدا تەنها رۆڵی داڵدەدەر و چاوساغیان بۆ ئەنجامدەرانی هێرشەکان دیبوو، هەموو ئەوانەی کردەوە خۆکوژیەکانیان ئەنجام دەدا عەرەب بوون نەك کورد، ئەمە وای کردبوو نیمچە کۆهەستیەك لە کوردستان دروست ببێ کە خۆکوژ لەنێو کوردا نییە، لێرەیشەوە وا دەزانرا ئەگەر بتوانرێ رێگە لە هاتنی خۆکوژانی عەرەب بگیرێ پەلاماری خۆکوژی لە کوردستان روو نادا. بەڵام پاش سەرهەڵدانی راپەڕینی خەڵکی سوریا و سەرهەڵدانی گرووپە جیهادیەکانی ئەوێ، بەتایبەت بەرەی نوسرە و داعش و چوونی سەدان گەنجی کورد لە کوردستانی عێراقەوە بۆ ناویان و پاشتریش بەشدارکردنیان لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر شارەکانی کوردستان و عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ەوە، ناوبەناو هەواڵی کردەی خۆکوژیی لاوانی کوردی نێو داعشمان دەبیست، وەك ئەوەی لەکاتی هێرشەکەی سەر بارەگای دەزگای

هەواڵگریی کەرکوك لە ٤ی کانونی یەکەم (٢٠١٤)، باسی ئەوە دەکرا هێرشبەرە خۆکوژەکان چەند گەنجێکی کوردن. پاشتریش دوای تەقینەوەکەی بەردەم پارێزگاری هەولێر لە ٢٠١٤/١١/١٩ دەزگای پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد خۆکوژەکە کوردێکی کوردستانی ئێران بووە. داعش خۆیشی دانی پێدانا کە خۆکوژەکە کوردێك بووە.

بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە داعش لە بڵاوی کردەوە و ناسنامەی ئەو چەکدارە کوردانە باس دەکا کە لە ریزەکانیدا کوژراون، ژمارەیەك لەوانە بەهۆی کردەی خۆکوژی لە سوریا یان لە عێراق کوژراون[٣٠].

خۆ ئەگەر لە رووی تیۆری و مەعریفیی رووتەوە بۆ بابەتەکە بچین، دیارە کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکیتر مرۆڤە و قابیلی ئەوەیە هەر بیروباوەڕ و فیکر و رەفتارێك، چ چاك چ خراپ، وەربگرێ کە ئەوانیتر وەریانگرتوە، لەبەرئەوە نەبوونی دیاردەکە لێرە، تەنها پەیوەندیی بە کات و هەلومەرجی بابەتیەوە هەبووە.

بەڵام بەلای بەندەوە پرسیاری گرنگ لەم فتوا شومە مرۆڤکوژ و وێرانکەرەدا ئەوەیە چۆن چۆنی حوکمێکی وەك حەرامیی خۆکوشتن، کە بەڵگەی وا روون و بنبڕی هەبێ و زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ رای زانایان و ئوممەتی لەسەر بێ و بە دەقی سەحیح و سەریح جێگیر کرابێ نەك بە ئیجتیهادی ئەم زانا یان ئەم مەزهەب، بە فتوای زانایەك یان چەند زانایەك هەڵدەوەشێتەوە، لەبارێکدا دەرەنجامی ئەو فتوایە –وەك دەبینین– پێشێلکردنی چەندین بنەما و حوکمیترە؟ ئایا فتوا دەتوانێ حوکمی دەقی قورئان و سوننەت رابگرێ یان هەڵبوەشێنێتەوە، لەکاتێکدا سیستمی فتوا خۆی حوججیەتێکی ئیجتیهادی هەیە نەك دەقی سەحیح و سەریح؟ بۆچی فتوایەکی وا ترسناك وا بەئاسانی دەتوانێ گژبەریی کۆدەنگی و ئیجتیهادەکانی سەلەف سالح بکات و سڕیان بکات و بەئاسانیش لەلایەن موسڵمانانی سەردەمەوە (لانیکەم بەشێکیان) قبوڵ و پەیڕەو دەکرێ، لەکاتێکدا را و بۆچوونەکانی زانایانی پێشین لە بوارەکانیتردا وا بەئاسانی سەرپێچی و گژبەری ناکرێن و عەقڵی ئیسلامیی باو نەك بەئاسانی بگرە بەزەحمەتیش تەسلیمیان نابێ و قبوڵیان ناکا؟. ئەوەتا تائێستایش ناوەندی ئاینی کاردانەوەی توند بەرامبەر هەندێ ئیجتیهادیتری نوێ کە ناکۆکن لەگەڵ بۆچوونی زانیانی پێشین

---

[٣٠] http://xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=41475&Jor=1

دەنوێنێ، وەك تەوقەكردن لەگەڵ ئافرەت یان شووكردنی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی ئەهلی كیتاب، یان ئازادكردنی گۆڕینی ئاین، لەكاتێكدا دەرەنجامە سلبیەكانی ئەمانەی دوایی لە دەرەنجامە سلبیەكانی فتوای خۆكوژی كەمترن؟

ئەمانە پرسیاری جیددین و پێویستیان بە توێژینەوەی قووڵی فیكری و مەعریفی هەیە و پێویستە هەرچی زووە، بە هەر رێگەیەكی بەردەست و مومكین، بازنە لەسەر ئەو فتوا ترسناكە بەرتەسك بكرێتەوە، چونكە فتوادان لە جەوهەردا خۆكردنە بە بریكار و باڵیۆز و گوتەبێژی خوا و حوكمدانە بەناوی ئەوەوە، هەر بۆیە ئەو جۆرە فتوادانە، كە دەبێتە بایسی فریوخواردن و جوانەمەرگكردنی سەدان لاوی خێر لە ژیان نەدیوی حەڤدە و هەژدە و بیست ساڵ، جگە لەوەی بوێری و رووقایمییە بەرامبەر بە خوا و هەق نیە وا بەئاسانی دەستی بۆ ببرێ، خراپ بیركردنەوە و بڕیاردانیش تێیدا زۆر مەترسیدارە و دەرەنجامە خراپەكانی جەرگبڕن.

## له توندوتیژیه‌وه بۆ ناتوندوتیژی

ئایا ده‌كرێ ئێمه ده‌نگی دلێری توندوتیژی له سیاسه‌ت و كه‌لتور و میدیا و ئاین و مێژوو و واقیعدا، وامان لێبكا توندوتیژی وه‌ك قه‌ده‌رێكی حه‌تمی وه‌ربگرین و ملی بۆ كه‌چ بكه‌ین و هه‌وڵ نه‌ده‌ین رووی ئه‌و ره‌شه‌بایه وه‌رگێڕینه‌وه و سنوورێك بۆ ئه‌و نه‌زیفه‌ی له جه‌سته‌ی مرۆڤایه‌تیدا دروستی كردوه، دابنێین؟

به‌دڵنیاییه‌وه مرۆڤ مرۆڤه، خاوه‌ن عه‌قڵ و ئیراده و ئومێد و خه‌ونبینه. بۆیه ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌كی رێژه‌ییش بێ ده‌توانێ قه‌ده‌ره خراپه‌كان جڵه‌و بكات و قه‌ده‌رێكی باشتر بۆ خۆی گه‌ڵاڵه بكا. ده‌توانێ به ئه‌خلاق غه‌ریزه و به عه‌قڵ سروشت و به عه‌قڵی ناتوندوتیژ عه‌قڵی توندوتیژ جڵه‌و بكات. با بزانین چۆن چۆنی؟

مرۆڤ ئه‌گه‌رچی به‌وه له گیانله‌به‌رانیتر جوێ ده‌كرێته‌وه كه كائینێكی باڵایه و خاوه‌ن عه‌قڵ و هۆش و ئیراده و زاكیره و ئه‌خلاق و شارستانێتییه، به‌ڵام به‌ر له هه‌موو شت یه‌كێكه له ئاژه‌ڵه‌كان و وه‌ك ئه‌وان ملكه‌چی غه‌ریزه و یاسا بایۆلۆژیه‌كانیه‌تی.

به‌م پێیه‌ش وه‌ك چۆن گیانله‌به‌ران هه‌ر له بچوكترینیانه‌وه تا ده‌گاته گه‌وره‌ترین و درنده‌ترینیان ده‌مار و غه‌ریزه و هه‌روه‌ها ئامرازی توندوتیژییان هه‌یه، هه‌ر له گه‌ستنی ددانه وردیله‌كانی مێروله‌یه‌كی بچوكه‌وه تا ده‌گاته چرنوك و كه‌ڵبه‌كانی گورگ و پڵنگ و ورچێك و چ بۆ به‌رگری له‌خۆكردن یان هێرشبردن و دابینكردنی بژێویی خۆیان په‌نای بۆ ده‌به‌ن، به‌هه‌مان شێوه مرۆڤیش ئه‌و ده‌ماری توندوتیژییه‌ی تێدایه و بۆ هه‌مان مه‌به‌ست و ئامانجی غه‌ریزی و ژیانی به‌كاریان دێنێ، به‌ڵام مرۆڤ له‌وه‌یشدا هه‌ر كائینێكی تایبه‌ته، چونكه ئامراز و ته‌كنیكه‌كانی توندوتیژی لای ئاژه‌ڵ به غه‌ریزه قفڵ دراون و له‌و رۆژه‌وه‌ی هه‌ن تا ئه‌مڕۆ هه‌ر هه‌مان راده و هێزن و په‌ره‌یان نه‌سه‌ندووه، به‌ڵام مرۆڤ به‌و عه‌قڵه‌ی پێی به‌خشراوه ده‌توانێ ته‌كنیك و ئامرازه‌كانی توندوتیژیی خۆی گه‌شه پێبدات و مه‌ودا و كاریگه‌ری و زیانه‌كانی زیاتر بكا، هه‌ربۆیه ئه‌گه‌ر جاران به مشته‌كۆڵه و شه‌ق و به‌رد و دار و شیر و تیر و رم شه‌ڕی ده‌كرد، وائێستا له داهێنانی چه‌كی جۆراوجۆری پێشكه‌وتووی كلاسیكی و ناكلاسیكی (كۆمه‌ڵكوژ)دا گه‌یشتۆته ئاستێكی نامه‌نتیقی و نائینسانی به‌شێوه‌یه‌ك ده‌توانێ له دووریی هه‌زاران میله‌وه به كلیكی دوگمه‌یه‌ك له چركه‌ساتێكدا ده‌یان و سه‌دان هه‌زار كه‌س بكوژێ.

زیاد لەوەیش حەزی خاوەندارێتیی مرۆڤ بەپێچەوانە ئاژەڵەکانیتر بێسنوورە، ئەمەیش وایکردووە ململانێ و شەڕەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و دەسکەوت و دەسەڵاتی زیاتر قەت نەبڕێنەوە و بەردەوام قوربانی و نەهامەتی بخاتەوە. بەو واتایەی پڵنگێك لەنێو دەیان نێچیردا تەنها یەکێکیان راو دەکات و دەیخوات، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە کە رەنگە سبەی نێچیری دەست نەکەوێ و واباشە ئەمڕۆ چەند نێچیرێکی زیادە راو بکات و بیانخاتە ئەمبار بۆ رۆژی تەنگانە، هەروەك خۆیشی بە پڵنگەکەی هاوڕێی بەراورد ناکا تا بزانێ ئەو چەند دانە نێچیری لە ئەمباردا هەیە و ئەمیش هەوڵ بدا لەوەدا پێشی بداتەوە و نێچیری زیاتر قڕ بکا، لەنێو ئاژەڵە درەکاندا تەنیا گورگە کە حەزێکی سەرشێتانەی بۆ قەلەپاچە تێخستن هەیە و کاتێ دەکەوێتە نێو رانەمەڕێکەوە مەراقی کوشتنی زۆرترین ژمارەیە، هەربۆیە رەنگە ملی دەیان مەڕ بشکێنێ کەچی تەنیا یەکێکیشیان دەبا.

بەڵام مرۆڤ وا نیە، تەنها بەشی تێرخواردن و تەنانەت بەشی پێداویستیی ژیانی ئاسایی خۆی و نەوەکانیشی کۆناکاتەوە، بەڵکو لای ئەو موڵکدارێتی خۆی پاڵنەر و ئامانجێکی غەریزییە و وەك ئاوی سوێری دەریا وایە تا لێی دەخواتەوە زیاتر تینوو و گڕگرتوو دەبێ، ناخی رێك وەك دۆزەخە کە کاتێ لێی دەپرسن: هل امتلات؟ (پڕ نەبووی؟)، ئەویش وەڵام دەداتەوە: هل من مزید؟ (قوربانیی زیاتر هەیە؟!!).

ئەمە جگە لەوەی هەست و توانای خۆ بەراوردکردنی هەیە بە موڵك و دەسەڵاتی ئەوانیتر، هەربۆیە رەنگە ئەگەر رکابەری نەبوایە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو قنیاتی بکردایە، بەڵام کاتێ خۆی بە هاوشان و رکابەرەکانی بەراورد دەکا، ئۆقرەی نامێنێ و هەوڵ دەدا لەوەدا پێشیان بداتەوە.

جا وەرە ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی هەوڵی تاکەکەس و هەروەها لەسەر ئاستی پاشا و حوکمڕان و دەسەڵات و ئیمپراتۆریەتەکان دابەزێنە، ئەوکاتە تێدەگەیت چۆن چۆنی کەسێکی وەك بیل گیتس (خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت) کە خاوەنی زیاتر لە ٧٠ ملیار دۆلارە و دە-یەکی ئەو پارەیە بەشی کوڕاوکوڕ و کچاوکچی دەکا، بەڵام ئەو هەر لە کۆکردنەوەی سامان کۆڵ نادات، چونکە ئیتر خەمی ئەو ژیان و گوزەران نیە بەڵکو بردنەوەی رکابەری و هەروەها هەوڵی تێرکردنی ئەو حەزی موڵکایەتییە بێسنوورەیە.

هەروەها لە نهێنیی شەڕە گەورەکانی مێژوو تێدەگەیت، کە پاشا و ئیمپراتۆر و میر و سوڵتان و خەلیفەکان بۆ فراوانکردنی بازنەی قەڵەمڕەوی خۆیان ئەنجامیان داوە و ملیۆنان کەسیان کردۆتە

قوربانیی تێرکردنی ئەو حەزە خۆپەرستی و فراوانخوازیەیان، بگرە مرۆڤ تەنانەت لەپشت هەندێ لە سیما شارستانیەکانی مرۆڤایەتیشەوە، لەوانە ئەهرامەکان و دیوارە مەزنەکەی چین، تارمایی ئەشکەنجەدان و ئاهو ناڵە و خوامەرگ خوامەرگ و فەوتانی دەیان هەزار کۆیلە و کرێکاری بێگار دەبینێ.

بەکورتی دەماری توندوتیژی ریشەیەکی قووڵی لە ناخی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا هەیە، هەربۆیە تائێستایش بنەبڕ نەکراوە.

**دەماری فریشتانە**

ئەگەر ئەم دەماری توندوتیژییەی مرۆڤ بە بەشە ئاژەڵی، یان شەیتانیەکەی ناخی مرۆڤ دابنێین، ئەوا خۆشبەختانە مرۆڤ دژە دەمارێکیتریشی تێدایە کە دەماری مرۆڤدۆستی و ناتوندوتیژییە" و ئەو هەستە مرۆڤدۆستانەیە ئەگەر بەشێنەییش بووبێ کاری لەسەر جڵەوکردنی ئەو حەزە دڕندانەیەی مرۆڤ کردوە.

توندوتیژی غەریزەیە بەڵام ناتوندوتیژی کەلتوور و رۆشنبیری و جڵەوکردنی غەریزەیە. توندوتیژی سروشتە ناتوندوتیژی شارستانێتییە. توندوتیژی سروشتکرد و خۆرسکە، ناتوندوتیژی مرۆڤکردە و دادەهێنرێ. توندوتیژی باسك و بازوو و ئاسن و بارودە، ناتوندوتیژی بیر و هۆش و رۆحە. توندوتیژی خۆپەرستی و مرۆڤکوژییە، ناتوندوتیژی خۆبەخشی و مرۆڤدۆستییە. توندوتیژی هەڵچوون و تۆڵەسەندنەوەیە، بەڵام ناتوندوتیژی بیرکردنەوە و لێبوردەییە.

لێرەوە، مرۆڤ لەبەرانبەر ئەو دەمارە توندوتیژخوازەی لە ناخیدایە و ئەو هەموو توندوتیژی و زەبروزەنگ و جەنگ و کاولکاریەی لێکەوتۆتەوە، رەگێکی مرۆڤدۆستی و سۆز و خۆشەویستی و ویژدان و ناتوندوتیژخوازیشی تێدایە کە دەکرێ ناوی بنێین (دەماری فریشتەیی) و لەژێر کاریگەریی ئەو هەستەیدا هەر بەو عەقڵەی تەکنیەکانی شەڕ و توندوتیژی برەو پێداوە، توانیویەتی ئاوڕ لە رابردووی بداتەوە و ئاسەوارەکانی کار و کردەوە خراپەکانی ببینێ و بەچاوی ویژدان و مرۆڤایەتی هەڵیبسەنگێنێ، لەئاست ئەو کارەساتانەدا کە لە توندوتیژی کەوتونەتەوە هەستی بە سەرکۆنەی ویژدان کردوە و بیری لەوە کردۆتەوە سنورێك بۆ ئەو رەوتە ناشایستەیە دابنێ و تەکنیکی نوێ بۆ هێز و ململانێ و فشار بدۆزێتەوە.

فەلسەفەی ناتوندوتیژی و سیما و تەکنیك و میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی زادەی ئەم هەستە ئینسانییە سروشتییەیە، کە پێدەچێ لەگەڵ دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤەکان لەسەر زەوی ئەو دوو هەستەیش (وەك سەرچاوەی شەڕ و خێر) لە ناخ و ژیانی مرۆڤایەتیدا دەستیان بە ململانێ کردبێ. ئەوەتا لە کتێبەکانی هەر سێ ئاینە تەوحیدیەکەدا باس لە چیرۆکی هەردوو کوڕەکەی ئادەم و حەوا (قابیل و هابیل) کراوە کە لەسەر بەرژەوەندیەك دەبێتە کێشەیان و سەرەنجام، وەك لە قورئاندا باس کراوە، قابیل (بەرەی شەڕ و توندوتیژی) هەڕەشەی کوشتن لە براکەی دەکا: هەر دەتکوژم. بەڵام هابیل (بەرەی خێر و ناتوندوتیژی) ئامادە نیە لەسەر ئەو بەرژەوەندییە بەهەمان زمانی توندوتیژی وەڵامی براکەی بداتەوە و هەوڵی کوشتنی بدا، بەڵکو پێی دەڵێ ئەگەر تۆ دەست بۆ من درێژ بکەیت تا بمکوژی، ئەوا من دەستی کوشتن بۆ تۆ درێژ ناکەم، من لە خوای جیهانییان دەترسم: (لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ)[31].

ئەم چیرۆکە دەلالەتێکی رەمزیی قووڵی هەیە و دەبوو موسڵمانان ئەم چیرۆکەیان بەس بوایە بۆ ئەوەی سەرقافڵە بن لە چەسپاندن و بەکەلتورکردنی فەلسەفەی ناتوندوتیژی، کەچی واقیعەکە تەواو پێچەوانەیە و زۆر کەمن ئەو بیرمەند و زانا موسڵمانانەی کاریان لەسەر ئەم چەمکە کردوە، لەوانە بیرمەندی ئیسلامیی سوری جەودەت سەعید، کە نموونەیەکی تا رادەیەکی زۆر تاکانەیە، کە تێزێکی تایبەتی خۆی بۆ بیرۆکەی ناتوندوتیژی لە ئیسلامدا، بەتایبەت لە قورئانی پیرۆزدا و زۆر بەوردی بەڵگەکانی دێنێتەوە و پێی وایە دەسەڵاتدارانی ستەمکاری لە مێژووی ئیسلامدا کاتێ نەیانتوانیوە لە قورئاندا سەرچاوە و شەرعیەت بۆ ملهوڕی و تاکڕەوی و زەبر و زەنگەکانیان بدۆزنەوە، پەنایان بۆ ئیختیلاقی حەدیس بردوە[32].

---

[31] المائدة/٢٨.

[32] جەودەت سەعید (١٩٣١–) ژمارەیەك کتێبی بەنرخی هەن کە بەدەوری بیرۆکەی ئازادی و ناتوندوتیژیدا دەسوڕێنەوە، یەکێکیان کتێبی (کن کابن ادم) واتە: وەك کوڕەکەی ئادەمبە–یە و تێیدا هەڵوێستی ناتوندتیژانەکەی هابیل بەرانبەر براکەی دەکاتە سەرچاوە و ئیلهامبەخش. کتێبەکانی بە زمان و شێوازێکی سادە نووسراون بەڵام خوێنەر هەست دەکا فەلسەفەیکی جوانیان لەپشتەوەیە.
لە کتێبەکانی: مذهب ابن ادم الاول او مشكلة العنف في العمل الاسلامي +حتى يغيروا ما بانفسهم + العمل قدرة و ارادة، اقرا و ربك الاكرم + رياح التغيير + فقدان التوازن الاجتماعي.
جەودەت سەعید ئەندامە لە بۆردی زانکۆی ناتوندوتیژی لە لوبنان کە چەند ساڵێکە دامەزراوە و بەندە شەش کتێبم لەبارەی ناتوندتیژی وەرگێڕا لە نووسینی فەیلەسوفانی ناتوندوتیژی جین شارپ و جان ماری مۆلەر بوو، کە پرۆژەی هاوبەشی زانکۆی ناتوندوتیژیی لوبنانی و دەزگای ئاراس بوو. پرۆژەیەك هەبوو بەندە بچم لەو زانکۆیە ماستەر بخوێنم بەڵام سەری نەگرت.

ئەگەرچی لۆژیکی زاڵ لە ململانێکانی مێژوودا توندوتیژی و جەنگ و شۆڕش و پەلاماری سەربازی بووە، بەڵام شانبەشانی ئەوە تەکنیکەکانی ناتوندوتیژیش ئیشیان پێکراوە ئەگەر لە مەودایەکی بەرتەسکیشدا بووبێ و جین شارپ کە بەیەکێك لە بیرمەندەکانی ناتوندوتیژیی ئەم سەردەمە دادەنرێ، بەنموونەوە ١٩٨ جۆر تەکنیکی سەرژمێر کردوە کە لە سەرەتای مێژووەوە تا ساڵی ١٩٧٣ لەنێو گەلانی دنیادا بەکارهاتوون، کە بەسەر چەند شێوازێکی سەرەکیدا پۆلبەندی کردوون لەوانە: ناڕەزایی و قایلکردن، دەستێوەردان، هاوکارینەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەرەنگاریکردنی ناتوندوتیژانە و پێی وایە ئەگەرچی مەرج نیە هەمووجار ئەو تەکنیکانە ئامانجیان پێکابێ، بەڵام هێزێکی بەدیلی مرۆڤانەی فشار بوون و زۆرجاریش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و لەگەڵیشیدا مەودای ململانێ و شەڕەکان، نەهامەتیەکانی توندوتیژی زیاتر دەرکەوتوون، ئەوەیش وایکردوە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ سنوردار و بنبڕکردنی کەلتور و تەکنیەکانی توندوتیژی چڕ بکرێنەوە. ئەو کەلتور و سیستمە دیموکراسیەی ئێستا لە بەشێکی زۆری دنیادا بەرقەرارە و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی لە میدیای ئازاد و گردبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆت و ئیمزاکۆکردنەوە و هیتر، ئەو دامەزراوە و رێکەوتنامە و جاڕنامە نێودەوڵەتیانەی بۆ رێکخستنی پەیوەندی و پاراستنی بەرژەوەندی و مافەکانی تاك و دەوڵەتان داهێنراون، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، خاچی سور، خۆراکی جیهانی، کۆمسیۆنی پەنابەران، هیومان رایتس وۆچ، ئەمنستی ئینتەرناسیونال، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، رێکەتنامەکانی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان و جیاوازیی رەگەزپەرستی و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ و... هتد هەموو ئەمانە زادەی ئەو هەستە و بەرهەمی فەلسەفەی مرۆڤدۆستانەی ناتوندوتیژین.

لەبارێکدا تائێستایش رۆژانە هەر لە نزیك خۆمان سەدان کەس دەکوژرێن، ناکرێ پێمان وابێ ناتوندوتیژی جێپێی خۆی لەم دنیایەدا قایم کردوە، تەنانەت لە خۆرئاوایش تائێستا ناتوندوتیژیەکەیان زیاتر لۆکاڵی و بۆ گەلانی خۆیانە و کاتێ دەکەونە جەنگ و ململانێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیان، بێنرخترین شت لەلایان مرۆڤە، بەڵام رێگە هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێدەکا، بۆیە ناکرێ بێئومێد بین و پێویستە بۆ برەودان بە کەلتوور و تەکنیکەکانی ناتوندوتیژی بەپەرۆش و پشوودرێژ بین.

وەك پێشتریش گوتمان ئەسڵ لە ژیاندا ئاشتییە و شەڕ دۆخی نائاساییە، شەڕ چەندە عاشقی زۆر بن، چەندە ناخۆشبەختانە ڕۆڵی خەللاقانەیشی لە پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژی و تەنانەت سیاسی و ئەخلاقیەکانیشدا هەبێ، چەندە درێژە بکێشێ، مەردم هەر چاوی لە کۆتاهاتن و گەڕانەوەیە بۆ دۆخی ئەسڵیی ژیان کە ئاشتییە. ڕەنگە ئەوەیش ڕاستیەکی واقیع بێ کە شەڕیش هەندێ جار لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتیدا دەکرێ با ئەو شەڕە خۆیشی توندوتیژیەکی نەویستراو و نەخوازراوی تێدا بەخەرج دەدرێ، کە قابیلی قبوڵ نیە، چونکە ناکرێ ئامانجی دروست بە ئامرازی نادروست بەدیبێ.

بەڵام بەدیوەکەیتردا ئاشتی چەندە درێژە بکێشێ کەس بە دۆخێکی نائاسایی نابینێ و ناڵێ پێویستە بگەڕێینەوە دۆخی ئەسڵی ژیان کە شەڕە، چونکە شەڕ ئەسڵ و ڕەسەن و نەمر نیە، بەڵکو سەرهەڵداو و ناچاری و درێو و کاتییە. ئاشتی ئامانجی نەمری مرۆڤایەتییە کە لە سایەدا مرۆڤ نرخی خۆی وەردەگرێ، لێرەوەیە ساڵانە دەیان هەزار کەس لە وڵاتانی نائارام و هەژار و نەداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیاوە سەرکێشی بە ژیانیان دەکەن و بەقاچاخ ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، چونکە لەوێ ئاشتی و سەقامگیری و لەوێیشەوە کار و ئازادی و ژیان و کەرامەت هەیە. ئەگەر لە ئەوروپا شەڕ و هەرا بوایە کەس لێرەوە پەنای بۆ نەدەبرد.

ئاشتی و ناتوندوتیژی دووانەی یەکن، هۆ و ئامانجی یەکترن، ئاشتی ناتوندوتیژی بەرهەم دێنێ و برەو پێدەدا، هاوکات عەقڵیەتی ناتوندوتیژیش ئاشتی بەرهەم دێنێ، ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و هێزە شەڕخواز و مرۆڤکوژەکان بەرهەمی کەلتوری توندوتیژین، لەبەرئەوە ئەو ئاشتیەی لە سایەی ئەو ڕژێم و هێزانەدا بەرقەرارە ئاشتیەکی ساختە و ڕووکەشە، چونکە لەپشت دیوە ڕواڵەتیەکەی ژیانی ژێر ئەو سیستمانەوە توندوتیژیەکی بێئەندازە حاکمە و ناتوندوتیژیەکی بەسەر ڕواڵەتی ژیاندا سەپاندوە، چونکە ئەو ڕژێمانە باوەڕیان بە کەرامەتی مرۆڤ نیە وەك مرۆڤ کە دەبێ سەنتەر و ئامانجی هەموو سیستمێك بێ، وەك ئەوەی لە سایەی ڕژێمەکانی وەك کۆریای باکور و تاڵیبان و ئێران و بەعسی جاراندا هەبوو.

ئاشتیی ڕاستەقینە پێویستی بەوەیە کەلتورێکی ناتوندوتیژ لەپشتیەوە ئامادە بێ، کە بەدەر لە حاڵەتەکانی بەرگری لەخۆکردن و سەپاندنی یاسا بەمەبەستی پاراستنی سەرو سامانی خەڵك لە خراپەکاران، پەنا بۆ توندوتیژی نەبا.

لە سایەی ئەو کەلتوورەدا کە حاڵی حازر لەم ناوچەیەی ئێمەدا زاڵە، کە توندوتیژی بە ڕەگوڕیشەی تاك بەتاکماندا چووەتە خوارێ، لە ئاین و فیکر و سیاسەت و ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆرماندا ڕەنگی داوەتەوە، بەدڵنیاییەوە هێزگەلێکیش لە دەرەوەی سنوورەوە لەبەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانیان و بەکۆیلە و پاشکۆکردنی گەلانی ئەم ناوچەیە و سەرقاڵکردن و بڕست لێبڕینیان بەدەست شەڕ و کوشتاری عەبەسی و درێژخایەنەوە، بەنزین بەو ئاگرەی ناخماندا دەکرێ، وەسەرپێخستنی کەلتووری ناتوندوتیژی کارێکی دژوارە و ڕەنگە هێشتا زوو بێ ئومێدمان بەوە هەبێ دەتوانین ببێنە کۆمەڵگەیەکی ناتوندوتیژ و خاوەن سیستمێکی سیاسیی مرۆڤدۆست و ناتوندوتیژ، چونکە هەموو پرۆژە و دەرفەتەکانمان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە نیوەڕێدا بەنیوەچڵی لەبار دەچن و دەچینەوە سەر خاڵی سفر و چوونەوە نێو سەرەتای توونێکیتری ئاگربان و توندوتیژی.

لە کوردستان پاش قۆناغی شەڕی ناوخۆ ماوەیەکی زەمەنیی باشمان لە ئاشتیدا بەسەر برد و لەو ماوەیەدا سەرباری گشت کۆسپ و لەمپەرەکان، هەنگاوی باش بۆ جێگیرکردنی کەلتووری ناتوندوتیژی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان نرا و بناغەیەکی باش دانرا و سەرجەم هێز و ڕەوتەکان بەدینی و غەیرەدینیەوە لەگەڵ ئەو کەلتوورە دەست و پەنجەیان نەرم کرد و دۆخەکەیان قبوڵ کرد، بەڵام لەپڕ داعش هات و ئەو دۆخەی بەتەواوی قڵپ کردەوە و هەوڵەکانی چەندین قۆناغ بردە دواوە. وەك گوتم نەفەسە حزبییە دەسەڵاتپەرستەکەی حزبە سیاسییەکانیش بۆمبێکیتری تەوقیتکراوە لە جەستەی کۆمەڵایەتیماندا.

ئەگەر پێش داعش خەریك بوو هەڵگرتنی چەك و باسی چەك و شەڕ و شۆڕ ببێتە عەیبە و نیشانەی نزمیی ئاستی هۆشیاریی مرۆڤ، مرۆڤ نرخی پەیدا دەکرد، پاش داعش بەپێچەوانەوە وێنەگرتن بەچەکەوە لە بەرەکانی جەنگ و بەرهەمهێنانی کلیپ لەسەر پێشمەرگە و شەڕ و بەرخۆدانەکانی بوو بە شانازیەك کە خەنی پێوە ببینرێ. چار چییە؟! خۆ لە دۆخێکی وادا ناکرێ گوللە بە گوڵ وەڵام بدرێتەوە.

شەڕی داعش مەترسیەکەی هەر بەتەنیا سەپاندنی ئەو شەڕە نەگریسە و بەپشتاخستنی هەوڵەکانی چەسپاندنی کەلتووری ناتوندوتیژی نەبوو، بەڵکو کاریگەریەکەی زۆر لەوە قووڵتر بوو، لانیکەم لەسەر دوو ئاست:

**یەکەم**: ئەو شەڕە جارێکیتر کەشوهەوای شەڕ و شۆڕی لە کوردستان زاڵ کردەوە و لەبری نەوەیەکی ئارام و ناتوندوتیژ، بەناچاری نەوەیەکی جەنگاوەری بۆ بەرهەم هێنایەوە، کە بیست سی ساڵیتری دەوێ تا هەست و هۆشی لەگەڵ دۆخی ئاشتی و ناتوندوتیژی و پێکەوەژیانی جیاوازیەکان رابهێنرێتەوە.

**دووەم**: ئەو شەڕە هەردوو هێزە خاوەن پێشمەرگەکەی کوردستان (واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی کردە دوو هێزی سەربازیی زەبەلاح کە هەریەکەیان لەڕێی ئەو یارمەتییە سەربازیانەی لە عێراق و وڵاتانیتری وەك ئەمەریکا و ئەوروپاوە بۆ شەڕی داعش دەستیان کەوت، یان خۆیان کڕییان، هێندەی هەندێ دەوڵەت چەك و جبەخانەی پێشکەوتووی سەربازییان هەیە.

ئەم بەهێزبوونە سەربازیەی یەکێتی و پارتی کە لە نەوەدەکاندا شەڕێکی چەند ساڵەی خوێناوی لەنێوانیاندا هەبوو و تائێستایش ئاسەواری ماوە و بەهۆیەوە پاش دە ساڵ لە حکومەتێکی یەکگرتوو، نەیانتوانیوە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش یەك بخەنەوە، لە بارێکدا هێشتا نەیانتوانیوە ئاسەوارەکانی ئەو قۆناغە تێبپەڕێنن، مەترسی ئەوەی لێدەکرێ لە هەر گرژبوونێکی پەیوەندیەکانی نێوانیاندا ئەو چەکە قورسانە ببنە مەترسیی گەورە بۆ سەر کوردستان، بەتایبەت کە هێزە سەربازیەکانیشیان لەو شەڕەدا نوێ و چالاك بوونەتەوە[٣٣].

بەڵام نابێ هیچکام لەم دۆخانە، کە ئەوە ژیانە و ئەگەری روودانیان بەدوور نازانرێ، ببنە مایەی بێئومێدبوون و ساردبوونەوە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کەلتووری ناتوندوتیژی لە کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەیش پێویستە هەموو هێز و سەرمایە رۆحی و مادیەکانمان تەوزیف بکەین، لەوانە هێزی گەورەی ئاین، کە بەداخەوە لەم یەك دوو دەیەی رابردوو، زەقتریش پاش روخانی رژێمی سەدام لە عێراق و سەرهەڵدانی راپەڕین دژی رژێمی بەشار ئەسەد لە ٢٠١١ خەریکە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی توندوتیژیی سەردەم.

[٣٣] لە مانگی ئابی ٢٠١٥ لەسەر پرسی درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم دۆخەکە زۆر گرژ بوو بەشێوەیەك بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی مەترسی خۆی پیشاندا کە ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێ مەترسی لەتبوونەوەی هەرێم و سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ بەدوور نازانرێ.

## ئاین و ناتوندوتیژی

ئاینەکان بە ئیلاهی و بەشەرییانەوە بانگەشە بۆ بەها جوانە مرۆڤدۆستانەکان دەکەن، بەڵام لە تەرجەمەی واقیعیدا ئەوانیش هەمان رەنگ و بۆی مرۆڤیان وەرگرتوە، کە توندوتیژی سیمای زاڵی سروشت و مێژووەکەیەتی، بگرە زۆرجار ئاین خۆی گۆڕاوە بۆ داینەمۆ و ئامرازی گەرمکردنی بازاڕ و کورەی توندوتیژی. واتە ئەوەی دەبوو دەرمان بێ گۆڕاوە بۆ دەرد و بەڵا، رێك وەك چۆن هەندێ جار بەرنامەی ئەنتی ڤایرۆس لە کۆمپیوتەردا خۆی دەبێتە ڤایرۆس.

پێشتر هەندێ لەسەر پەیوەندی ئاینی ئیسلام و توندوتیژی وەستاین و لێرەدا بەپێویستی نابینین زیاتر لەسەری بچین، بەڵام بەگشتی ئەز وای بۆ دەچم ئاین قسەی یەکلاکەرەوەی لە جەدەلیەتی توندوتیژی/ناتوندوتیژیدا نەکردوە، بەڵکو رێك وەك سروشتە جێمشتومڕەکەی مرۆڤ —کە ئاخۆ بەفیترەت خێرخوازە یان شەڕخواز— ئەویش کایەیەکی بەهەردوو ئاراستەکە داوە و هیچیانی بە واجب یان حەرام دانەناوە، بەڵکو دەقی بۆ پاڵپشتیی هەردووکیان هەیە و سەرکەوتنی هەریەکەیانی بە عەفەویەتی سروشتی مرۆڤ و رەوتی مێژوو سپاردوە. جا لە بارێکیشدا پەنابردن بۆ توندوتیژی یەکەم بژارەیە کە مرۆڤ بەعەفەویی خۆی لە یەکەم کاردانەوەیدا بۆ زەبرێك کە پێی دەکەوێ پەنای بۆ دەبا، ئەوا دەنگی توندوتیژی دلێرتر و نەڕەی نێرتر بووە. (کاتێ کەسێك بەزانین بێ یان بە نەزانین پێ بە پێماندا دەنێ زۆرئاسانە لامان دەستبەجێ پێی بلێین "قاچت بشکێ"، بەڵام پەروەردە و دانبەخۆداگرتنێکی زۆری دەوێ تا بتوانین کاردانەوەمان ناتوندوتیژانە بێ و ببەخشین).

ئەم عەفەویەت و یەکەمبوونەی کاردانەوەی توندوتیژانە نهێنیی پشت ئەو بەربڵاوی و باڵادەستیەیەتی لە مێژوودا، بەشێوەیەك ئاینیشی —بەو هەموو بانگەشە مرۆڤدۆستانەوە— لەگەڵ خۆی راماڵیوە. سەرەنجام مرۆڤ سروشتی خۆی بەسەر هەموو شتەکاندا دەسەپێنێ. ئەو دەتوانێ لە شیرین تاڵ و لە تاڵ شیرین ساز بکا. بڕوانە حەزرەتی مەسیح دەفەرموێ "ئەگەر زللەیەکیان لە لای راستت دا لای چەپیشتی بۆ حازر بکە"، هەروەها دەڵێ "دوژمنەکانتان خۆش بوێ و پیرۆزبایی لەوانە بکەن کە نەفرەتتان لێدەکەن"، کەچی مێژووی ئەو ئاینە یەکێك لە خوێناویترین مێژووەکانە، نەك تەنیا لەنێوان ئەو ئاینە و نەیارەکانیدا، بگرە لەنێوان ئاینزاکانی هەمان ئاینیشدا. خۆشبەختانە خۆرئاواییەکان توانیویانە ئەزموون لەو رووداوە تاڵانەی مێژووی دوور و نزیکیان وەربگرن و

سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەست پێبکەن کە هەموو شتەکان لە خزمەتی ناتوندوتیژیدا بن لانیکەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەم جارەیان ئاینەکەیش هاورێك لەگەڵ پەیامەکەی حەزرەتی مەسیح و بەپێچەوانەی ئەزموونە مێژووییە توندوتیژەکە، لە خزمەت ئەم رەوتە نوێیەدا تەوزیف دەکرێتەوە. ئێستا مەسیحیەت و رەمزە مەسیحیەکان بوونەتە هێمای ئاشتی و پێکەوەژیان نەك شەڕ و شۆڕ.

ئەم گۆڕانەی بەسەر رۆڵی ئاین لە ئەورووپا هاتووە پێمان دەڵێ، ئەگەرچی ئاین خۆیشی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی کەلتور و دنیابینیی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان، بەڵام پانتاییەکی فراوانی بیرکردنەوە و ژیانیش هێز و هەلومەرج و پێداویستیەکانی دەرەوەی ئاین دایدەرێژن و سەرەنجامی ئەو پرۆسەیەیش جارێکیتر کاریگەری لە شێوەی تێڕوانین و تێگەیشتنمان لە ئاین دەبێ، واتە عەقڵێکی کراوە و مرۆڤدۆست دەتوانێ ئاینەکەیشی –بەچاوپۆشین لە سروشتی دەقەکان و مێژووی ئەو ئاینەیش– بکاتە ئاینێکی مرۆڤدۆست و ئەنجا هێزە مەعنەویەکەی ئاینیش بخاتە خزمەتی ئەو عەقڵ و هەستە مرۆڤدۆستانەوە، بەپێچەوانەوە عەقڵ و هەستێکی داخراو و عاشق بەشەڕ دەتوانێ ئاینەکەی –ئەگەر دەقی زۆر مرۆڤدۆستانەیشی تێدا بن– لە هەر رۆحیەتێکی مرۆڤدۆستانە خاڵی بکاتەوە و بیکاتە هێزێکی بەهەرمهێنی توندوتیژی و کاولکاری.

شوێنکەوتوانی هەندێ لە ئاینەکان، لەوانە ئاینی مەسیحی، دوای ئەزمونی تەڵخی دەسەڵاتداریی پیاوانی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا و تراژیدیای دادگاکانی پشکنین، بەم ئاقارەدا کاریان کردوە، بەشێوەیەك ئیتر ئەو ئاینە خەریکە لە مێژووە تەڵخەکەی دادەبڕێ و لە زەینی گشتیدا وەك پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی وێنا دەکرێ و پاپای کاسۆلیکەکانی دنیا لە قودداسەکانیدا نزا بۆ ئاشتیی جیهانی دەکا.

بەڵام موسڵمانان تائێستا دیلی تین و تاوی نمونە مێژووییەکانی فتوحات و شەڕە شیر و جەدەلیەتی دارولحەرب و دارولسلم و زاڵبوون لەڕێی زەبر و زەنگەوەن، بەشێوەیەك گەنجێکی ١٧–١٨ ساڵ وای لێبێ عاشقی شەڕ و خۆتەقاندنەوە و مرۆڤکوشتن بێ، ئەوەیش تەنیا لەسەر ئاستی شەڕی دەرەکی نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی ململانێی هێز و گرووپە سیاسی و مەزەبیەکانیش لەوپەڕی هێز و دڵڕەقیدایە (سەیری تەقینەوە خۆکوژیەکان و شەڕی بێئامانی شیعە و سوننە بکە).

بەڵام لەبارێکدا ناتوندوتیژی لەڕێی پەروەردەیەکی پشوودرێژەوە بەرهەم دێ، هەرگیز ناتوانین هێزی پەروەردەی ئاین لەو پرۆسەیەدا نادیدە بگرین، بەتایبەت لە بارێکدا ئەو توندوتیژیەی ئەمڕۆ بەرۆکی

ئەم ناوچەیەی ئێمەی بەپلەی یەکەم گرتووە توندوتیژیەکە فیکر و ئایدیۆلۆژیایەکی دینی لەپشتەوە و ئەوانەی بێڕەحمانە خۆیان و خەڵك دەکوژن ئەوە بەناوی جێبەجێکردنی ویست و فەرمانی خوا و پاراستنی سنوورەکانی خوا و بەرگریکردن لە مەملەکەت و دەسەڵاتی خوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و بەهەشتی نەبڕاوی خوا دەکەن، چونکە ئەگەر نەتوانین ئاینەکە بکەینە بزوێنەر و دایەنی ئەو هەستە ناتوندوتیژانەیە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێتە دایەنی فەلسەفەی توندوتیژی، بۆیە دەبێ وابکەین لانیکەم خزمەت بە توندوتیژیەکە نەکا.

با وا نەزانرێ لەبەردەم توغیانی عەقڵیەتی توندوتیژیی ئاینیدا کە بەرهەمی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە، ناتوانرێ و مەحاڵە جێپێیەکی بەهێز لەنێو دەقە تەئسیسیەکان بۆ ناتوندوتیژی بدۆزرێتەوە، بەپێچەوانەوە وەك پێشتریش باسمان کرد، دەیان دەق لە قورئاندا هەن ڕێك دەڵێیت بۆ ئەوە دانراون ئەمڕۆ بەلۆکی دەربهێنرێن و بۆ گەڵاڵەکردنی عەقڵیەتێکی ئاینیی ئاشتیخوازانە و ناتوندوتیژ و مرۆڤدۆست و لێبوردە و کراوە تەوزیف بکرێن، کە ڕەنگە ئایەتەکانی (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ..)[٣٤] (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ..)[٣٥] (وَقُلِ الْحَقُّ من رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ)[٣٦] (وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ. إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ..)[٣٧].
ئەم دەقانە و دەیانیتری لەو شێوەیە کە هەڵگری ئەو مانا و بەهایانەی سەرەوەن، لەلایەن عەقڵی باڵادەستی ئاینییەوە سڕ کراون لەبەرئەوەی لەگەڵ سروشتی عەقڵیەتە مێژووییەکەدا تێك گیراون کە لۆژیکی هێز نەك هێزی لۆژیك بەسەریدا زاڵ بووە و لە دنیای شەڕ و شۆڕ و فتوحات و هێرش و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانیدا ژیاوە و بەو هەناسە جەنگاوەرانەیش مامەڵەی لەگەڵ دەقەکان کردوە، هەربۆیە بەناوی ئەوەی گوایە ئایەتی شمشێر (آية السيف)[٣٨]، کە تەنانەت ناکۆکی لەسەر ئەوەیش هەیە ئایەتی شمشێر چ ئایەتێکە، ئەو ئایەتە نەرمانەیان نەسخ کردۆتەوە کە ژمارەیان بەپێی لێکدانەوە جیاوازەکان گەیشتۆتە ١٢٠ تا ١٤٠ و ڕەنگە زیاتریش، بەو کارەیش حوکم و کاریگەریی دەیان دەقی گرنگی لەم شێوەیەیان سڕ کردوە یاخود بەلاڕێدا بردوە.
بەڵام ئەم بۆچوونە ملهوڕانەی عەقڵی مێژوویی هیچ بایەخێکی نیە، چونکە لە باشترین حاڵەتیدا تەنیا لێکدانەوەیەکە لەو دەیان و سەدان لێکدانەوە و تێگەیشتن و خوێندنەوە جیاوازانەی بەدرێژایی مێژوو

---

[٣٤] {البقرة/٢٥٦}. واتە: زۆرلێکردن لە ئایندا نیە.

[٣٥] {التغابن/٢} واتە: ئەو خەلقی کردون جا هەندێکتان بێباوەڕن و هەندێکتان باوەڕدار.

[٣٦] {الكهف/٢٩} واتە: بڵێ ڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە، جا کێ ویستی باوەڕ بێنێ با باوەڕ بێنێ و کێیش ویستی باوەڕ نەهێنێ با باوەڕ نەهێنێ.

[٣٧] هود/١١٩–١٢٠، واتە: ئەگەر خوا بیویستایە خەڵکی هەموو دەکرد بە یەك ئوممەت، بەلام ئەوان هێشتا جیاوازن، مەگەر ئەوەی خوا ڕەحمی پێ بکا، هەر بۆ ئەوەیش دروستی کردوون.

[٣٨] وا بەناوبانگە ئایەتی ئەلسەیف ئەم ئایەتەیە: (فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) التوبة ٥.

بۆ دەقەکان کراون و دەیان ڕەوت و ڕێباز و ئیجتیهادی جیاوازیان لێ کەوتۆتەوە، کە هیچیان بەڵگەکانی ئەوانیتریان بەلاوە شەرعی و پەسەند نیە. ئیتر ئەو شەڕێکە و دەبێ هەر لایەك بە تێزەکەی خۆی بیکا و سەرکەوتن و ژێرکەوتنیش بۆ هەر لایەك ڕێژەییە و هەلومەرجی خودی و بابەتی و سروشتی قۆناغی مێژوویی و ڕۆحی هەر سەردەمێك ڕۆڵی دەبێ لە سەرخستن یان ژێرخستنی تێز و ڕەوتێکدا.

ئەگەر بارودۆخە مێژووییەکە زەمینەیەکی بەپیت و لەبار و پاڵپشت بووە بۆ زاڵبوونی کەلتوورێکی توندوتیژی ئاینی کە تا ئەمڕۆیش ڕووبەرێکی گەورەی لە هزر و هەستی ئاینی داگیرکردوە و خۆی وەك وێنەی بەڵگەنەویست و شەرعیی ئاینەکە نمایش دەکا، ئەوا هەلومەجی ئەم قۆناغە مێژووییە ئیتر تەواو لەو قۆناغە دێرینانە جیاوازە، قۆناغ قۆناغی ئاشتیی جیهانی و ئیقلیمی، لێبوردەیی و پێکەوەژیان، ئازادی و دیموکراسی، خەبات و ململانێی مەدەنی و ناتوندوتیژانەیە، ئەو گەلانەی تا دوێنێیش لە شەڕ و خوێن و زەبر و زەنگ گەوزابوون وا هەموو پشت لەو ڕابردووەیان دەکەن و دێنە نێو جیهانی نوێ، بەو بەهایانەوە باس کران، ئیدی هیچ مانای نیە عەقڵی موسڵمان هەر دیلی وێنە و تێز و ئەزموونە مێژووییەکەی هەزار و ئەوەندە ساڵ لەمەوپێش بێ و لەباتیی ئەزموون وەرگرتن لە دیمەنە تەڵخ و تاڵ و جەرگبڕەکانی کە بەر لە هەر شت بەهاکانی ئاینەکەیان تێدا ژێرپێ خراوە، هێشتا خەمی گەورەی بەرجەستەکردنەوەی کەلتوور و کەلەپووری ئەو مێژووە لە توندوتیژی بێ و بەرنامە بۆ زیندووکردنەوەی ئەزموونەکە بە وردەکاریەکانیەوە لە سەردەمی نوێدا بدا. زۆر سەیرە کە پاش نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ لە ڕووداوی کەربەلا و شەهیدکردنی ئیمامی حوسێن لەلایەن دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەو کاتەوە، هێشتا موسڵمانی سوننە و شیعە لەسەر ئەو ڕووداوە یەکتر دەکوژن. لەوەیش ترسناکتر ئەوەیە خەڵکەکە تا دینداریەکی عەفەوی و نامونەزەم و ئاراستەنەکراو لەلایەن هێزە سیاسییە دینیەکانەوە بکەن زیاتر لەگەڵ سەردەمی نوێ تێکەڵ دەبن و کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو یادەوەرییە تاڵە مێژووییانە، هەربۆیە دەبینی شیعە و سوننە پێکەوە لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا پێکەوە دەژین و ژن و ژنخوازی دەکەن، بەڵام کاتێ ئەو هێزانە بەناوی بێداربوونەوەی ئیسلامیەوە ئەو خەڵکە لەسەر تێزە حەرەکیەکانیان پەروەردە و ئاراستە دەکەن و گوایە ئیسلامەتییان فێر دەکەن و لە ئاینەکەیان شارەزایان دەکەن، وێنەی کۆی ئەو دیمەنە تاڵە مێژووییانەیان لەلا زیندوو دەکەنەوە و برینەکان دەکولێننەوە و هەستیان بەشێوەیەك جۆش دەدەن وەك ئەوەی دوێنێ و پێرێ شەڕی کەربەلا ڕووی دابێ. هەربۆیە ئیتر جەماوەرەکە لە جەماوەرێکی موسڵمانی سادەی مەدەنی و بێوەیەوە دەگۆڕێ بۆ حەشاماتێکی بارگاویکراو و قانگدراو بە ڕق و کینە و هەستی تۆڵەکردنەوە لەو هێزەی لە مێژوودا ڕکابەر و دوژمنی ڕابەرانی مەزەبەکەی بوون.

ئیتر کاتی ئەوەیە عەقڵی ئاینی ئەو مێژووە سوورە تێبپەڕێنێ و پێ بنێتە ناو مێژوویەکی سپی، کە لەباتیی رق و زەبر و زەنگ و تاکڕەوی، خۆشەویستی و لێبوردەیی و ناتوندوتیژی و فرەیی بەسەریدا زاڵ بێ.